chalakmuhamad@gmail.com

# مامۆستای کورد



ژماره ۲۷ پاییزی ۱۹۹۵

chalakmuhamad@gmail.com

# ماموٚستای کورد

ژماره: ٢٧، پاییزی ١٩٩٥

سەرنووسەر: فەرهاد شاکەلی

Address :ناونیشان
Mamosta-y Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna, Sweden

ژمارەی حیسابی پۆست
Postgironummer/Postal Giro Number:
43 55 59 - 0

ئەم ژمارەیە هی پاییزی ١٩٩٥ە بەڵام لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٦دا چاپکراوە.

CHAIAK M
00 46 - 704 045 250

تابلۆی سەر بەرگی یەکەم: تریفە ئەنوەر
وێنەی سەر بەرگی دووەم: جەنەڕاڵ شەریف پاشا

chalakmuhamad@gmail.com

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| لە یادی دە ساڵەی مامۆستای کورددا | ٣ |
| دە ساڵ لە ژیانی جەنەڕاڵ شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم... ڕۆهات ئالاکۆم | ٨ |
| ئیسلامییەکان و کێشەی کورد... بەشی دووەم... شێخ عومەر غەریب | ٢١ |
| پێنج شیعر... ئارتور لوندکڤیست... و. ڕزگار عەبدوڵڵا | ٣١ |
| بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکی... بەشی یەکەم | ٣٦ |
| گەشتێک بەناو هەردوو چاپەکەی دیوانی سەلامدا... د. مارف خەزنەدار | ٥٨ |
| بیرانینێن خاتوونەکێ... چیرۆک... حەسەنێ مەتێ | ٦٥ |
| داستانی سەیفولملووک و بەدیعولجەمالی سیاهپۆش... ئەنوەری سوڵتانی | ٦٩ |
| دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی | ٧٧ |
| شیعرێک لە زیندانەوە... دەستنووسی شیعرێکی ئینجە ئاغای گلاڵی | ٧٨ |
| ناو ... شیعر... دڵسۆز حەمە | ٨١ |
| هونەرمەندی نیگارکێش... تریفە ئەنوەر | ٨٢ |
| کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان | ٨٤ |

chalakmuhamad@gmail.com

# له یادی ٥٥ ساڵەی مامۆستای کورددا

## له پەرستگەی مامۆستای کورددا

وەکوو قوتابییەکی بەختەوەری هەستیار یاخود دەروێشێکی حەقسەلاندووی شێخی رابەر، دەستەونەزەر ... بێ مەرایی ... دوور له تەما ... کڕنوو دەبەم بۆ مامۆستای تەمەن دە ساڵ و عەرزی خزمەتی دەکەم کە من حەفتاوشەش ساڵە گوێدێری پەندە نەدرکاوەکانتم و گەنجینە داخراوەکانتم کە بە ڕێوە بوون بگەنە ڕۆژانی ئاخەلێوەی ژیانم و لێم ببنەوە بەو ئامۆژگارییەی قوتابیی سەرەتاییی تەمەنی دە ساڵە بە دەرس لە مامۆستای تەجرەبەدیدەی حەفتا ساڵی وەردەگرێتەوە کە تازە بە تازەیێ ساڵی نۆیەمی عومری بێکۆتاییی خۆی جێ دەهێڵێت، ئیتر هەروا لە دەروونمدا مامۆستا و قوتابی تێکەڵ بە یەکتر دەبنەوە و وەک گۆران لەگەڵ خۆمدا دەڵێم:

نازانم کامتان کامن
کامتان نەوتی چرامن

من تۆم، تۆ منیت ... چۆنێک دەبین با ببین، ئەوەندەم بەسە لە سێبەرتدا بسێمەوە ... بە سەرچاوەی ڕوونت دەزنوێژێکی کوردانە بشۆم ... نەخێر بە جلکەوە خۆم لە کانیاوت هەڵێنم وەک تازەساوایەکی بێ چڵک و گەرد بێمەوە بەر تیشکی خۆرەتاوی کوردستانت، خۆ من لە (نالی)یەوە فێرم لەگەڵ ڕۆحی خۆمدا سکاڵا بکەم:

بەو ئاوە خۆت بشۆ لە کودووراتی سەرزەمین
شاد بن بە وەصلی یەکدی کە تۆی طاهیر ئەو طەهوور

دەزانم تێککردنەوەی سەرچنار و مامۆستای کورد قیلەشەرعی دەوێ، وێڕای نەختێک خۆخڵافاندن و چاونووقاندن و پشت بەستن بە کەمەربەندی وشەی بریقەدار، بەڵام بێگومان شەعبەدەبازییش بە خۆی و جادووگەرییەوەی نەک هەر ڕەوایە بگرە بەولای پیرۆزیشەوە تێ هەڵدەکشێت کە دەستەو دامانی نرخی باڵای شەرافەتمەندیی حەپەسانی گۆران و (شرابا طهورا)ی[1] سەرچناری نالی و مزگەوتە ماڵی مامۆستای کورد ببێت و وەنەوزێکی سەرخەوشکێنی دەمەوبەیانی بە خۆی ڕەوا ببینێت، بۆ چرکەیەکی سەعاتیش بێ، مەینەتی ئیقلیمگیری کورد و کوردستان بە دەست ڕۆڵەی کورد و کوردستانەوە فەرامۆش بکات کە فەرامۆشی بۆ نییە مەگەر بە شێت بوون یا بە مەرگ. خۆزایی نەبوو حاجی قادر فەرموویەتی:

هەتا وەک ئاگری ژێرکان لەگەڵ یەک
ئەگەر تووفانە لەشکرتان بە پووشەک
لەبەر حیزا بە خۆیی و ناتەبایی
لە ژێری حیزی حیزان بوونە دۆشەک

میراتگری سەردەمی نەخوێندوویی و بێ فەلسەفەیی و ئایدیۆلۆژیی ڕامیاری و ئابووری لەسەر میرات قەپوقیریان دەبوو، ڕەنگە ڕێکیش کەوتبانایە؛ وا لە دەرەبەیانی سەدەی بیستویەکەم و بە سەقافەتی قەومایەتی و چینایەتی و دینایەتییەوە ڕۆڵەی کورد خۆی کرد بە میراتگری کفن و بەردە قەبری گەل و کوردستانەکەی، ئنجا ئەگەر بەرهەڵستێک دەستی گرتن لە دابەشینی پارچەی کفن و کەرتی بەردەقەبر چ گلەیی لە عەزمی جەزمی ئەوان ناکرێت، ماڵم حەقە هەرگیز هێندە شێتگیر نەبوون لە ئاست هیچ دوژمنێکدا، ئاخر بێگانە نابێ بێئوسوولیی لەگەڵدا بکرێت ...... چاو و ڕووی قایمی دەوێت !! وا دڵم بۆ ئەو کەمتاکورتەی دڵسۆزی هۆشیار لێ دەدات لە پێشمەرگەی، عەرەب گوتەنی (صحیح النسب)ی نیشتمانپەروەری و خۆ بە کورد زانین کە تەقەی ناچاری دەکەن ئاگر لە جەرگیان بەردەبێت ... دەست بۆ پاتاڵ نابەن ... بە خۆدا دەشکێنەوە ...

هانام بۆ هێنایت مامۆستای کورد، تافگەی شەرافەتی کوردایەتی! ڕۆحانییەتت فریای هەموو کوردی دڵسووتاو بکەوێت و ئاواتیان بگەیەنێتە دی، خۆ تۆ هێندەی مەرقەدی هەر چاک و پیر و قوتب و لەوانیش مەزنتر، کە ڕاست یا هەڵە، ئاواتان دەگەیەننە جێ، پاکیت و پیرۆزیت و ئاسمانیت ... ئاه و نزای گەلەکوردی یەخسیری ٢٥٠٠ ساڵەیی لە پەردەی بیسەری هەڵسووڕێنی ئەم جیهانە

chalakmuhamad@gmail.com

بلەرێنیتەوە تا ئەگەر فرشتەت چنگ نەکەوت، ئیزنە لە هەموو کوردەوە، بە بەچکەئەهریمەنێکدا پەیام بنێرە بە ئیمزای ٣٠ ملیۆن کوردەوە ... بەڵکوو ... خواوراستان ... فرمێسکی خوێنینی هەتیمەکوردی بێ زاد و نوا ... دەربەدەری تازە وێرانگەکانی بابان و سۆران و بادینان بە سفارش لە غەیبەوە بەستەڵەکی دڵە ڕەقهەڵاتووەکەی چەکداری کوردی کوردکوژ نەختێک ... هەروا بویی تۆسکاڵێک خاو بکاتەوە، لە جیاتی دە قاتڵی تاوانبار پێنج بێتاوان بکوژێت ... ئەمە دەڵێم و دەڵێمەوە، دەشزانم چەند ئەستەمە بادانەوە بۆ شەقامی ڕاست !!

مەسعوود محەمەد

بەغدا: ٢٠-١٠-١٩٩٥

(١) نالی وشەی (طاهر)ی بە واتای (پاک) بۆ (بادی خۆشـەروور) داناوە. (طهور)یش کە (پاککەرەوە)یە و هێماشە بۆ ئاوی بەهەشت بە سەرچناری بەخشیوە.

## وەڵام بۆ مامۆستای کورد

ئەگەر باسی گۆڤاری مامۆستای کورد بکەم دەبێ باسی شێوە و ناوەڕۆکی گۆڤارەکە پێکەوە پەیوەست بکەم.

شێوەی گۆڤارەکە لە قەبارەیەکی جواندایە و بەرگێکی سەرنجڕاکێشی هەیە و بابەتی سەر بەرگەکان کوردەوارین ... یا تابلۆی هونەرمەندێکی کوردن یاخود دیمەنێکی کوردستان یا وێنەی کەسێکی پایەبەرز و ناسراوی نەتەوەکەمانن، یاخود دیمەنێکی دڵتەزێنی مێژووی گەلەکەمانە. جگە لەوەش چاپی گۆڤارەکە چاپێکی زۆر جوانە و دەتوانم بڵێم لە هیچ ژمارەیەکیدا هەڵەی چاپ ڕووی نەداوە و ڕوویشی دابێ زۆر زۆر بە دەگمەن ڕووی داوە ... ئەمە لە کاتێکدا زۆربەی چاپەمەنییەکانی لای خۆمان لە بارەی هەڵەی چاپەوە ماش و برنجن.



لە بارەی ناوەڕۆکیشەوە مامۆستای کورد توانیویەتی قەڵەمی نووسەرانی (کوردستانەکان) کۆ بکاتەوە و چەندین نووسەر و هونەرمەندی بەشێکی کوردستان بە بەشەکانی دی بناسێنێ و پەیوەندییەکی ڕێکوپێک لەگەڵ خوێنەرانی هەموو بەشەکانی کوردستاندا ساز بکات.

گۆڤاری مامۆستای کورد لە ڕەوتی تەمەنیدا سەکۆیەکی ئازاد بووە و سەکۆیەکی ئازادە بۆ دەربڕین و خستنەڕووی بیرورای جیاواز و پەردەهەڵماڵین لەسەر گەلێ بارودۆخی دژوار و نالەبار و نابەجێ. خۆزگە چاپەمەنییەکیش لەلای خۆمان وەکوو سەکۆیەکی ئازاد دەهاتە کایەوە.



مامۆستای کورد پێڕەوێکی کوردانەی هەیە و وەکوو هەندێ لە چاپەمەنییەکانی هەندەران (کە گوایە کوردین) دوای بەند و باوی ئەورووپایی نەکەوتووە و لاسایی بابەتە سواو و بێگیان و شێواوەکانی هەندێ لە ڕێبازە وێژەیی و هونەرییەکانی وڵاتانی ئەورووپا ناکاتەوە و سوپاس بۆ خوا تووشی ئەو نەخۆشییە نەبووە کە زۆربەی چاپەمەنییەکانی لای خۆمان و هەندێ لە چاپەمەنییە کوردییەکانی هەندەران تووشی بوون. من بە دڵنیاییەوە دەیڵێم گۆڤاری مامۆستای کورد دەنگی ڕاستەقینەی نەتەوەی کوردە لە هەندەران.

لە کۆتاییدا قسە زۆر ماوە بیکەم، بەڵام کورد گوتەنی: قسە هەزارە دووانی بە کارە ... ئومێدی تەمەندرێژی بۆ گۆڤاری مامۆستای کورد دەخوازم.

لەتیف هەڵمەت

١٧-١٠-١٩٩٥ سلێمانی

chalakmuhamad@gmail.com

## ڕۆژگارێ بوو

ڕۆژگارێ بوو لای ئێمە شەوەزەنگ و تاریکستان، بۆیە جارجارە ئەگەر مۆمێک لە دوور داگیرسایە ئێمە بە پەرۆشەوە بە پیر ڕووناکییەکەیەوە دەچووین ... "مامۆستای کورد" لە سەردەمی کوردقڕان و ئەنفالی بەدناو و هەڵەبجەی شەهید و بالیسان و بادینانی کیمیابارانکراودا، ئا لەو ڕۆژگارەدا مۆمێک بوو مژدەی ڕووناکیی دەبەخشی، ڕووناکبیری کورد دەستاوەدەست دوور لە چەتەوڵەکانی بەعسییەوە دەیانقۆستەوە. ئەمڕۆ ئاهەنگی یۆبیلی زیوینیەتی، ٢٥ ژمارەی تا ئێستا بێ پەساپۆرت و بێ ڤیزە سنووری بڕیوە و گەیشتۆتە کوردستان. لە کاتێکدا پیرۆزبایی لە هاوڕێی ئازیزم کاک فەرهاد شاکەلی دەکەم کە باخەوان و ئاودێری دڵسۆزی باخچەی مامۆستای کوردە، دەمەوێ بڵێم کە گۆڤارەکە لە ڕووی چاپ و دەرهێنانەوە، لە ڕووی تەکنیکەوە ڕێکوپێکە، لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە فرەلایەنە، سەکۆیەکی ئازادە بۆ گشت ڕووناکبیرێکی کورد، دەرگای لە ڕووی کەس دانەخستووە و سانسۆری لەسەر کەس دانەناوە، بەڵام دەپرسم: ئاخۆ دیموکراتی لیبرالی لەم بوارەدا تا چ ڕادەیەک مەبەست بە دەست دەهێنێ؟ ئاخۆ سنگ کردنەوە بۆ هەموو جۆرە شتێ نابێتە هۆی دڵڕەنجاندنی کەسانی دیکە؟ ئاخۆ نابێتە هۆی ئەوەی کەسانێ ئەم سنگفراوانییە بقۆزنەوە و، "شەلم کوێرم ناپارێزم" نەکەونە سەروگوێلاکی کەسانێکی تر کە حەزیان لێیان نییە!؟ من بەش بە حاڵی خۆم ئەمەیان بە دیاردەیەکی ترسناک دادەنێم، با هەموو گوڵێک بگەشێتەوە، با دەیان ڕێباز لە ئامێزی مامۆستای کوردا گەشە بکەن، با ڕەخنە و ڕەخنەکاریی زانستانە لە بەرەودا بێ، بەڵام کێشەی شەخسی و ململانێی گرووپ گرووپێنە و شەڕی کۆنەقین بخرێنە لاوە ... هەر هیچ نەبێ لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیی گەلەکەماندا. با لە جێی ئەوە زیاتر بایەخ بە مێژووی کورد و سامانی نەتەوەییمان بدەین، با باس و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمییانەی دۆستەکانمان بخرێنە بەرچاو، ئەوانەی کە ئێمەی دووری زۆر دوور لە جیهانی ڕۆشنبیریی جیهانی لێی بێبەرین، با شیعر و چیرۆک و توێژینەوەی چاک بخرێنە پێش چاوی خوێنەران.



ئەمڕۆ گەلی کورد، کارەکەی ڕوو لە هەورازە، ماندووە، برسییە، بێبەرییە لە هۆکارەکانی ژیان و گوزەران، سەرەڕای هەموو ئابڵۆقەیەک ئابڵۆقەی ڕووناکبیریشی لە سەرە و بە دەگمەن پەنجەرەیەکی بۆ دەکرێتەوە کە لێوەی بڕوانێتە گوڵزاری کولتووری گەلان، بۆیە دەبێ "مامۆستای کورد" ڕۆڵی جوامێرانەی خۆی ببینێ و لە ڕێبازی خزمەتکردنی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا بەردەوام بێ ... هیوام وایە هەوڵ بدرێ کە زۆرترین ژمارەی بگەیەنرێتە هەرێمی کوردستان تا ڕووناکبیران لێی بێبەش نەبن.

دێتە یادم کە "شەهیدانی قەڵای دمدم"م بە چاپ گەیاند، دانەیەکم بە دیاری بۆ شەهیدی نەمر شێخ مارفی بەرزنجەیی نارد کە لە نێو چوار دیواری قەڵای پێنجی گرتووخانەی گشتیدا زیندانی بوو، لە وەڵامدا بۆی نووسیبووم: " ... ئێمەی دەست بەستراو هەمیشە چاومان لە دەستی ئێوەیە، منیش بە برای ئازیزم شاکەلی دەڵێم: کاکە ... ئێمەی بێبەری لە گۆڤاری ئەدەبی، زانستی، سامانی نەتەوەیی، شانۆیی، منداڵان، توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ... ئەوەش هەمانە پچڕپچڕ و ناوەختن ... بۆیە، هەمیشە چاومان لە دەست و پەنجەی ئێوەوەیە، لە گۆڤاری باش و بەرهەمی باش بێبەشمان مەکەن. دووبارە پیرۆزباییتان لێ دەکەم.

مستەفا ساڵح کەریم ـ سلێمانی

chalakmuhamad@gmail.com

# وتەیەک لە باشووری کوردستانەوە بۆ گۆڤاری ئازیزی مامۆستای کورد

ناو بە ناو بە هۆی برای دڵسۆز و شاعیری گەورەی کوردستان کاک (لەتیف هەڵمەت)ەوە بە دیداری گۆڤاری ئازیزی (مامۆستای کورد) شاد ئەبم و هەر ژمارەیەکی نوێی بۆ ماوەیەکی بەرفراوان و سەرتاپا بەختەوەری ئەبێتە میوانی چاو و هەست و مێشک و دڵم. لێتان ناشارمەوە و ڕووپاییش لە منەوە دوورە و بۆیە بەوپەڕی سەربەستییەوە ئەو ڕاستییە ئەدرکێنم کە لە ژیانی ڕۆشنبیری و ئەدەبیمدا و لە ناوەڕاستی پەنجاکانی ئەم سەدەیەوە چەندان ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەم دیوە و خوێندوتەوە و تەنانەت لە لام پارێزراون و هەر سەردەمەیش گۆڤارێک یان ڕۆژنامەیەک چڵەپۆپەی بەرزێتیی گرتووە و گۆی هونەر و سەرکەوتنی بردووەتەوە، ئێستاش لە بەر دڵ و دیدە و تێگەیشتنی من گۆڤاری (مامۆستای کورد) دیارییەکی بە ئەمەکی ناوازەی ئەم ڕۆژگارەیە و بگرە شاگوڵی گۆڤارە کوردییەکانە و لە هەمان کاتدا تایبەتمەندییەتی خۆی هەیە و دیارە ئەمەیش مایەی شانازیی سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانێتی، نەخوازەلا بۆ خوێندەوارێکی وەک ئێمەی باشووری کوردستان کە لە ڕۆژگارێکی پڕ لە قاتوقڕی و وشکەساڵی ڕۆشنبیری و ئەدەبیدا ئەژین و ڕاست و ڕەوان ئەتوانرێ کە بە ماوەی تاریکستانی ڕۆشنبیری ناو ببرێ کە تروسکاییی لێ بڕاوە. لەم لافاوی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوانەی ئەم ناوچەیەدا بابەتێکی تێروتەسەلی مێژووی و ئەدەبی و فەرهەنگیی هەڵکشاوی کانیاوی پڕ لە سەلیقە و داهێنان و ڕاستگۆیی نابینی و سەرجەم بە شپرزەیی مۆمیا کراون و تەنانەت گۆڕەوشار دراون. ئەوەی ئەمڕۆ بازاڕی گەرمە شیعری پرزەبڕاوی بێتام و ڕەنگ و بۆ، ناوبەناو چیرۆکی نابووت، بابەتی سیاسیی ڕۆژانەی تەنگەنەفەسی جۆشدراو بە بەرژەوەندی تایبەتی، لە گرێژەنەبردنی زمان و زاراوەی دروست و بنەماکانی ڕێنووسی کوردی، چەواشەکردنی مێژووی کورد، جەنجاڵکردنی زمانە شیرینەکەمان بە زاراوە و دەستەواژەی سەیر و سەمەرە و قرخن و نامۆ، بابەتی بێپێزی وشکەهەڵاتوو، دزینی بەرهەمی نووسەرانی بێگانە و بڵاوکردنەوەی بە بێ ناوبردنی خاوەنەکەی، سەرباری ئەمانەیش کەسانی نەزان و هەلپەرست و پیاوانی دوژمن و کورانی ڕۆژ و قەڵەمفرۆشان بەداخەوە ئەمڕۆ سەرپاڵەن و ئامۆژگاریمان ئەکەن و دەرسی کوردایەتیمان دائەدەن و لاپەڕەی تایبەتی ڕۆژنامەکانیان بە دەستە. کەواتە لە ڕۆژگارێکی وشکەساڵی نەهاتدا و لە بارودۆخێکی وەها تایبەتیدا جێی شانازی و تەنانەت ئافەرین کردنە کە (مامۆستای کورد) بەم شێوە و بەرگ و کاڵا و ناوەڕۆکە بەپێزەوە ساڵی چەند جارێک ئەدرەوشێتەوە.



گۆڤاری (مامۆستای کورد) کە لە دەرەوەی کوردستانی گەورەدا ئامادە ئەکرێ و پیتەکانی ئەچنرێ و بڵاو ئەکرێتەوە تا ڕادەیەکی بەربڵاو ئەتوانرێ بە گۆڤارێکی سەرکەوتووی گشتی دابنرێ. ئەوەی لەم چەند ژمارەیەدا بینیومە ئەم بۆچوونە ئەسەلمێنن؛ لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی تێروتەسەل، بابەتی مێژوویی گرنگ، چیرۆکی سەرکەوتوو، هونەری ڕەنگین، شیعری شاعیرانی دێرین و سەردەم، دەمەتەقێی سیاسی و فیکریی گونجاو، بڵاوکردنەوەی وێنەی دانسقە و نامە و ڕا و بۆچوونی جیاوازی خوێنەران، دەست گرتن بە داوێنی سەربەستیی بیروڕاوە، ئەمانە و زۆر شتی تریش ناوەڕۆکی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە ئازیزەن.

لێرەدا بە ئەرکی سەرشان و پێویستیەکی ناچاریی

chalakmuhamad@gmail.com

ئەزانم کە ڕوو بکەمە سەرنووسەری بەڕێز و پێشنیاری ئەوە بکەم کە هەوڵ بدرێ بابەتی مێژوویی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بایەخی پێ بدرێ و تەنانەت ئاوڕ لەو سەرچاوە بیانییانە بدرێتەوە کە سەبارەت بە مێژووی دێرین و نوێی نەتەوەکەمان نووسراون و بە پێی توانا بکرێنە کوردی و بۆ سوودی مێژوویی و ڕۆشنکردنەوەی لاپەڕە ونبووەکانی کورد بڵاوبکرێتەوە، چونکە سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و ئەوانەی لە گۆڤارەکەوە نزیکن دەتوانن بە ئاسانی ئەو سەرچاوانە بە دەست بهێنن. لە لایەکی ترەوە خۆزگە ئەتوانرا چەند ژمارەیەکی زیاتر بەرەو باشووری کوردستان ڕەوانە بکرایە، تا سوودی گۆڤارەکە زیاتر بووایە. لە دوا وتەدا هەر ئەوەندەم لە دەست دێ کە لە دوورەوە سڵاو و ڕێزی تایبەتیم بنێرم بۆ برامان شاعیر و نووسەری دڵسۆز کاک (فەرهاد شاکەلی)ی سەرنووسەر و ئاواتی سەرکەوتن و تەمەندرێژیی بۆ بخوازم و سوپاستان ئەکەم.

عومەر مەعرووف بەرزنجی

سلێمانی ـ باشووری کوردستان

٣٠-٩-١٩٩٥

**... دەگەڵ** پیرۆزبایی پێ گوتنتان و ماندوونەبوونی لێ کردنتان، دە ساڵ لە تەمەنی مامۆستای کوردیش، کە سەرەڕای هەموو تەنگوچەڵەمەیەکی سەر ڕێی ژیانتان، تا ئێستا نەتانهێشتووە ئەم ئەستێرەیە لە ئاسمانی کەمئەستێرەی گەلی کۆڵەواری کورددا بکەوێ، جێی شانازییەکی مەزنە، بەم بۆنەشەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەم و هیوادارم بەردەوام و سەرکەوتوو بن.

کوردان

سوێد ٩-١٠-١٩٩٥

**حەز دەکەم** سەبارەت بە گۆڤاری مامۆستای کورد ئەم سەرنج و تێبینی و پێشنیازانە بەرچاو بخەم، بە ئومێدی ئەوەی بۆ داهاتووی گۆڤارەکە سوودی خۆیان هەبێت.

* یەکێک لە لایەنە باشەکانی ئەم گۆڤارە بڵاوکردنەوەی دەقی کوردییە کە باشتر وایە ئەو دەقانە یا هەرگیز چاپ نەبووبن یان لەو جۆرە بن کە یەکجار کۆنن و کەم بەرچاوی نەوەی تازە کەوتوون.

* لایەنێکی باشی تری ئەم گۆڤارە بایەخدانە بە بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی کە خوێنەر و توێژەرەوەی کورد ئاشنا دەکات بەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییانەی دەرچوون لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان.

* بەداخەوە لە هەندێ ژمارەی باتایبەتی کۆنی ئەم گۆڤارە شەڕەقسە و تۆمەتی گەورە خستنە پاڵ یەکدی و بەرانبەر یەکدی بە بێ بەڵگە[نامە]ی متمانەپێکراو لە نێوان نووسەران بەرچاو دەکەوێ، کە ئەویش کای کۆن بە با کردنە ... باشتر وایە مامۆستای کورد بکرێتە گۆڤارێکی ئەکادیمیی زانستی و زیاتر لێکۆڵینەوەی زانستی، بیانی و خۆماڵی، یان وەرگێڕدراوی تێدا بڵاوبێتەوە.

* لە هەندەران ژمارەیەکی زۆر کتێب لەسەر کورد نووسراون، هەیانە سەرچاوەیەکی بەنرخە و پێویستە خوێندەواری کورد لێی بەئاگا بێ. هەمان کات زمانزانێکی زۆریش لەو وڵاتانەدا هەن، دەکرێت بۆ هەر ژمارەیەک ناوەڕۆکی یەکێک لەو کتێبانە پیشان بدرێت ... دەکرێت هی زۆر بەنرخیان بکرێتە کوردی و بە ئەڵقە بڵاوبکرێتەوە.

* مامۆستای کورد گۆڤارێکە ژمارەیەکی یەکجار کەمی دەگاتە کوردستان، بۆیە پێویستە زۆرترین ژمارەی ئەم گۆڤارە بگاتە کوردستان چونکە ئێرە ئەو ناوەندەیە کە دەبێ گۆڤاری وای تێدا بڵاوبکرێتەوە.

لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ گۆڤاری ئازیزی مامۆستای کورد دەخوازم، ئومێدەوارم لە داهاتوودا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

ڕەفیق ساڵح ئەحمەد

سلێمانی

chalakmuhamad@gmail.com

ده ساڵ له ژیانی

# جەنەراڵ شەریف پاشا

## له ستۆکهۆڵم

## (١٨٩٨-١٩٠٨)

ڕۆهات ئالاکۆم

شـــەریف پاشـــا (١٨٥٦-١٩٤٤) یەکـــێکە لەو کەسایەتییە کوردانەی کە زوو لە بیر کراوە. لە لایەکی دیکەشـــەوە ئەوەی تا ئێـــستـــا لەسـەر شـەریف پاشـا نووسـراوە، وەک دەبینین، زۆر کـەم و سنووردارن. ژیانی شـەریف پاشا ژیانێکی فرەڕەنگ و پڕ لە چالاکی بووە و بەڕاســتی شـــایانی لێکۆڵینەوەیەکی فـــراوانە. ئەم شەخسییەتەی لە سەرچاوەکاندا وەک "مەحمەد شەریف پاشـا"، "جەنەراڵ شـەریف پاشـا"، "سـەعید پاشا زادە شەریف پاشـا"، "شـەریف پاشای مەشـهوور"، "شـەریف پاشای قۆز"، "شـەریف پاشای کورد" و "سەفیری جارانی ستۆکهۆڵم" ناسراوە، لە لایەکی دیکەشەوە وەک ئەفسەر، دیپلۆمـات، سـیـاسـەتمەدار، نووسـەر، ڕۆژنامـەنووس، ڕوناکـبـیـر و نوێنەری کـورد ناسـراوە و مـرۆڤـێکی فرەلایەنەی پێشدەست بووە.

کـاتێ سـتـۆکـهـۆڵم بە جێ دەهێـڵێ و دەگەڕێتـەوە بۆ پاریس بە ڕۆژنامـەنووسان دەڵێ کە ئاواتی هەرە گەورەی ئەوەیە لە میسر لە زەوییەکانی خۆیدا خەریکی کشتوکاڵ بێت. شـەریف پاشا لە بارەی بەهرەی ئەم جۆرە کارانەوە بە پـەیـامـنـێـری ڕۆژنـامـەی داگنس نویهـێـتـەر Dagens Nyheter دەڵێ: "سـەربازێک دەتوانێ هـەمـوو شـتێ بکات" [١]. من پێم وایە فـرەڕەنگیی ژیانی شـەریف پاشا لە ناو ئەم وشە بەناوبانگەدا شاردراوەتەوە.

لە ژیانی شـەریف پاشـادا چەند قـۆناغی بنەڕەتی و گـرنگ هـەن و هـەر قـۆناغـەش خـۆی بە تەنیـا بابەتی لێکۆڵینەوەیەکـە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئێـمـە تەنیـا لای ساڵانی ژیانی شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم ڕادەوەستین. پیاو دەتوانێ قۆناغە گرنگەکانی ژیانی شـەریف پاشا بەم شێوەیە دابەش بکات:

١- ساڵانی ستۆکهۆڵم، ڕاوەستان بەرامبەر سوڵتان عەبدولحەمید (١٨٩٩-١٩٠٨).

٢- سـاڵانی پاریس، ڕاوەسـتـان دژی جـەمـعـیـیـەتی ئیتتیحاد و تەرەقی (١٩٠٩-١٩١٤).

٣- نوێنەرایەتی کـردنی مـافی کـورد لە پاریس (١٩١٨-١٩٢٠).


ئەگەر "ئەنسیکلۆپێدیای بیۆگرافی" یا "کێ کێیە" لە بەر دەسـتـدا نەبێت، زۆر زەحـمـەتە پیـاو بتـوانێ بەسـەرهاتی شـەخسـیـەتێک سەرلەنوێ بنووسـێتـەوە. دەبێ پیـاو بکەوێتـە دوای ڕەگ و ڕیشـەی هـەمـوو بابەتەکان. کـاتێ من دەمـویست تەنیا سـەبارەت ساڵانی ستۆکهۆڵمی شەریف پاشا زانیاری و ئاگاداریم دەست بکەوێ، تێگەیشـتم کـە نووسـینی بیـۆگـرافـیـیـەکی تازە چەندە زەحـمـەتە. دەبێ مرۆڤ لە زۆر دەرگا بدات. بۆ ئەم

chalakmuhamad@gmail.com

لێکۆڵینەوەیە لە شارانی ئوپسالا و ستۆکهۆڵم سەرم لە گەلێک دەزگای وەک کتێبخانە و ئەرشیف و موزە دا، گەلێ بابەت چ لە بارەی شەریف پاشاوە و چ ئەوەی خۆی نووسیونی زۆر بە وریایی لەم دەزگایانەدا پارێزراون(٢). هەموو جارێک لە ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب، نامە، ئارشیڤی وێنە و دەستنووسدا شتێکم دەدۆزییەوە. بەڵام پێداچوونەوەی بڵاوکراوە هەفتەیی و مانگانە و وەرزانەکانی ئەم ساڵانە کارێکی ئاسان نییە. هەموو هەڵگێڕانەوەی لاپەڕەی ڕۆژنامەیەک دەرگایەکی دیکەی دەکردەوە و کارەکەمی سەختتر و زیاتر دەکرد. کاتێ هەموو ئەم پارچە و بەشانەم پێکەوە نا و گەیاندە یەک، وێنەی دە ساڵەی ژیانی شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم لە خۆیەوە دەرکەوت. لەوەیە ئەم وێنەیەی شەریف پاشا هێندە ڕوون نەبێت، بەڵام دەشێ ئەم لێکۆڵینەوەیە وەک سەرەتایەک دابنرێ و من لەو باوەڕەدام کە سەبارەت بەم بابەتە لە داهاتوودا زانیاری و ئاگاداریی نوێ دەردەکەون و ئەوەدەم ژیانی شەریف پاشا چاکتر تێدەگەین.

## هاتنی شەریف پاشا بۆ ستۆکهۆڵم ١٨٩٨-٧-٩

شەریف پاشا وەک سەفیری دەوڵەتی عوسمانی دە ساڵی خشت (١٨٩٨-١٩٠٨) لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید ژیاوە. شەریف پاشا لە ٤ی ئازار (مارت)ی ساڵی ١٨٩٨دا دیاری دەکرێ، بەڵام دوای چەند مانگ ئەوسا دەست بە کارەکەی دەکات. شەریف پاشا وێڕای دوو سێکرێتێری خۆی - ساڵح بەگ و موختار بەگ - ڕۆژی ٩-٧-١٨٩٨ بە شەمەنەفەر دەگاتە ستۆکهۆڵم و کۆنسوڵی دەوڵەتی عوسمانی سیمۆن ساکس دەچێتە پێشوازیی شەریف پاشاوە و وەک میوان دەعوەتی دەکات. لەبەر ئەوەی تازە هاتووە و ماڵە تازەکەی هێشتا تەواو نەکراوە، خۆی و سێکرێتێرەکانی لە هۆتێلی بەناوبانگی "گراند" دادەمەزرێن. ڕۆژی دواتر سیمۆن ساکس میوانەکانی لە شاری ستۆکهۆڵم دەگەڕێنی و چەند جێگەی مێژوویی و ناودارایان پێشان دەدات. شەریف پاشا ڕۆژی ١١-٧-١٨٩٨ دەچێتە پێشگای پاشای سوید، ئۆسکاری دووەم، و باوەڕنامەی خۆیی پێشکەش دەکات (٣)



هەواڵی هاتنی شەریف پاشا یەکەم جار لە ڕۆژنامەکانی ڕۆژی ١٢-٧-١٨٩٨دا بڵاودەکرێنەوە. ئەم هاتنەی شەریف پاشا هەر زوو لە ستۆکهۆڵمدا دەبیسترێ و بۆ یەکەم جاریش وێنەی لە چەند

chalakmuhamad@gmail.com


چاپەمەنییەکدا چاپ دەکرێ. ڕۆژنامەی Ny Illustrerad Tidning هەواڵی هاتنی شەریف پاشا دەنووسێ و ئەوەش ئاشکرا دەکات کە پاشا کوڕی یەکێ لە بنەماڵە هەرە کۆن و ناسراوەکانی کوردستانە. (٤)

شەریف پاشا دە ساڵ لە ستۆکهۆڵم ژیاوە و هەمیشەش لە گەڕەکی Östermalm، کە گەڕەکی ئەشراف و دەوڵەمەند و دیپلۆماتەکان بووە، ژیاوە. ئەم گەڕەکە بە خانووی جوان و ڕێکوپێکی ناودار بووە. لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا سێ جار ماڵی گۆڕیوە. خانوی یەکەمی هەر ساڵی یەکەم تەواو بووە و لەبەر جوانی و ڕازاوەیی، ڕۆژنامەکانی ئەو دەمە وەک کۆشکێک باسیان کردووە. ئەم خانووە کە دەکەوێتە سەر شەقامی -Kom mendör ی ژمارە ٣٢، هەتا ئەمڕۆش هەر ماوە و ئەو جوانییەی سەد ساڵ لەمەوپێشی ون نەکردووە. پاشا نزیکەی هەشت ساڵ لەم ماڵەدا ژیاوە. پاشان چۆتە خانوویەکی دیکە کە دەڕوانێتە سەر زەریا. ئەم خانوە کە کەوتۆتە سەر Strandvägen 35 ئێستاش ماوە و باڵوێزخانەی میسری تێدایە. لەبەر هەندێ هۆی کە ئێمە نازانین چین، شەریف پاشا لێرەش بار دەکات و دەچێتە خانوویەکی دیکە لە Linnégatan 5 . ئەمەی دوایی پاشتر هەڵوەشێنراوەتەوە و لە جێگەکەی ساختمانێکی مۆدێرن بە ناوی Zurich-huset دروست کراوە.

شەریف پاشا ناوەوەی خانووەکانی هەمیشە بە دڵی خۆی ڕازاندۆتەوە و دروست کردووە. هەواڵنووسی ڕۆژنامەیەکی سوێدی کە چاوی بە ئەم دوا ماڵە کەوتووە و بە ناویدا گەڕاوە، باسی ساڵۆنەکەی وەک یەکێک لە جوانترین ساڵۆنەکانی ستۆکهۆڵم دەکات. (٥) گەلێ ڕۆژنامەنووسی سوێدی سەری ماڵەکانی شەریف پاشایان داوە و باسی ڕێکخستنی ناوماڵیان کردووە. هەواڵنووسێکی ڕۆژنامەی Dagens Nyheter دەچێتە ماڵەکەی سەر Linnegatan 5 و جوانیی تاقمی مۆبلەکان سەرنجی ڕادەکێشێ و باسی وێنە و تابلۆ هەڵواسراوەکان دەکات. یەکێک لەم وێنە هەڵواسراوانە وێنەی محەمەد عەلی پاشای گەورەیە. وەک دەزانین محەمەد عەلی پاشای والیی میسر باپیری ژنەکەی شەریف پاشایە. کاتێ شەریف پاشا ئەم وێنەیە پێشانی ڕۆژنامەنووسەکان دەدات بزەیەکی دەکەوێتە سەر لێوان و دەڵێ: "هەموو ئەوروپا لە ترسی ئەودا دەلەرزی."(٦) هەواڵنووسی ڕۆژنامەی Svenska Dagbladet یش دەڵێ ژووری کارکردنەکەی شەریف پاشا کتێبخانەیەکی جوان و گەورە و دەوڵەمەندی تێدا بوو، سەر تا خواری ژوورەکە بە کتێب داپۆشرابوو.(٧)

## دیپلۆماتێکی خۆشەویست

کاتێ چاپەمەنییەکانی ساڵانی ١٨٩٨-١٩٠٨ی سوێد تەماشا دەکەین، دەبینین دوو وشەی کە زۆرتر بۆ شەریف پاشا بە کار هێنراون وشەی "نازک" و "خۆشەویست"ن. کە شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم نیشتەجێ دەبێت هەر زوو لەلایەن خەڵکی ستۆکهۆڵمەوە دەناسرێ. لە لایێکەوە سمێڵی گەورە و بەژن و باڵای بەرز و جوان، لە لایێکی دیکەشەوە جلی ڕێکوپێک و فێسی سوور سەرنجی خەڵکی ستۆکهۆڵم ڕادەکێشن.

شەریف پاشا کاتی بێکاریی خۆی بە وەرزش، ڕاوکردن و خوێندنەوەوە دەبردە سەر. چاپەمەنییەکان وەک پاریسییەکی تەواو باسی ئەویان دەکرد و لە ناو ئەشراف و دیپلۆماتەکاندا خاوەنی شکۆ و شەخسییەتێکی گەورە بووە. لە نووسراوێکدا کە ساڵی ١٨٩٩ بڵاوبۆتەوە گوتراوە لە ناو سەفیرە بێگانەکاندا کەس هێندەی شەریف پاشا سەرنجڕاکێش نەبووە. لەم جۆرە نووسراوانە کە نیشانەی خۆشەویستیی شەریف پاشان زۆرن. (٨) نامەی خوێنەرێکی ئاسایی کە ساڵی ١٩٠٣ بڵاوکراوەتەوە ئەوە دەردەخا کە خەڵکی ئاسایی و سادەی ستۆکهۆڵمیش ئەویان خۆش ویستووە.(٩)

شەریف پاشا کە دەستی بە کارەکەی کردووە زۆر هەوڵی داوە بۆ پێشخستنی پێوەندیی دوولایەنەی دەوڵەتی عوسمانی و سوێد. دوای هاتنەکەی شەریف پاشا، پێوەندیی دیپلۆماتیک و ئابووری هەتا دەهات

chalakmuhamad@gmail.com

چاکتر دەبوو. شەریف پاشا لەگەڵ گەلێ دەزگا و شەخسییەتاندا پێوەندی دادەمەزرێنێ و دۆستایەتیی تازە دروست دەکات؛ ناردنی نامە بۆ وەزیری دەرەوە کارێن دێر ئێریک ترۆلەKaren Der-Eric Trolle، فرێدریک ئولریک رانگەل Fredrik Ulrik Wrangel ی



نووسەر، کارل کارلسۆن بوندەCarl Carlson Bonde ی نوێنەری پاشا و ئێ. فۆن کروسەنشێرنا-E. von Kur-senstjerna ی سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی پۆست نیشاندەری بۆ پێشەوەچوونی ئەم پێوەندییانەیە. (١٠) لەبەر ئەوەی زمانی فرانسیی چاک دەزانی، شاریف پاشا هەموو نامەکانی خۆی بە فرانسی دەنووسی، هەر لەبەر ئەو هۆیە و لەبەر پرکاریش هەلی وای دەست نەکەوتووە کە زمانی سوێدی باش فێر ببێت؛ لە گفتوگۆیەکدا ئەوە باس دەکات کە ئەمینە خانمی ژنی لە فێربوونی زمانی سوێدیدا باشتر پێشکەوتووە.

ئەفسەرێک کە شەریف پاشای لە نزیکەوە ناسیوە وەک "دیپلۆماتێکی لێهاتوو" باسی دەکات. ئەم ئەفسەرە، ف. ئوناندەر، دەڵێ شەریف پاشا پێوەندییەکانی عوسمانلی و سوێدیی ژیاندۆتەوە. ئوناندەر ساڵی ١٩٠٨ میوانی شەریف پاشا دەبێت، لەو شەوی میواندارییەدا گەلێ خەڵکی دیکەسی ناوداریش هەبوونە، وەک ئێریک تۆللەی وەزیری کاروباری دەرەوە. (١١)

ئەو سەردەمەی کە شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم ژیاوە گەلێ خەڵاتی جۆربەجۆری وەرگرتووە. رۆژی ١٢-٩-١٨٩٩ خەڵاتی نیشانەی شمشێر Svärdorden وەردەگرێ و رۆژی ٥-٨-١٩٠٨یش نیشانەیەک بە ناوی "نیشانی ئەستێرەی باکوور" Nordestjärnaorden لە دەستی پاشای سوێد وەردەگرێ. هونەرمەند و نووسەری گاڵتەکاری سوێدی ئالبێرت ئێنگستروێم Albert Eng-ström (١٨٦٩-١٩٤٠) دوو جار کاریکاتووری شەریف پاشای دروست کردووە، یەکێکیانی لە گۆڤارەکەی خۆیدا، Strix، بڵاوکردۆتەوە. لە هەردوو کاریکاتوورەکەدا سمێڵەکانی شەریف پاشا گەورە و ئەستوورن و تا بناگوێی درێژ کراونەوە. (١٢)

ساڵی ١٩٠٨ پێش ئەوەی شەریف پاشا واز لە کارەکەی خۆی بێنێ، عەبدوڵڵا پاشای نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی بە میوانی دێتە سوێد. مەبەستی هاتنەکەی ئەوە بوو خەڵاتی *"نیشانەی ئیمتیاز"* بداتە پاشای سوێد. ئەم هاتنەی عەبدوڵڵا پاشا لە ستۆکهۆڵم دەنگ دەداتەوە. شەریف پاشا چەند رۆژێک ئەم میوانە لە ستۆکهۆڵم دەگەڕێنێ. لە بەرنامەی گەڕانەکەیاندا بینینی سکانسەن، مۆزەی نۆرد، سالتشۆێبادەن و گەلێ جێگەی توریستیی دیکە هەبووە.(١٣)

chalakmuhamad@gmail.com


# شەریف پاشا و ئۆسکاری دووەم

کە شەریف پاشا لە سوێد بوو، ئەو کاتە ئۆسکاری دووەم (١٨٢٩–١٩٠٧) پاشا بوو. وەک لە سەرچاوەکاندا باس دەکرێ لە نێوان شەریف پاشا و ئۆسکار پاشای دووەمدا دۆستایەتی و هاوڕێتییەکی گەورە دروست دەبێت. شەریف پاشا ئۆسکاری زۆر خۆش ویستووە و کەوتۆتە ژێر کارکردیەوە.

کە شەریف پاشا دێتە سوێد، پاییزی ١٨٩٩ لە هەرێمی سکۆنە مانۆڤرێکی سەربازی کراوە، هەزاران سەرباز تێیدا بەشدار بوون. شەریف پاشاش وەک میوان بانگ دەکرێ، بە جلی سەربازییەوە بەشداری دەکات و سەرنجی زۆربەی بەشداربووان ڕادەکێشێ.(١٤) ئۆسکاری دووەمی پاشای سوێدیش لەم مانۆڤرەدا بەشدار دەبێت. لەم مانۆڤرەدا پێنج ژوور بۆ شەریف پاشا لای ئەندازیارێک بە ناوی بێک تەرخان دەکەن. (١٥)

هەر لە کاتی ئەم مانۆڤرەدا شەریف پاشا لەگەڵ ئۆسکاری دووەمدا پێکەوە دەچنە ڕاوکردن. وەک سەرچاوەکان دەیگێڕنەوە شەریف پاشا زۆری حەز لە ڕاوکردن بووە و ئەندامی یانەی ڕاوکردنی سەر بە ئۆسکاری دووەم بووە. (١٦) شەریف پاشا لەگەڵ پلانەکانی یەکێتیی عوسمانلی - سوێدی بووە لە دژی ڕووسیا. لەم ڕووەوە لەگەڵ ئۆسکاری دووەم قسەی کردووە و شەش بروسکەی ناردووە بۆ ئەستەموول. ساڵانێکی زۆر لەوەو پاش ئەم یەکێتییەی عوسمانلی و سوێدی دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژ. (١٧)

وەک لە هەندێ سەرچاوەدا باس کراوە، هونەرمەندی نیگارکێشی سوێدی ئاکسەل یونگستێت Axel Jungstedt (١٨٥٩–١٩٣٣) لە ساڵی ١٩٠٠دا بە بۆیەی ڕۆن وێنەیەکی شەریف پاشای دروست کردووە. لەم وێنەیەدا شەریف پاشا لەگەڵ ئۆسکاری دووەمی پاشای سوێددا دەبینرێ. لە تابلۆکەدا شەریف پاشا و ئۆسکاری دووەم لە کاتی مانۆڤرێکی سەربازیدا سواری ئەسپن و پێکەوە قسە دەکەن، ئەمەش ئەوە پێشان دەدات کە ئەم دووە چەندە دۆستی نزیکی یەکدی بوونە. (١٨) چەند کەسی سوێدی بە چاوی خۆیان ئەم تابلۆیەیان لە ماڵی شەریف پاشادا بینیوە. (١٩) کاتێ کە من خەریکی ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە بووم دەمویست بزانم تابلۆکە لە کوێیە و چیی بەسەر هاتووە و ئەگەر بکرێ چاوم پێ بکەوێ. دوای پرسیار و گەڕانێکی زۆر تێگەیشتم کە تابلۆیەکە "گەشتێکی دووردرێژ"ی کردووە. سەرەتا چۆتە پاریس، ئەوجا قاهیرە، جارێکی دیکە ستۆکهۆڵم و لە دواییدا ئەستەمبووڵ، شاری ساڵانی لاوێتیی شەریف پاشا. بە گوێرەی بەڵگەنامەیەک کە لە کتێبخانەی هونەردایە، ئەم تابلۆیە دوای مردنی شەریف پاشا دەکەوێتە لای شەریفە خانمی کچی. ئەمیش ساڵی ١٩٦٦ لە قاهیرە تابلۆیەکە دەفرۆشێتە ئادۆلف هـ. ف. کرۆنەبۆری Adolf H. F. Croneborg (١٩٠٠–١٩٨٣)ی سەفیری سوێد لە میسر. کرۆنۆبێریی سەفیریش دوای گەڕانەوەی لە میسر تابلۆیەکە لەگەڵ خۆی دێنێتەوە بۆ ستۆکهۆڵم، بەڵام بە قسەی کوڕەکەی، دایکی، واتە ژنی سەفیر، پێش مردنی تابلۆیەکە بە دیاری دەداتە مۆزەیەکی ئەستەمبووڵ. وەک دەبینین بەسەرهاتی ئەم تابلۆیە چیرۆکێکی درێژە. هەر لەم بوارەدا ئەوەش تێدەگەین کە شەریفە خانمی کچی شەریف پاشا هەر نەبێ تا ساڵی ١٩٦٦ لە ژیاندا بووە. بژیشکێکی کورد، سەلاحەددین ڕاستگێلدی، کە ساڵانێکی دوورودرێژ لە ستۆکهۆڵم ژیاوە، ساڵی ١٩٦٦ دەچێتە میسر و لە قاهیرە دەبێتە میوانی شەریفە خانم، کە وێنەیەکی خۆی و باوکی بە دیاری دەداتە دۆکتۆر ڕاستگێلدی. (٢٠)

# بیروڕای شەریف پاشا لەسەر سوێد

شەریف پاشا گەلێ جار بیر و دیتنی خۆی لەسەر کۆمەڵگەی سوێد، خوو و ڕەوشت و هەڵسان و دانیشتنیان، بە ئاشکرا بۆ ڕۆژنامەنووسان باس کردووە. لە هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤاری ناوداری سوێددا گفتوگۆی شەریف پاشا بڵاوکراونەوە. شەریف پاشا

chalakmuhamad@gmail.com

کاتێ لە پاریس بووە، پێش ئەوەی بێتە سوێد، هاورێ و دۆستانی، خۆی و ژنەکەیان بەوە ترساندووە کە سوێد وڵاتێکی ساردە و ئاووهەوای زۆر سەخت و ناخۆشە. بەڵام شەریف پاشا کە دێتە سوێد بە رۆژنامەنووسێک دەڵێ: "ئاووهەوای سوێدمان پێ خۆشە" (٢١)

دامودەزگا و دامەزراوەکانی سوێد زۆر سەرنجی شەریف پاشا رادەکێشن. لە جێگەیەکدا ئەوەی باس کردووە کە لەگەڵ لێپرسراوانی وڵاتەکەی خۆیدا کەوتۆتە وتووێژ و بۆی نووسیون بۆ ئەوەی چەند لاوێک بنێرن بۆ سوێد، تا لەبارەی سوێدەوە لێکۆڵینەوە بکەن و شت فێر ببن. شەریف پاشا وتوویەتی لە ناو زۆربەی دەوڵەتاندا، سوێد دەوڵەتی هەرە ئیدیالە. (٢٢)

شەریف پاشا زۆر مەدحی سوێدییەکان دەکات، بەتایبەتی لەبەر پاراستنی شوێنەواری کۆنیان. هەروەها پێوەندیی نێوان پاشای سوێد و گەلەکەی زۆر سەرنجی رادەکێشێ. گەلێ جار بە چاوی خۆی ئەم پێوەندییە نەرم و نارەسمییانەی بینیوە. (٢٣) کاتێ شەریف پاشا هەلومەرجی وڵاتی خۆی و زۆرداریی سوڵتان عەبدولحەمید لەگەڵ هەلومەرجی سوێددا بە یەک دەگرێ و بەراوردیان دەکات، بێگومان بۆچوون و بیرکردنەوەی لە سەدا سەد سەروبن دەبێت و راستییەکان باشتر دەبینێ. لە جێگەیەکدا باسی ئەوە دەکات کە مرۆڤی سوێدی لە رەخنەلێگرتنی شتی خۆیاندا زۆر کراوەن. (٢٤) شەریف پاشا هەندێ جار رەخنەشی لە سوێد گرتووە. بە هۆی خوێندنەوەی هەندێ نووسراوەوە، ئەوە لە بەرچاو دەگرێ کە رەنگە شەخسییەتی نەتەوایەتیی سوێد لە دوارۆژدا بگۆرێ. (٢٥) شەریف پاشا دەیگێرێتەوە کە چووەتە ناوچەی سکۆنە، لەوێ کاراکتەرێکی نەتەوایەتی و پاکی بینیوە. هەواڵنووسی رۆژنامەی Svenska Dagbladet لێی دەپرسێ: "ئایا ئێوە ئێمەی سوێدیتان زۆر رەسمی و سارد نەبینیوە؟" شەریف پاشا لە وەرامدا دەڵێ ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە سوێدییەکان کاتێ بانگی خەڵک دەکەن بە ناو و نیشان بانگیان دەکەن، شێوە بانگکردنی ئەوروپایی "ئێوە" لای ئەمان نییە. (٢٦)

# ئەمینە خانمی ژنی شەریف پاشا

وەک سەرچاوە سوێدییەکان دەیگێرنەوە ئەمینە خانمیش ئەوەندەی شەریف پاشا خۆشەویست و ناسراو بووە و لە زۆر بەڵگەنامەدا ناوی هێنراوە. بە پێی راپۆرتە دیپلۆماتیکەکان، ئەو رۆژەی کە شەریف پاشا هاتۆتە ستۆکهۆڵم ئەمینە خانمی خێزانی لەگەڵی نەهاتووە چونکە نەخۆش بووە. لە ناو ئەو راپۆرتانەدا کە لە ئەستەمبووڵەوە نێردراون، گەلێک جاران ئەوە باس کراوە کە ئەمینە خانم زۆر دەوڵەمەندە. (٢٧) وەک دواتر تێدەگەین ئەم دەوڵەمەندییەی ئەمینە خانم لە میراتی باوکییەوە بۆی ماوەتەوە و لە دوروبەری رووباری نیل زەوییەکی زۆری هەبووە. ئەمینە خانم کچی حەلیم پاشایە، حەلیم پاشاش کورەزای والیی ناوداری میسر محەمەد عەلی پاشایە. ئەمینە خانم ساڵی ١٨٦٨ لە میسر لە دایک بووە و لە ئەستەمبووڵ گەورە بووە. ساڵی ١٨٩٠ شووی کردۆتە شەریف پاشا. بەرهەمی ئەم ژنومێردییە سێ منداڵ بوون. گەورەکەیان، شەریفە، ساڵی ١٨٩٣ لە ئەستەموول لە دایک بووە، کچەکانی دیکە سەعیدە و سێسا لە سوێد، لە ستۆکهۆڵم لە دایک بوونە. سەعیدەیان لەبەر هۆیەک کە نازانین چییە لە ستۆکهۆڵم مردووە. ئەم رووداوە بۆ بنەماڵەی شەریف پاشا دەبێتە خەفەتێکی گەورە. کە شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم بار دەکات، کچە گەورەکەی، شەریفە، شانزدە ساڵان دەبێت و کچە بچووکەکەشی، سێسا، شەش ساڵان. منداڵەکانی هەمیشە لە خۆشی و دەستڕۆیشتوویدا ژیاون. بۆ ئەوەی شەریفە فێری زمانی ئینگلیزی ببێت مامۆستایەکی ئینگلیزی بۆ دەگرن. کچە بچکۆلەکەشی، سێسا، کە لە ستۆکهۆڵم بووە، سەگێکی جوانی هەبووە ...

ئەمینە خانم ژنێکی تێگەیشتوو و گران و خاوەن شەخسییەتێکی گەورە بووە. وەک لە سەرچاوەکانەوە تێدەگەین زمانانی فرانسی، ئینگلیزی و سوێدیی بە نووسین و قسە پێ کردن زانیوە. ئەو ساڵانەی کە لە

chalakmuhamad@gmail.com

سوێد ژیاوه کاتی خۆی به خوێندن و به گه‌وره‌کردنی منداڵه‌کانیه‌وه بردۆته سه‌ر. له هه‌موو شتێ زیاتر حه‌زی له خوێندنه‌وه بووه. زۆری حه‌ز له ژیانی کۆمه‌ڵگه‌ی ئه‌ریستۆکراتی نه‌کردووه. به قسه‌ی رۆژنامه‌نووسێکی سوێدی دوو لایه‌نی گرنگی ئه‌مینه خانم هه‌بوون؛ یه‌کێکیان جوانییه‌که‌ی و ئه‌وی دیکه دووربوونی له ژیانی سۆسێته (شێوه‌ژیانی گه‌وره و ئه‌ریستۆکراته‌کانه‌وه)[٢٨] که هاتۆته سوێد، بۆ ئه‌وه‌ی نه‌بێته سه‌رباسی رۆژنامه‌نووسان و نه‌که‌وێته سه‌ر زاریان، زۆر ژیرانه هه‌نگاوی ناوه. به‌ڵام دوای تێپه‌ڕینی چه‌ندان ساڵ، وه‌ک ده‌زانین ئه‌مینه خانم ئیدی تێکه‌ڵی هه‌ندێ چالاکی ده‌بێت و وێنه‌ی له رۆژنامه‌کاندا بڵاوده‌کرێته‌وه. ساڵی ١٩٠٨ که گوستافی پێنجه‌می پاشای سوێد په‌نجا ساڵی ته‌مه‌نی پڕ ده‌کاته‌وه، ئه‌مینه خانم و شه‌ریف پاشا پێکه‌وه ده‌چنه ئاهه‌نگه‌که. له رۆژنامه‌کاندا بۆ ئه‌مینه خانم وشه‌ی charmant یان به کار بردووه، واته "دڵرفێن"، "دڵگر".[٢٩]

هه‌واڵنێرێکی رۆژنامه‌ی Dagens Nyheter که چۆته سه‌ردانی ماڵی شه‌ریف پاشا، ده‌ڵێ ئه‌مینه خانم بێ سه‌رپۆش هاته ژووره‌که‌ی شه‌ریف پاشا و سه‌ڵاوی له میوانه‌کان کرد و به خێری هێنان.[٣٠] ئه‌مینه خانم زۆری هه‌وڵ داوه زمانی سوێدی فێر ببێ و له دواییدا تا ئه‌و راده‌یه فێر بووه که هه‌م به قسه‌کردن و هه‌م به نووسین زانیویه‌تی. فانی پێته‌رسسۆن Fanny Petersson له ماوه‌ی چه‌ند ساڵدا مامۆستای ئه‌مینه خانم بووه و فێری زمانی سوێدیی کردووه، له نووسینێکیدا زۆر په‌سنی ئه‌مینه خانم ده‌دات. کاتێ شه‌ریف پاشا له سوێد بار ده‌کات، فانی پێته‌رسسۆن وتارێکی له‌باره‌ی ئه‌مینه خانمه‌وه له رۆژنامه‌ی Svenska Dagbladet دا بڵاوکردۆته‌وه. له‌و نووسینه‌دا پێته‌رسسۆن باسی ئه‌وه ده‌کات که ئه‌مینه خانم له زمان فێربووندا زۆر زیره‌ک بووه.[٣١] وه‌ک له سه‌ره‌وه‌ش باسمان کرد ئه‌مینه خانم زۆری حه‌ز له خوێندنه‌وه بووه. به تایبه‌تی حه‌زی له نووسینه‌کانی ژنه نووسه‌ری سوێدی فریدریکا بریمه‌ر Fredrika Bremer بووه و رۆمانی "هێرتا" Hertha ی ئه‌و نووسه‌ره زۆر سه‌رنجی ڕاکێشاوه.



له لایه‌کی دیکه‌شه‌وه ئه‌مینه خانم مرۆڤێکی دڵسۆز و خێرخواز بووه، زۆر جار هه‌وڵی داوه یارمه‌تیی هه‌ژار و لێقه‌وماوان بدات. هه‌میشه‌ش دژی ژێرده‌ستیی ژنان بووه

chalakmuhamad@gmail.com

و لەبەر ئەوە کاتێ لە ستۆکهۆڵم دەبێ دەکەوێتە ناو لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژەوە. ئانمارگرێت هۆڵمگرێن Ann-Margret Holmgren کە بۆ ئەوەی ژنان مافی هەڵبژاردن و دەنگدانیان هەبێت تێدەکۆشا، بۆ ئەمینە خانم دەبێتە نموونەیەکی بەرز و زۆر کاری تێ دەکات.[٣٢] ئەو سەردەمە ئەمینە خانم بە مامۆستا سوێدییەکەی خۆی وتووە: "ئێمە پەنجا ساڵ لە دوای ئێوەوەین"، ئەوجا باسی ئەوە دەکات کە بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی هاوکاریی ژن و پیاو پێویستە.

ئەمینە خانم کە ستۆکهۆڵمیش بە جێ دەهێڵێ، واز لە تێکۆشان دژی ژێردەستیی ژنان ناهێنێ، هەر لەبەر ئەمەش بووە کە ساڵی ١٩١٩ بە سەرۆک بوونی کۆمەڵەی پێشکەوتنی ژنانی کورد قەبووڵ دەکات.[٣٣]

## چاوپێکەوتنێکی نەیارانی سوڵتان عەبدولحەمید لە ستۆکهۆڵم

شەریف پاشا کە دەبێتە سەفیری عوسمانی لە ستۆکهۆڵم لە سەردەمێکدا بووە کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەسەر تەخت بووە و بە زۆرداری ناسرابوو. شەریف پاشا دوای ئەوەی کە دێتە ستۆکهۆڵم ورده ورده گۆڕانی گەورە لە هەڵسوکەوتیدا بە دی دەکرێ. کە لە سوێد دادەمەزرێ، هەلومەرجی سوێد و ئیمپراتۆریی عوسمانی بە یەک دەگرێ و بەراوردیان دەکات، جیاوازییەکی گەورە دەبینێ و ئەم ڕاستییە کارێکی زۆری دەکاتە سەر. شەریف پاشا باری خراپی ئیمپراتۆریی عوسمانیی زۆر پێ ناخۆش دەبێ.

وەک دەزانین لەو ساڵانەدا لە زۆر وڵاتی ئەورووپایی "جەمعییەتی ئیتتیحاد و تەرەققی" دژی سوڵتان عەبدولحەمید کاری سیاسیی دەکرد. شەریف پاشاش تێکەڵی ئەم دژایەتییە دەبێت و یارمەتیی جەمعییەتی ئیتتیحاد و تەرەققی دەدات. ئەم جەمعییەتە هەتا ساڵی ١٩٠٨ وەک ڕێکخراوێکی پێشکەوتنخواز و لیبراڵ دەناسرێت، بەڵام لە دوای مەشرووتییەت (١٩٠٨) ئەم ڕێکخراوە بە تەواوی دەگۆڕێت و سیاسەتێکی کۆنەپەرستانە دەگرێتە بەر. بە پێی سەرچاوەکان دەبێ شەریف پاشا ساڵێک دوای ئەوەی هاتۆتە ستۆکهۆڵم پێوەندیی لەگەڵ ئیتتیحاد و تەرەققیدا دامەزراندبێ. یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە، ئیسحاق سوکوتی، ساڵی ١٨٩٩ لە جنێڤەوە نامەیەک بۆ تونالی حیلمی دەنووسێت و تێیدا دەنووسێت: " ... ئەم مانگەش یارمەتیمان لە کوردە وەرگرت." بە بۆچوونی لێکۆڵەرەوەیەکی تورک، یاڵچین کوچوک، ئەو کەسەی لەو نامەیەدا باس کراوە شەریف پاشایە. بۆ ئەوەی سەرنجی موخبیرەکانی سوڵتان عەبدولحەمید ڕانەکێشێ، وشەی "کورد" بۆ شەریف پاشا بەکارهێنراوە.[٣٤] لە زۆر سەرچاوەدا شەریف پاشا هەر وەک "شەریف پاشای کورد" ناو دەبرێت. شەریف پاشا کە دەچێتە پاریس هاوکاری و پشتگیریی خۆی بۆ هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن پێشان دەدات.

پرۆفێسۆر ت. ی. ئارنێ T. J. Arne، کە لێکۆڵەرەوەیەکی سوێدییە، لە کارێکی خۆیدا ئەوە روون دەکاتەوە کە لەو ساڵانەدا نوێنەرێکی ئیتتیحاد و تەرەققی بۆ پێوەندی و ئاگاداری بە نهێنی دێتە سوێد.[٣٥] بەڵام ئەم لێکۆڵەرەوەیە ناوی ئەو نوێنەرەی ئیتتیحاد و تەرەققی نابات. لە سەرچاوەی دیکەدا دەگوترێ کە ئەو نوێنەرە ڕێبەرێکی جەمعییەتەکە، ئەحمەد ڕەزا بەگ بووە.[٣٦] لێکۆڵەرەوەیەکی تورکیش، تاریق زەفەر تونایا، دەڵێ کاتێ شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم سەفیری عوسمانی بووە، یارمەتیی گرۆپەکانی ئەحمەد ڕەزا و شازادە سەباحەددینی داوە.[٣٧] کەچی دوای ئیعلانی مەشرووتییەت دەبینین ئەحمەد ڕەزا بەگ دژی شەریف پاشا ڕادەوەستێ و دەبێتە دوژمنی.

کە ئەحمەد ڕەزا بەگ دێتە ستۆکهۆڵم بۆ بینینی شەریف پاشا، ئەم چاوپێکەوتنە سەرنجی موختار بەگی سەکرتێری شاریف پاشا ڕادەکێشێ. موختار بەگ باسی ئەم چاوپێکەوتنەی دژی سوڵتان دەگەیەنێتە

chalakmuhamad@gmail.com

ئەستەمبووڵ و ئیدی هەموو پێوەندییەکانی شەریف پاشا لەگەڵ جەمعییەتی ئیتتیحاد و تەرەققی ئاشکرا دەبێت. کە ئەم رووداوە پێ دەزانرێ، ئیدارەی سوڵتان عەبدولحەمید داوای گرتنی ئەحمەد رەزا بەگ لە شەریف پاشا دەکات، بەڵام شەریف پاشا ئەمە قەبووڵ ناکات و دژی بڕیارەکە ڕادەوەستێ. لە دواییدا مەسەلەی ئەحمەد پاشا دەبێتە هۆی تێکچوونی پێوەندیی نێوان شەریف پاشا و سوڵتان عەبدولحەمید. دوای ماوەیەک شەریف پاشا بۆ سەفارەتخانەی مەدرید دادەنرێ، بەڵام ئەو ئەم کارە تازەیەش قەبووڵ ناکات و لە دواییدا دەست لە کار دەکێشێتەوە. بەم جۆرە شەریف پاشا، بەم کارانەی، ئەحمەد رەزا بەگ لە خەتەر و ترکزەیەکی گەورە ڕزگار دەکات. دوای ئیعلانی مەشرووتییەت ئەحمەد رەزا بەگ ئەم هەموو چاکەیەی شەریف پاشای لە بیر دەچێتەوە و دژی ڕادەوەستێ و نەخشەی کوشتنیشی دادەنێ. دوای ئەم رووداوە پێوەندیی شەریف پاشا لەگەڵ ئەستەمبووڵ بە تەواوی خراپ دەبێت. کاتێ سەعید پاشای باوکی شەریف پاشا ساڵی ١٩٠٧ کۆچی دوایی دەکات، شەریف پاشا ناتوانێ لە پرسەکەی باوکیدا دانیشێ و ڕێگەی گەڕانەوەی نادەن.(٣٨)

وەک پێشتریش باس کرا خراپەی هەرە گەورە موختار بەگی سەکرەتێری یەکەمی، بەرانبەر شەریف پاشا کردی. کە شەریف پاشا دەچێتە پاریس ڕۆژنامەیەک بە ناوی مەشرووتییەت دەردەکات. لەو ڕۆژنامەیەدا شەریف پاشا هەموو خراپە و ناپاکیی موختار بەگ کە لە ستۆکهۆڵم کردوویەتی و عەبدولحەمیدی ئاگادار کردۆتەوە، هەمووی ئاشکرا دەکات.(٣٩) بە پێی هەندی لە وتارەکانی ڕۆژنامەی مەشرووتییەت، موختار بەگ لە ستۆکهۆڵم قەرزاری گەلێک لایەن بووە و هەرگیز بە خەیاڵیدا نەهاتووە ئەو قەرزانە بداتەوە. لەم ڕووەوە لە ئارشیفەکانی سویدیشدا بەڵگەمان بەرچاو دەکەوێت.(٤٠) لەو کاتانەدا کە شەریف پاشا لەسەر کارەکەی نەبووە، موختار بەگ ویستوویەتی بە ناوی شەریف پاشاوە زۆر شت بەبێ گومرک لە سنوورەوە بێنێتە ژوورەوە، تا لە دواییدا بەرپرسیارانی دەوڵەتی سوێد لەم مەسەلەیە ئاگادار دەبن.(٤١) ناوی موختار بەگ لەگەڵ گەلێک بەدکاریدا باس کراوە. بە پێی قسەی شەریف پاشا، کە موختار بەگ سەکرەتێری بووە، پێوەندیی خراپەکاریی لەگەڵ ژناندا هەبووە، لە ستۆکهۆڵم بە "پێکهێنانی حەرەم" تاوانبار کراوە. هەموو بێڕەوشتییەکانی موختار بەگ پاشان لە ڕۆژنامەی ئافتۆنبلادەتدا Aftonbladet لە ژێر ناونیشانی "ئاوڕووچوونێک لە کۆڕی دیپلۆماتیکدا" یەک بە یەک ئاشکرا کراون.(٤٢)

## هاوپایەکی شەریف پاشا: گوستاڤ نۆرینگ

ئەو ساڵانەی کە شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم بووە، سوێدییەک، کە ناوی گوستاڤ نۆرینگ بووە، دژی زۆرداریی سوڵتان عەبدولحەمید، بە پێی توانستی خۆی، شەڕێکی ئیعلان کردووە. گوستاڤ نۆرینگ Gustav Noring (١٨٦١–١٩٣٧)، نە تەنیا لە سوێد، بەڵکە لە وڵاتەکانی دیکەی ئەورووپاش، دژی عەبدولحەمید دەستی بە پرۆپاگاندەیەکی بەربڵاو کردووە. بە کۆنفەرانس، بە بڵاوکردنەوەی کۆڤار و بە هەموو ڕێگەیەک ویستوویەتی خراپە و زۆرداریی سوڵتان عەبدولحەمید لە قاو بدات. لە دواییدا چۆتە سەر دینی ئیسلام و ناوی خۆی گۆڕیوە و کردوویەتی بە عەلی نووری.(٤٣) کە دەوڵەتی عوسمانی لەم کارانەی گوستاڤ نۆرینگ ئاگادار دەبێت، دادگایەکی ئەستەمبووڵ نزیکەی سەدویەک (١٠١) ساڵ حەپسی بۆ دەبڕێتەوە. کە مرۆڤ بە تایبەتی ساڵانی پاریسی شەریف پاشا و کارەکانی گوستاڤ نۆرینگ لە بەر یەک دەگرێ، دەبینێ ئەم دووانە لە زۆر ڕووەوە لە یەک دەچن. گوستاڤ نۆرینگ ساڵی ١٩٠٣ کتێبێکیش بە ناوی "*عەبدولحەمید بە کاریکاتور*" بڵاودەکاتەوە. لەم کتێبەدا گەلێ کاریکاتور و شیعر و نووسراوی دیکەی کە هەمووی ڕەخنەیە لە عەبدولحەمید

chalakmuhamad@gmail.com

بڵاوکراونەوه. له کتێبەکەدا پارچه شیعرێک هەیه به ناوی *"شکاتنامەی عەبدولحەمید"* که ناوی شەریف پاشا و ئەمینه خانمی ژنیشی تێدا هێنراوه. وەک به شیعرەکەدا دەردەکەوێ، عەبدولحەمید لەبەر گلەیی و گازند و بەرهەڵستیی گەل، ویستوویەتی جێگەیەک بۆ هەڵاتن بدۆزێتەوه و شەریف پاشا و ئەمینه خانمی به بیردا هاتووه، ویستوویەتی بچێ بۆ ستۆکهۆڵم. به کورتییەکەی گوستاڤ نۆرینگ لەم شیعرەدا به زمانێکی پلارهاوێژ گاڵته به عەبدولحەمید دەکات و بێدەرەتانیی ئەو پێشان دەدات.(٤٤)

هەم ژیان و هەم کار و شێوەی خەباتی گوستاڤ نۆرینگ و شەریف پاشا زۆر له یەک دەچن. پیاو دەتوانێ ئەم دوو کەسه وەک جمکانەیەک ببینێ. ژنی هەردووشیان شازادەی ئەفریقایی بووه و هەردوو ژنیش لەگەڵ مەسەلەی ژندا خەریک بوون. شەریف پاشا و گوستاڤ نۆرینگ دژی زۆرداری ڕاوەستاون، به هۆی بڵاوکردنەوه و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوه تێکۆشاون. له دواییشدا هەردوویان تاوانبار کراون و حوکوومەت سزای گەورەی بۆ داناون. شتی جیاواز له نێوان ئەم دووانەدا ئەوەیه که دوای مەشرووتییەت (١٩٠٨) گوستاڤ نۆرینگ دەچێته تورکیا و لەوێ دادەنیشێ، بەڵام شەریف پاشا ڕێگای تاراوگەی له بەردەمدا دەمێنێتەوه (دیاره لەبەر ئەوەی کورد بووه: ڕوونکردنەوەی ماموستای کورد) و له پاریسەوه دژی جەمعییەتی ئیتتیحاد و تەرەققی دەست به تێکۆشانێکی تازه دەکات.

## شەریف پاشا له ستۆکهۆڵم بار دەکات؛ ١٩٠٨

به پێی ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی سوێد، شەریف پاشا ڕۆژی ٦-٧-١٩٠٨ له مەراسیمێکی تایبەتدا خواحافیزی له پاشای سوێد، گوستاڤی پێنجەم، دەکات و به ڕەسمی واز له کارەکەی خۆی وەک سەفیری دەوڵەتی عوسمانی دەهێنێ. ڕۆژی دواتر بۆ هەندێ کاری خۆی دەچێ بۆ پاریس. به پێی ڕۆژنامەکان ماڵ و منداڵی شەریف پاشا جارێ له سوێد دەمێننەوه. شەریف پاشا بۆ ئەم دوا مانگانەی ژیانی ستۆکهۆڵمی ڤیللایەک له گەڕەکی سالتشویبادەن Saltsjöbaden ، که گەڕەکێکی یەکجار جوان و خۆشی ستۆکهۆڵمه، به کرێ دەگرێ و لەگەڵ منداڵەکانیدا لەوێ دەژی. دوای گەڕانەوەی له پاریس به تەواوی له ستۆکهۆڵم باردەکات. شەریف پاشا پێش ئەوەی ستۆکهۆڵم به جێ بهێڵێ، له گفتوگۆیەکدا دەڵێ تا کاروباری ماڵەی له پاریس ڕێک دەکەوێ، ماوەیەک له شاری کارلۆڤی ڤاری (کارلسباد) دەمێنێتەوه. ئەم شاره به گەرماوەکانی ناودارە و کاتی خۆی کەسانی وەک گۆیته، مارکس و شیللەریش لەوێ ژیاون.(٤٥) شەریف پاشا کەسێکی وا بووه که زۆر بایەخی به لەشساغیی خۆی داوه و ویستوویەتی له جێگەی تەپوتۆزاوییەوه دوور بێت؛ ئەو ڤیللایەی ناوچەی سالتشویبادەنیشی هەر لەبەر ئەو هۆیه به کرێ گرتووه. پێش بارکردنی له ستۆکهۆڵم به ڕۆژنامەنووسانی سوێدی وتووه که ئیدی لەوەودوا ئامانجی هەره گرنگی ئەوه دەبێت له میسر زەوییه زۆر و زەبەندەکانی به تەکنیکی تازه بێنێته بەرهەم و خەریکی کشتوکاڵ بێت.(٤٦) بەڵام شەریف پاشا کاتێ دەچێته پاریس هەموو شتێک دەگۆڕێت و هەموو نەخشه و پلانەکانی دواڕۆژی سەروبن دەبنەوه. ساڵی ١٩٠٨ تەختی سوڵتان عەبدولحەمید له ئەستەمبووڵ هەڵدەوەشێتەوه، مەشرووتییەتی دووەم ڕادەگەیێنرێت و شنەبای ئازادی و سەربەستی هەڵدەکات. بەڵام تەمەنی ئەم بەهاره کورت دەبێت. ئەم جارەش ئیتتیحاد و تەرەققی له تورکیا زۆردارییەک دێنێته کایەوه که له هی عەبدولحەمید کەمتر نییه و وڵات دەکەوێته دەست عەسکەر.

شەریف پاشا که به ساڵان یارمەتیی ئەم کۆمەڵەیەی داوه، لێیان دوور دەکەوێتەوه و له پاریس لەگەڵ هاوەڵەکانیدا دەست به خەباتێکی سەخت و دژوار دەکات دژی ئیتتیحاد و تەرەققی. ڕۆژنامەیەک به ناوی مەشرووتییەت دەردەکات و پارتییەکی سیاسی

chalakmuhamad@gmail.com

دادەمەزرێنێ. ئەم بەرهەڵستییەی شەریف پاشا هەر لە ساڵی ١٩٠٩ وە تا ساڵی ١٩١٤ بێناوبڕ بەردەوام دەبێت. هاوکاران و خۆبەختکارانی ئیتتیحاد و تەرەققیش دیارە دەستەوسان ڕاناوەستن. بۆ ناوزڕاندنی شەریف پاشا و خەباتی وی، چییان لە دەست هاتبێ کردوویانە و هەمیشە هێرشیان بردۆتە سەری. بەوەشەوە ناوەستن، ئەوجا بۆ لە ناوبردنی شەریف پاشا، ساڵی ١٩١٤ لە ناو شاری پاریسدا هەوڵی کوشتنی دەدەن. کابرای پیاوکوژ، کە ناوی عەلی جەواد بووە، حەققی ئیسماعیلی پیاوی شەریف پاشا دەکوژێ و شۆفێرە فرانسییەکەشی بریندار دەکات، بەڵام خۆیشی، واتە کابرای قاتڵ، بە دەستی ساڵەح بەگی زاوای شەریف پاشا دەکوژرێ.(٤٧)

## شەریف پاشا هەرگیز ستۆهۆڵم لە بیر ناکات

کاتێ شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم بار دەکات زۆری پێ ناخۆش دەبێت و خەمبار دەبێت، چونکە لە ماوەی دە ساڵاندا دەبێتە بەشێک لە ستۆکهۆڵم. ئەگەر شتێکی نەگۆڕاو لە ژیانی شەریف پاشادا هەبێت ئەوە ئەوینەکەیەتی بەرامبەر ستۆکهۆڵم. پاشا ئەوینەکەی خۆی بەم جۆرە بۆ ڕۆژنامەوانێکی سویدی باس دەکات: "من حەیرانی وڵاتی ئێوە و پێتەختە جوانەکەتانم".(٤٨) کە دەشچێتە پاریس هەمیشە ئەم شارە جوانەی لە یاد دەبێت. لە نووسراو و نامە و کارتەکانیدا هەمیشە نیشانی *"سەفیری جارانی تورکیا لە ستۆکهۆڵم"* بە کار دەبات. ئەم دە ساڵەی ژیانی ستۆکهۆڵمی دەبنە ساڵانێکی لەبیرەوەنەچوو. لە ڕۆژنامەیەکدا ستۆکهۆڵمی وەک "جوانترین پێتەختی دنیا" باس کردووە. کە هێشتاش لە ستۆکهۆڵم بووە بە ڕۆژنامەنووسێکی وتووە: "هەم من و هەم شازادەی ژنم لە ستۆکهۆڵم زۆر دڵخۆش بووین و لێرە بووینە خاوەنی گەلێ دۆست. کە لە پاریسیش نیشتەجێ بم، پێوەندیم لەگەڵ ئەو دۆستانەم

کە لە پاریس دەژین هەر بەردەوام دەبێت. ئەوان دەبێ بزانن کە ماڵەکەم هەمیشە کراوەیە بۆیان." ڕۆژنامەنووسەکە دەڵێ شەریف پاشا بە زەردەخەنەوە لەسەر قسەکانی ڕۆیشت و وتی: "کاتێ لە میسر گەرما دەست پێ دەکات، بۆ گەیشتنە فێنکایی، بۆ ڕۆژێکیش بێت خۆم دەگەیێنمە ئێرە."(٤٩) ئیدی نازانین ئایا شەریف پاشا جارێکی دیکە هاتۆتەوە بۆ سوێد یا نەهاتۆتەوە. بەڵام کە شەریف پاشا لە پاریس نیشتەجێ دەبێت سویدییەکان جاربەجار بە سەرلێدان، بە نامە و بە نووسین بەسەری دەکەنەوە. ساڵی ١٩١١ هونەرمەندی سویدی ئیڤان ئاگوێلی Ivan Agueli لە ستۆکهۆڵمەوە سێ نامە بۆ شەریف پاشا دەنێرێ و بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤارێک داوای یارمەتیی لێ دەکات.(٥٠) کە ساڵی ١٩١٤ ئیتتیحاد و تەرەققی هەوڵی کوشتنی شەریف پاشا دەدەن، ڕۆژنامەنووسانی سویدی دەچن سەری لێ دەدەن و گفتوگۆی لەگەڵ دەکەن.(٥١)

تەنانەت دوای ئەوەش کە لە ستۆکهۆڵم بار دەکات، دەبینین ناوی شەریف پاشا لە هەندێ بەڵگەنامە و نووسراودا هەر دەبرێت. هەندێ ڕاپۆرتی دیپلۆماتیکی سویدی کە لە ئەستەمبووڵەوە نێردراون، ئەوە پێشان دەدەن کە دیپلۆماتەکانی سوێد دوای بارکردنی شەریف پاشاش دیسان تاقیبی دەنگوباسیان هەر کردووە و کردویانەتە ڕاپۆرت.(٥٢) لە وتارێکی ڕۆژنامەی سڤێنسکا داگبلادەتدا Svenska Dagbladet کە ساڵی ١٩١٩ بڵاوکراوەتەوە نووسراوە کە شەریف پاشا ناودارترین سەفیری عوسمانییە و ئێستا لە پاریس دەژی و نوێنەری مافی کوردستانە.(٥٣) وەک دەزانین شەریف پاشا بە ناوی کوردەوە لە گوتوبێژەکانی ئاشتیی پەیمانی سیڤردا بەشداریی کردووە. لەو ساڵانەدا لە تورکیاوە بەرهەڵستییەکی گەورە دژی شەریف پاشا دەست پێ دەکات. "کۆمەڵێ تەلگرافی درۆینەی پرۆتێست" لە هەندێ شاری کوردستانەوە بە ناونیشانی باڵوێزخانەی سوێد لە ئەستەمبووڵ دەنێردرێت. وەک دواتر دەردەکەوێ ئەم تەلگرافانە کورد نەیناردوون، بەڵکە هێزەکانی ڕەسمی و

chalakmuhamad@gmail.com

به زانایی ناردوونیان.[٥٤] به كورتییه‌كه‌ی كه شه‌ریف پاشا له سوێده‌وه ده‌چێته پاریس، ناوبه‌ناو، ناو و چالاكییه‌كانی له سه‌رچاوه سوێدییه‌كاندا هه‌ر باس ده‌كرێت.

**سه‌رچاوه‌كان:**


1) Från Stockholms Corps Diplomatique, Dagens Nyheter (DN) 31.5.1908.

٢) به‌شێك له ژماره‌كانی رۆژنامه‌ی مه‌شرووتییه‌ت كه شه‌ریف پاشا له پاریس بڵاوی ده‌كرده‌وه، ئێستا له هه‌ندێ كتێبخانه‌ی ستۆكهۆڵمدا پارێزراون. له كتێبخانه‌ی شاهانه‌ی Kungliga Bibloi-tek ژماره‌كانی: ١١، ١٣، ١٥، ١٨-٢٠، ٢٤-٢٦، ٢٨، ٣٣-٣٥ هه‌ن. له ژماره‌ی ٣٦ه‌وه تا ژماره ٥٤ یش له كتێبخانه‌ی زانستگه‌ی ئوپسالا Carolina Redoviva هه‌ن. كتێبێكی شه‌ریف پاشا كه له پاریس چاپی كردووه، Quelques Reflexions sur la Guerre Turco-Balkanique, Paris 1913 ، له ناو كتێبه‌كانی ئارشیڤی شه‌ردا Krigs Arkivet هه‌یه. هه‌ندێ نامه و وێنه‌ی شه‌ریف پاشاش له به‌شی وێنه و نامه‌ی هه‌ندێ ده‌زگای سوێدیدا پارێزراون. وه‌ك سه‌رچاوه‌كان ده‌ڵێن، یه‌كه‌م وێنه‌كانی شه‌ریف پاشا له لایه‌ن وێنه‌گری پاشای سوێده‌وه، سه‌لما یاكۆبسسۆن Selma Jacobsson ، گیراون (بروانه: Turkiske envojen General Cherif Pascha, Illustreradt Hvad Nytt 23.3.1899 ). وێنه‌ی شه‌ریف پاشا نه‌ك ته‌نیا له مۆزه و كتێبخانه‌كاندا پارێزراوه، به‌ڵكه گه‌لێ وێنه و كاریكاتوری ئه‌و له رۆژنامه و گۆڤاره‌كانی ئه‌و ده‌مه‌ی سوێدیشدا بڵاوكراونه‌وه.

3) Högtidlig Audiens, DN 12.7.1898

4) Cherif Pascha, Ny Illustrerad Tidning, No. 33/ 1898.

5) Hos General Cherif Pascha - En intervju med den populäre diplomaten, Stochkhloms Dagbladet 23.5.1908.

6) Från Stockholms .. DN 31.5.1908.

7) Maktombyte på turkiska legationen, Svenska Dagbladet (SvD) 22.5.1908.

8) Turkiske envojen .. Illustrerad Hvad Nytt 23.3.1899.

9) General Cherif Pascha, Hemmet-Läsning för ung och gammal, no. 10/1903.

١٠) هه‌ندێ نامه‌ی شه‌ریف پاشا له كتێبخانه‌ی نه‌ته‌وه‌یی سوێد Kungliga Biblioteket و كتێبخانه‌ی زانستگه‌ی ئوپسالا و ئارشیڤی ده‌وڵه‌ت Riks Arkivet له ستۆكهۆڵم پارێزراون.

11) W. Unander: På Farofyllda Uppdrag i Österled, Lund 1947, s. 132.

12) Medmänniskor LXXI - Cherif Pascha, Strix 13.7.1899.

13) Sultanens Ambassad i Stockholm, DN 24.5.1908; Turkiska Diplomater i Sverige, Hvar 8 Dag 36/1908.

14) Unander,op. cit. s. 36-37.

15) På grund av fälttjenövningarna, Skånska Dagbladet 1.9.1899.

16) Kungabesöket i Laholm, Skånska Dagbladet 5.9.1899.

17) W. M. Carlgren: "Informationsstycken" från Abdul Hamids senare regeringsår, Historisk Tidskrift 1/ 1952.

18) Unander: op. cit. s.37.

19) Från .. DN 31.5.1908.

20) Förteckning över porträtt målade av Axel Jungstedt, Konst Biblioteket, Stockholm. كۆپییه‌كی ئه‌و وێنانه‌ی كه شه‌ریفه خانم ساڵی ١٩٦٦ له قاهیره به دیاری داونی به سه‌لاحه‌ددین راستگێلدی، ئێستا لای كاك ناجی كوتلاین.

21) Turkiska envojen .. Illustrerad Hvad Nytt 23.3.1899

22) Hos General Cherif Pascha, Stockholms Dagbladet 23.5.1908.

23) Turkiska envojen...

24) Illustrerad Hvad Nytt 23.3.1899.

25) Hos General ...

26) Ibid.

27) Riks Arkivet, Konsulrapport från Konstantinopel, Grupp 16-20, 1595-1922.

28) Turkiske ministern i Stockholm, Varia-Illustrerad månads Skrift, no. 4/1899.

29) Konungens 50-årsdags firande, DN 17.6.1908.

30) FRån Stockholms ...DN 31.5.1908.

31) Fanny Petersson: Prinsessan Emine, SvD 31.5.1908.

32) Ibid.

33) Zeki Sarihan: Kurtulus Savasi Günlügü I, Ankara 1993, s. 373.

34) Yalcin Kücük: Aydin Üzerine Tezler III, Istenbol 1985, s. 220.

35) T. J. Arne: Svenskarna och Österlandet, Stockholm 1952, s. 355.

36) Mehmed Selahaddin Bey: Ittihad ve Terakki'nin Kurulusu ve Osmanli Devleti'nin Yikilsi Hakkinda Bildiklerim, Istenbol 1989, s. 125.

chalakmuhamad@gmail.com

37) Tarik Zafer Tunaya: Türkiye'de Siyasal Partiler II, Istenbol 1984, s. 220.

38) Avliden turkisk statsman, SvD 30.10.1907.

39) Un representant de la Turque en Grece, Mesrutiyet 28/1912; L'assainissement necessaire, Mesrutiyet 34/1912; Un digne representant du Comite, Mesrutiyet, November 1913.

40) Riks Arkivet, UD:s Arkiv, 1902-års Dossiersystem, Turkiet, vol. 999.

41) Ibid.

42) En skandal i diplomatiska kåren, Aftonbladet 2.4.1912.

43) Gunnar Jarring: Gustav Noring, Alias Ali Nouri och hans Turkiska Karl XII Forsknongar, Karolinska Förbundets Årsbok 1976, s. 7-18; Bibliofilen Ali Nouris tankar på upprättandet av ett turkiskt nationalbibliotek, Svenska Forskningsinstitut i Istanbul- Meddelanden 7/1981, s. 26-40; Ali Nouri- Alias Gustav Noring, en viking i frack, Studie Kamraten 3/1982, s. 9-11.

44) Ali Nouri: Abdul-Hamid i Karikatyr, Stockholm 1903.

45) Hos General Cherif Pascha, Stockholms Dagbladet 23.5.1908.

46) Ibid.

47) Komplotten mot Cherif Pascha, Stockholms Tidningen 19.1.1914.

48) Vaktombyte på turkiska legationen, SvD 22.5.1908.

49) Ibid.


50) Axel GAuffin: Ivan Agueli- Människan, Mystikern, Målaren, del II, Stockholm 1941, s. 181-186.

51) Turkiet inför sin undergång? Cherif Pascha om det ungturkiska "mördarpartiets" politik, Stockholms Tidning 19.1.1914.

٥٢) ڕاپۆرتی یەکەم، ڕۆژی ٢٨-٢-١٩١٠ نووسراوە و باسی چالاکییەکانی شەریف پاشا لە پاریس دەکات، بڕوانە: Besickningen i Konstantinopel, Grupp I, 1910-1911؛ ڕاپۆرتێکی دیکە هی ١٦-١١-١٩١٠یە باسی بڕیاری دادگایەکی عوسمانی دژی شەریف پاشا دەکات، بڕوانە: Riks Arkivet, UD:s Arkiv, 1902-års Dossiersystem, Turkiet, vol. 998.

53) Turkiets Stockholmslegation indrages, SvD 17.9.1919.

54) Riks Arkivet, Konsultsrapport från Konstantinopel, Grupp: 16-20, 1895-1922. ئەو تەلگرافە "ساختانە"ی کە دژی پەیمانی شەریف پاشا و بۆغوس نوبار بۆ باڵوێزخانەی سوێد نووسراون، لەم شارانەی کوردستانەوە نێردراون: دێریک، بەشیری، سیڤەرەک، سیلڤان، مادەن و لیجە. لەم ئارشیڤەدا ئەسڵی برووسکەکان و تەرجەمە فرانسییەکانیشیان هەن و دەست دەکەون.



**ڕۆهات ئالاکۆم** ساڵی ١٩٥٥ لە کورستانی باکوور لە دایک بووە. خوێندنی لە شاری قەسرێ تەواوکردووە و پاشان چووەتە ئەستەمبووڵ و لەوێ لە زانستگەی ئەستەمبووڵ ساڵێک ڕۆژنامەگەریی خوێندووە و لە ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٨دا لە زانستگەی ئەنکارا سایکۆلۆگیی خوێندووە. دوای ئەوە دەچێتە دەرەوەی وڵات و چەند ساڵێک لە فرانکفورت، لە ئەڵمانیا دەژی و دواتر دەچێتە سوێد. یەکەمین کتێبی ڕۆهات کۆمەڵە شیعرێکە ساڵی ١٩٧٠ بە ناوی "منداڵانی یەنیجی"یەوە بڵاودەبێتەوە. بە هۆی ئەم کتێبەوە دەگیرێ و مانگێک لە زینداندا دەبێت. دوای ئەوەی هاتۆتە دەرەوەی وڵات گەلێ وتار و کتێب و نامیلکەی بڵاوکردوونەوە. کتێبە گرنگەکانی ڕۆهات ئالاکۆم، بە کوردی و تورکی، ئەمانەن:

* پرۆسەی پەروەردەکردن لە کوردستان، ستۆکهۆڵم ١٩٨٥.
* دووسەد ساڵەی کوردناسی، کوێلن ١٩٨٧.
* بابەتی کورد لە ئەدەبیاتی تازەی تورکیدا، ستۆکهۆڵم ١٩٨٩.
* مۆتیڤی کورد لە سەرچاوە سوێدییەکاندا، ستۆکهۆڵم ١٩٩١.
* بەسەرهاتێکی لەبیرەوەنەچوو: سەعیدی کوردی، ئەستەمبووڵ ١٩٩١.
* ژانی هەر گەورەی زیا گوێکئەلپ: کورد، ئەستەمبووڵ ١٩٩٢.
* واقیعی کورد لە بەرهەمەکانی یەشار کەمالدا، ئەستەمبووڵ ١٩٩٢.
* سەروەریی ژنان لە فۆلکلۆری کوردیدا، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤.
* هێزێکی نوێ لە کوردستاندا: ژنی کورد، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥.
* جەنەراڵ شەریف پاشا، ستۆکهۆڵم ١٩٩٥.

chalakmuhamad@gmail.com

# ئیسلامییەکان و کێشەی کورد

بەشی دووەم

شێخ عومەر غەریب

هەروەک لە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەمان، لە ژمارە (۲۲)ی ئەم گۆڤارە و لەژێر هەمان ناونیشاندا باسمان لێوە کرد، گشت پارت و بزووتنەوە مارکسی و دیموکراسی و لیبرالی و نەتەوەییەکانی عارەب و تورک و فارس، تەنانەت پارت و بزووتنەوە ئیسلامییەکانی نێو ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەی کوردستان و دەوروبەری، هیچ پرۆژە و بەرنامە و هەڵوێستێکی ڕامیاری دیاریکراوی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان، سەبارەت بە کێشەی کورد پێ نییە. واتە بەرنامەیەکی سەلمێنراو و ئاشکرایان نییە بۆ پشتگیریکردن لە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، یان هەر نەبێ بۆ پشتیوانیکردن لە مافی چارەنووسی ڕەوای نەتەوەی کورد، وەک ئەوەی کە پشتیوانی لە نەتەوەکانی خۆیان و نەتەوە ئیسلامییەکانی دیکەی وەک کشمیر و ئەفغانستان و تاجیکستان و فلپین و تورکمەنستان و...هتد دەکەن.

ئەم دووڕوویی‌یە لە هەڵوێستدا لە لایەن ئەو پارت و بزووتنەوە ئیسلامییانەی نێو ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان کۆڵۆنی کردووە، لەپێش هەموو شتێکدا پێچەوانەی خودی یاسای شەریعەتی ڕەوای ئیسلام و دژ بە دادگەری و سروشتی بیری مرۆڤایەتییە، تەنانەت ئەو پارتە ئیسلامییانەی وەک (الاخوان المسلمین و پارتی ئازادی ئیسلامی و پارتی دەعوەی ئیسلامی، یان پارتی ڕەفای تورک)، لە پێناوی بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی خۆیان و بۆ ئیستیهلاکی ڕۆژانە و بۆ فریودانی میللەتی کورد، زۆر جار پڕوپاگەندە بڵاو دەکەنەوە و لافی ئەوە لێدەدەن کە ئەگەر بێت و دەسەڵات پەیدا بکەن و هێز و دەوڵەتیان بکەوێتە ژێر دەست، ئەو کاتە دان بە مافی ڕەوای میللەتی کورددا دەنێن و هەموو هێزێکی سەربازی و دیمەنی چەکداری لە کوردستان ناهێڵن و لە هەموو پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان دەکشێنەوە و کورد خۆی دەکەنە سەرپشک بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی لە دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیدا.

chalakmuhamad@gmail.com

ئەگەر ئێمە ئاوڕێک لە مێژووی دێرین و نوێی میللەتی کوردمان بدەینەوە، ڕاستی و ناڕاستی و پاکی و ناپاکی هەڵوێستی ئەو بزووتنەوە و پارتانەمان بۆ ڕوون و ئاشکرا دەبن، چونکە لە مێژەوە دڵپاکیی و سادەیی میللەتی کوردیان وەک (ماشە) بۆ مەبەست و مەرامی تایبەتی خۆیان بەکار هێناوە، هەر کە بە ئامانجی خۆیان گەیشتوون، نەک هەر ئاوڕێکیان لێ نەداوەتەوە، بەڵکە بە دڕندانەترین شێوە ڕەفتاریان لەگەڵدا کردووە و وەکوو پەڕۆی بێنوێژ فڕێیان داوە.

بۆ باشتر هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکەم با بڕوانینە هەڵوێستی یەکە بە یەکەی ئەو پارت و بزووتنەوانە، تەنانەت کە هێشتا هیچ هێز و دەسەڵاتێکیان بەدەستەوە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە نین دان بە بچووکترین مافی نەتەوایەتی یان سیاسی ڕەوای میللەتی کورددا بنێن. نەوەک لە پاشەڕۆژدا بە هەڵوێست لە سەریان بژمێردرێ، باشە ئەمانە ئێستا وا دەکەن ئەی ئەگەر سبەینێ دەسەڵاتیان وەچنگ کەوت، چۆن دان بەو مافانەدا دەنێن؟ باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەم کارنامەکەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، کە لە ساڵی (١٩٧٩)ەوە تاکو ئێستا لە ئێراندا پیادە دەکرێ. خوانەخواستە نەک سەربەخۆیی و ئازادی و مافی چارەنووس، تەنانەت ئامادە نین دان بە بچووکترین مافی نەتەوایەتی میللەتی کورددا بنێن، سەرەڕای ئەوەش، هەزاران درۆ و بوختانی نابەجێی بۆ هەڵدەبەستن، وەک ئەوەی کە دەیبینین، دیوار و بەردەشاخەکانی شار و دێهات و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان بەو بوختان و باو و باڵۆرانە تەنیوە (ما با کرد نمی جنگیم، با کفر می جنگیم) واتە: ئێمە دژی کورد ناجەنگین، دژی کوفر دەجەنگین. بەڵێ، هەر پارتێکی کوردی خاوەن هەر ئایدیۆلۆژییەتێک بێ و بۆ ئازادی و سەربەخۆیی یان بۆ بچووکترین مافی نەتەوایەتی میللەت و نیشتمانەکەی خۆی خەبات بکات، ئەو پارتە بە کافر و لەئایینوەرگەڕاو لە قەڵەم دەدرێ و بە تەرازووی چەوتوچێڵی نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی ئێران و بزووتنەوە ئیسلامییەکانی دیکە، سەر و ماڵیان حەڵاڵە و کوشتنیان جائیزە.

میللەتی کوردمان دەبێ بە هەموو هێزێکیەوە ڕووبەڕووی ئەو هەڵوێستە نامرۆڤانانە بوەستێ و لەوە هۆشیارتر بێ کە بە ناوی ئایین و مەزهەبەوە تەفرە بدرێ، چونکە ئەو زۆردارانە، ناوی شەریعەت و ئیسلام و قورئانی پیرۆز وەک سپەرێک، بۆ مەبەستی گڵاوی سیاسی و سوودی تایبەتی خۆیان بەکار دەهێنن، نەک بۆ گەشەکردنی ئیسلام. چونکە شەریعەتی ئیسلام و یاساکانی قورئانی پیرۆز، ڕاستەوخۆ دژ بە داگیرکردن و چەوسانەوەن و لەگەڵ ئازادی و سەربەخۆیی هەموو میللەت و نەتەوەیەکدان. ئیسلام بۆ گشت نەتەوەکانی جیهان بەتێکڕایی و بەبێ جیاوازی ڕەنگ و زمان و ڕەگەز و نەتەوە ئایینێکی ئینسانی و دادگەری و بەرابەرییە، ئێمە ئاوها ئیسلام ئەناسین، میللەتی کورد ئاوها ئیسلامی ناسیوە، بەڵام سەد حەیف و مخابن عارەب و تورک و فارس ئایینی ئیسلامیان تەنیا بۆ بەرژەوەندییە نەتەوایەتی و ڕامیارییە تایبەتییەکانی خۆیان بەکارهێناوە و دێنن، ئەوان و هەر میللەتێکی دیکەش مافی خۆیانە کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتیی خۆیان سوود لە ئیسلام یان لە هەر شتێکی دیکە وەربگرن، بەڵام نەک بە ناوی ئیسلامەوە میللەتانی دیکە بکەنە بەردەباز و وڵاتەکانیان داگیر بکەن و بە هەموو شێوەیەک بیانچەوسێننەوە، ئێمە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەوان نین و هەروەها ئەوانیش نابێ دژی بەرژەوەندییەکانی کورد و کوردستان بن! ئیسلام و مرۆڤایەتی ئاوها حوکم دەکات، بەڵام ئەوەی ئەوان کردوویانە و دەیکەن بێگومان پێچەوانەی ئیسلام و مرۆڤایەتییە، ئەوان چۆن خۆشی و ئازادی و سەربەخۆیی بۆ گەل و نیشتمانی خۆیان داوا دەکەن، دەبێ ئاوهاش تەماشای کورد و کوردستان بکەن.

یەکێک لە مانای مرۆڤایەتی و دادگەری و بەرابەری ئەوەیە و مەبەستی ئیسلامیش لەدوای ناسین و پەرستنی خوای گەورە، خزمەتکردنی نەتەوەکانە و نەهێشتنی زوڵم و زۆر و ستەمگەرییە لەسەریان، هەر

chalakmuhamad@gmail.com

لەبەر ئەوەیە کە خوای مەزن ڕێگای خۆی بە ڕێگای چەوساوەکان داناوە و ڕێگای چەوساوەکانیشی بە ڕێگای خۆی داناوە. واتە خەباتکردن لە پێناو چەوساوەکاندا لەڕاستیدا خەباتکردنە لە پێناوی خوادا، بۆیە بە ئاشکرا قورئان دەڵێ: "ومالکم لاتقاتلون فی سبیل الله والمستضعفین.." ٤/٧٥ واتە: "بۆچی لەپێناوی خودا و چەوساوەکاند ناجەنگن و خەبات ناکەن."

بەڵام زۆر بەداخەوە پارت و بزووتنەوە ئیسلامییەکان، بە چاوێکی مرۆڤانە و دروست و دادگەرانە و بەپێی یاسای ئیسلام تەماشای کێشەی کورد ناکەن و دان بە مافەکانی سەربەخۆیی و چارەنووس و ئازادیی نەتەوەی کورد و نیشتمانە داگیرکراو و دابەشکراوەکەیدا نانێن. ئەو میللەتەی کە بە درێژایی مێژوو گەورەترین و گرنگترین خزمەتی هەبووە بۆ ئیسلام و موسڵمانان لە هەموو بوارەکانی سەربازی و زانیاری و ڕۆشنبیرییەوە. مخابن میللەتانی دراوسێی کورد نرخی ئەو خزمەتانەیان نەزانی و بێئەمەکییان لە ئاستی کورددا کرد.

تا ئێستاش بزووتنەوە ئیسلامییەکان هەمان هەڵوێستیان سەبارەت بە کێشەی کورد هەیە و بە هەمان پێوەر تەماشای کێشەکەی دەکەن، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٤دا سێ کتێب دەرچووە بە ناوی (الأمة في عام) لەلایەن (مركز الدراسات الحضارية) کە ناوەندەکەی لە قاهیرەی پایتەختی میسرە، ئەو کتێبانە لەلایەن نووسەر و زانا و ڕێبەرانی بزووتنەوە ئیسلامییەکانەوە نووسراوە وەک دکتۆر یوسف القرضاوی و دکتۆر احمد العسال و دکتۆر سید دسوقی و دکتۆر محمد سلیم العوا، لە ڕاستیدا برێ لەم نووسەرانە زۆر بە ئەمەکانەوە دەدوێن وەک ڕۆژنامەنووس فهمی هویدی، بەڵام لەو سێ کتێبەدا بە شێوەیەکی تێروتەسەل و مەوزوعییانە باسی کێشەی کورد نەکراوە و بەڵکە هەر نەکراوە و تەنیا لە کۆتایی کتێبی سێیەم بەم شێوە نەرێتییە باس کراوە: "**المحور الثاني تناول إشكالية التجزءة والوحدة في الوطن العربي من خلال مشكلة جنوب السودان والمسألة الصومالية والقضية الكردية في العراق.**"(١)

واتە: میحوەری دووەم، باسی گیروگرفتی پەرتکردن و یەکێتییە لەناو نیشتمانی عارەبدا وەک بە هۆی مەسەلەی باشووری سوودان و مەسەلەی سۆماڵ و کێشەی کورد لە عیراق." نووسراوەی سەرەوە نوێترین هەڵوێست و نووسینی ئیسلامییەکانە سەبارەت بە کێشەی کورد، بەتایبەت کۆمەڵی (**الاخوان المسلمين**)، ئەوان بە تێروتەسەلی باسی گشت کێشەکانی میللەتانی موسوڵمانانیان کردووە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و ڕزگاربوونیان لە چەوسانەوە و داگیرکەران، تەنیا ئەو مافەیان بۆ میللەتی کوردی کوردستانی خواروو بە ڕەوا زانیوە و بەشەکانی دیکەیان پشتگوێ خستووە.

کابرایەکی تریان بە ناوی دکتۆر محمود حسینات لە نووسینێکی خۆی لەژێر ناوی: (ڕێکخراوی ئازادیخواز ـ ئەمریکا ـ دەوڵەتی جوولەکە)، لەدوای باسکردنی کێشەی فەلەستینییەکان و گیروگرفتیان لەگەڵ ئیسرائیل و ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین و لوبنان دەڵێ: ئەمریکا چەندین ئامانجی هەیە و یەکێک لەوانە ئەوەیە: "**تعميق روح التجزءة فكرياً كدعم الدروز والبهائية والنصارى، وسياسياً كدعم الأقليات كالاكراد والبربر.**"(٢) واتە: وەکوو بیر، هەوڵی قووڵکردنەوەی گیانی دووبەرەکی دەدات وەک پشتگیریکردن لە درووز و بەهائی و خاچدروشمەکان، لە ڕووی سیاسیشەوە پشتگیریکردنی کەمە نەتەوایەتییەکانی وەک کورد و بەربەر.

ئەم برادەرانە بەم چەشنە تەماشای کێشەی کورد دەکەن و میللەتێکی زیاتر لە سی ملیۆنی بە کەمەنەتەوە دەژمێرن، بەبێ ئەوەی کە بە شێوەیەکی زانستییانە و مێژووییانە و مرۆڤانە کێشەی کورد لە تەرازووی دادگەری و مرۆڤایەتی و بەرابەری و ئازادی هەڵسەنگێنن بەڵام ئەو مافانە بۆ خۆیان و نیشتمانەکەیان ڕەوا دەبینن.

لەڕاستیدا بزووتنەوە ئیسلامییەکان وەک بزووتنەوە فیکرییەکانی تر لێکۆڵینەوە دەکەن و هەڵوێست دەنوێنن دەربارەی کێشەی کورد هەروەک مامۆستا (محسن

chalakmuhamad@gmail.com


الحاج ال سفر) نووسراوێکی هەیە بە ناوی (مەسەلەی کورد) کە لە ڕۆژنامەی (دار السلام)ی پارتی ئیسلامی عێراق کە لقێکە لە کۆمەڵی ئیخوانولموسلمینی عێراق، ئەم کابرایە بەوەش ڕازی نییە کە کوردستان ویلایەتێک بێ لە دەوڵەتی گەورەی ئیسلامی، بە بۆچوونی ئەو ئەم جۆرە چارەسەرانە لادانە لە یاسای ئیسلامەتی: "كثيراً مايختلط على الاسلاميين حين يكتبون عن المسألة الكردية، اذ في غمرة التوجهات القومية الطاغية، والحديث عن الحقوق المهضومة للشعب الكردي، ورغبة في الافصاح عن الحل الاسلامي للمسألة، تبرز بين الحين والآخر آراء تدعو الى طرح فكرة الولايات الاسلامية المستقلة (أي أن يكون للكرد ولاية مستقلة، وكذلك لغيرهم، على غرار نظام الولايات في الخلافة الاسلامية) وماأشبه ذلك من آراء يراد لها أن تكون حلاً اسلامياً عادلاً وتقدمياً. وهذه الآراء في حقيقتها تمنيات قومية، ألبست الاسلام ورفعت عليها شارته، فيظن الظان أنها حل اسلامي وهي أبعد ماتكون عنه."(٣)

لە شوێنێکی تردا هەر ئەم نووسەرە لەدوای بەرگریکردن لە دیواری ناپیرۆزی سایکس-پیکۆ دەڵێ: "ان وجود الشعب الكردي في أربع دول متجاورة ايران، العراق، تركيا، سوريا يجب أن ينظر اليه في هذا السياق."(٤)

واتە: "بوونی میللەتی کورد لە چوار دەوڵەتی دراوسێی، ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا دەبێ بەم چەشنە تەماشا بکرێ". ئەم بابایە بەئاشکرا دەڵێ کە نەتەوەی کورد نابێ ببێ بە یەک یان دووبارە یەکبگرێتەوە و دەبێ هەر ئاوها پچڕ پچڕ و دابەشکراو بێت بەسەر دەوڵەتانی داگیرکەری ناوبراو، بۆ ئەوەی هەر ئەوان ئابووری کوردستان تالان بکەن و بەشەکانی کوردستان هەر بە دیلی و ژێردەستەیی لەژێر ڕکێفی ئەوان بمێننەوە.

دەوروبەری ساڵی ١٩٩١ چووم بۆ دیداری برادەرێکی کورد، کە لە دایرەی پیشاوەری «هيئة الاغاثة الاسلامية العالمية» کاربەدەست بوو، لە ژوورەکەیدا چەند کەسێکی عارەب دانیشتبوون کە هەندێکیان کاربەدەستی ئیدارەکە بوون و هەندێکی تریان لە دەرەوە هاتبوون، یەکێکیان کابرایەکی فەلەستینی و قوتابی بوو لە کۆلێژی پزیشکی، لەسەر کێشەی کورد بوو بە گفتوگۆمان. لە پێشەوە ئەو برادەرە فەلەستینییە هەندێک بەرگری و قسەی چاکی کرد لەسەر لێقەوماویی میللەتی کورد و وتی: "بە ڕاستی عارەب بە گشتی و فەلەستینییەکان بەتایبەت گەلێک قەرزاری میللەتی کوردن لەبەر ئەو هەموو خزمەتەی کە صلاح الدين ايوبي کردی..." دوایی منیش بە کورتی قسەم لەسەر مێژووی نەتەوەی کورد بۆ ئەوان ئەکرد و هێشتا قسەکانم تەواو نەبوون، دیتم یەکێک لە دانیشتووان بە ناوی «شێخ عبدالحمید سلفی» کە بە شێخی سەلەفییەکانی پێشاوەر دەژمێردرێ هەڵسا و نیشانەی گرژبوون و توورەیی لەنێو چاوانی دیار بوو. پاش ڕۆژێک برادەرە کوردەکە هاتە ماڵمان و وتی: "مامۆستا ئەزانی شێخ عبدالحمید سلفی دوێنی لەو گفتوگۆیە زۆر توورە بوو." وتی: "چۆن شێخ عومەر غەریب کە ئیسلامە ئەو قسانە دەکات و دەڵێت کورد عێراقی و ئێرانی و سوری و تورک نییە و کورد مافی هەیە کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبێ، ئەم قسانە دوورە لە ئیسلام و بۆنی بیری نەتەوایەتی لێ دێ و ئێمە بەتوندی دژی ئەم بۆچوونەین لەبەرئەوە ئەگەر باکووری عێراق جودا بکرێتەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێ ئێمە لە سێ ڕووەوە زیان بە عیراقییەکان دەگەیەنین:

یەکەم: زیانێکی گەورە بە ئێمە دەگات لە ڕووی ئابوورییەوە، چونکە گشت نەوتی عێراق لە خاکی کورداندایە، لە کەرکووک و موسڵ.


دووهەم: زیانگەیاندن لە ڕووی فراوانی خاکی عێراق لەبەرئەوەی ئەو کاتەی بەشی سەرووی جودا بکرێتەوە، عێراق بچووک دەبێ و لە لایەکی دییەوە باکووری عێراق گەلەک دەوڵەمەندە لە ڕووی ئاو و نەوت و کان و کشتوکاڵ و میوەجات و شتی تر.

سێهەم: زیانگەیاندن لە ڕووی ئایینزا (مذهب)ەوە،

chalakmuhamad@gmail.com

چونکە لە کاتی جودابوونەوەی باکووری عیراق سوونییەکان زۆر کەم ئەبنەوە و شیعەکان گەلێک زۆرتر ئەبن، لەبەرئەوە زۆربەی زۆری کوردەکان سوننی ئایینزان.!!!

ئەوجا خوێنەرەوەی بەڕێزم، عیراقییەکان بە گشت بیروباوەڕێکەوە، هەروەها تورک و فارس و سووریاییەکانیش، بەو شێوەی سەرەوەی کە ئەو کابرا ئیسلامە دریکاندی، تەماشای کێشەی کورد دەکەن، پێش هەر شتێک ئەوان تەماشای بەرژەوەندییەکانی ڕامیاری و ئابووری و مەزهەبی و نەتەوایەتی و نیشتمانی خۆیان لەپێش هەموو شتێک دادەنێن، ئەگەریش لەسەر حیساب و ڕەنج و مافی کورد و کوردستان بێ، ئەوان بەپێی یاسای دادگەری و بەرابەری و ئازادی و مرۆڤایەتی و پێشێلنەکردنی مافی میللەتان، کە ئیسلام و ژیری و یاسای مرۆڤایەتییە ڕەفتار ناکەن بەڵکە تەنیا و تەنیا خەبات و تێکۆشان دەکەن بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان و بۆ ئەوەی ئەم بەرژەوەندییانە بپارێزن و بەشەکانی کوردستان هەر بە داگیرکراوی و ژێردەستەیی بمێننەوە و پتر ئابووریی کورد تالان بکەن، هەموو کارێک دەکەن و گشت ڕێگایەک دەگرنە بەر وەکوو سوودوەرگرتن لە ئایین و مەزهەب و شتی تر و دەڵێن: کاکە هەموومان موسوڵمانین و براین و جیاوازی نێوان موسوڵمان لەگەڵ موسوڵمان نییە و بیری نەتەوایەتی بیرێکی خراپ و ئیستعماری و دژ بە ئیسلامە و مرۆڤی موسوڵمان ئەبێ دوور بێ لە بیری نەتەوایەتی و نیشتمانی و نابێ بە هیچ جۆرێک ئەوتۆ دەمارگیرییەکی هەبێ، چونکە عیراق و ئێران و تورکیا و سوریا...هتد هەموو وڵاتانی خۆمانە و شەریکی بەرژەوەندی یەکترین!!




لەڕاستیدا ئەم قسانە کە بە ناوی ئایین و مەزهەب یان بە ناوی هەر بیر و ئایدیۆلۆژییەکی ترەوە بێ، فێڵاوین و بیر و بۆچوونێکی ناڕەوا و نامرۆڤانەن و دژ بە یاسای ئیسلامن، چونکە مافی میللەتان چ لە ڕووی نەتەوایەتی یان ڕامیاری یان ئابووری...هتد لە ئیسلامدا باسکراوە و پارێزراوە و بەپێی ئەو شەریعەتە نابێ بە هیچ جۆر مافی میللەتان بفەوتێ و پێشێل بکرێ، بەرگریکردن لە ستەملێکراویی هەر میللەتێک شتێکی زۆر ڕەوا و پیرۆزە لە ئیسلامدا و لەم بارەیەوە حەزرەتی موحەممەد (د.خ) فەرموویەتی: "خیرکم المدافع عن قومه مالم یأثم."(٤) واتە: "باشترین کەسی ئێوە، ئەو کەسەیە کە بەرگری لە نەتەوەکەی بکات، بەڵام تووشی گوناه نەبێ." مانای ئەو حەدیسە ئەوەیە کە هەر مرۆڤێک بۆی هەیە خەبات و تێکۆشان بۆ نەتەوەکەی بکات ئەگەر لەژێر زوڵم و داگیرکردن و ژێردەستیدا بێ، تا ئازاد و ڕزگار و گشت مافەکانی پێشێلکراوی بە دەست بێنێ، ئەو کاتە نابێ لە سنووری خۆی دەر بچێ و پەلاماری خاک و میللەتانی تر بدات و داگیریان بکات و نابێ ڕێز لە ڕەگەز و ماف و نیشتمانی نەتەوەکانی تر نەگرێ. ئەم جۆرە کار و کردەوە و بۆچوونانەی سەرەوە ڕەوشتی ڕەگەزپەرستی و ئەپارتایدی ستەمگەرانەیە و حەدیسی ناوبراو ئەم شێوانەی تێکۆشانی نامرۆڤانە و ئیمپریالیستیانە قەدەغە دەکات.

chalakmuhamad@gmail.com

لە ئایینی ئیسلامدا داگیرکردن و زەوتکردنی ماف و خاکی کەسێک یان میللەتێک حەرام و قەدەغەیە و لەعنەت و نەفرینی کردووە لە داگیرکەران و ئیستعمارگەران کە خاک و ماف و نیشتمانی نەتەوەکانی دیکە داگیر و پێشێل دەکەن، لە گشت کتێبەکانی شەریعەتی ئیسلام بە روونی و تێروتەسەلی لەسەر مەسەلەی داگیرکردن یان بەپێی واژەی ئیسلامی (غصب) بابەت نووسراوە و گفتوگۆی لەسەر کراوە، بۆ نموونە یەکەم جار چەند حەدیسی پیرۆزی پێغەمبەر (د.خ) دێنینەوە و لە پاشاندا باسی چەند بابەت یاسای شەریعەتی ئیسلام دەکەین لەسەر حەرامکردن و یاساغبوونی داگیرکردن:

**یەکەم: حەدیس**

١- «**من غصب رجلاً أرضاً ظلماً لقي الله تعالى وهو عليه غضبان.**»(٥)

واتە: کەسێک خاکی کەسێکی دیکە بەزۆر داگیر بکات خوا لەو دونیا بە تووڕییەوە لەگەڵی دەدوێ.

٢- «**مَنْ ظلم شيئاً مِنَ الأرض طوقه من سبع أرضين، ومن قتل دون ماله فهو شهيد.**»(٧)

واتە: ئەگەر کەسێک ناڕەوایی بەرامبەر بڕۆکەیەک زەوی بکات بە ناخی حەوت چینی زەوییدا دەبرێ، کەسێکیش لەپێناوی ماڵی خۆیدا بکوژرێ شەهیدە.

**دووەم: شەریعەتی ئیسلام**

١- ئیمام ئەبوو ئەحمەد کوڕی حەزمی ئەندەلووسی دەڵێ: «**فمن غصب شيئاً أو أخذه بغير حق لكن ببيع محرم أو هبة محرمة أو بعقد فاسد أو وهو يظن أنه له ففرض عليه أو يرده له.**»(٨)

واتە: کەسێک ئەگەر شتێک داگیر بکات یان بەبێ مافی خۆی بیسێنێ ئەمما بە کڕینێکی حەرام یان بەخشینی بە حەرام یان بە عەقدی نادروست یان بە گومان بێ لێی هی ئەوە، لەسەری واجبە کە شتەکە بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنێتەوە.

٢- زانای گەورە ئەحمەد کوڕی تەیمیە دەڵێ: «**الغصب وهو الاستيلاء على مال الغير ظلماً، قوله على مال الغير ظلماً: يدخل فيه المسلم والمعاهد.**»(٩)

واتە: داگیرکردن یانی دەستبەسەرگرتن بەزۆر بەسەر ماڵی کەسێکی تر، وتەی دەستبەسەرگرتن بە زوڵم بەسەر ماڵی کەسی تر: دەگەڕێتەوە بۆ موسوڵمان و ناموسوڵمان.

٣- دکتۆر وەهبە ئەلزوحەیلی دەڵێ: «**الصلاة في الأرض المغصوبة حرام بالاجماع، لأن اللبث فيها يحرم في غير الصلاة، فلأن يحرم في الصلاة أولى.**»(١٠)

واتە: نوێژکردن لە خاکی داگیرکراودا بە ئیجماع حەرامە، تەنانەت مانەوە لەوێ بەبێ کاتی نوێژ حەرامە، ئەمجا بۆ نوێژ دەبێ چەند حەرام بێ.

٤- شەریعەتزانی گەورە کوڕی قودامە دەڵێ: «**الغصب هو الاستيلاء على مال غيره بغير حق، وهو محرم بالكتاب والسنة والاجماع.**»(١١)

واتە: داگیرکردن یانی دەستبەسەرگرتن بە ناهەق بەسەر ماڵی کەسێکی تردا، ئەوەش لە کیتاب و سوننەت و ئیجماعدا حەرامە.

ئەمە زۆر بە کورتی سەبارەت بە قەدەغەکردن و حەرامبوونی داگیرکردن لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە، ئێمە لێرەدا پرسیار دەکەین: ئایا بزووتنەوە ئیسلامییەکان چۆن داگیرکردنی ماف و ماڵ و خاکی کوردستان بە حەلاڵ و ڕەوا دەزانن و بە پێچەوانەی ئیسلام و یاسا و شەریعەتەکەی هەڵوێستی ناڕەوا و نامرۆڤانە دەردەبڕن دەربارەی کێشەی کورد و کوردستان؟ ئەوان تەنانەت ئەوەش ناسەلمێنن کە کوردستان داگیر کراوە، ئەمە ئەوپەڕی بێویژدانی و ستەمگەری و لادانە لە یاسای ئیسلام و مرۆڤایەتی. بۆ نموونە لە هاوینی ساڵی ١٩٩٢دا من لەگەڵ چەند برادەرێکی کورد چووینە سەردانی مامۆستا کەمال ئەلهەلباوی لە «معهد الدراسات السياسيه» لە ئیسلامئابادی پاکستان، ئەم مامۆستایە، موستەشاری ئەو ئەنستیتوتەی لێکۆڵینەوەکانی ڕامیارییە و یەکێکە لە لێپرسراوانی کۆمەڵی ئیخوان ئەلموسلمین، دوای هەندێک

chalakmuhamad@gmail.com

گفتوگۆ بە کورتی باسی کێشەی کوردم بۆی کرد و وتم: "بە داخەوە هەڵوێستی گشت بزووتنەوە ئیسلامییەکان سەبارەت بە کێشەی کورد سەلبی و خراپە و بەڵکە دژی ئەویشە." ئەو وتی: "مەبەستت چ بزووتنەوەیەکی ئیسلامییە؟" وتم: "گشتیان و بۆ نموونە کۆمەڵی اخوان المسلمین." لێرەدا کاک کەمال هەلباوی تووڕە بوو و لەسەر کورسییەکەی خۆی هەڵسا و وتی: "ئەمە وا نییە و عارەب داگیرکەری کوردستان نییە و بەڵکە کوردستان هەر داگیر نەکراوە." لە وەڵامدا وتم: "مامۆستا کەمال ئەم قسانە لە کابرایەکی زانا و ڕۆشنبیرەوە دوورە و مەسەلەی داگیرکردنی بەشەکانی کوردستان مەسەلەیەکی ڕوون و ئاشکرایە تەنانەت دابەشکەرانی کوردستانیش لە ڕووی جوگرافیا و مێژووشەوە دان بەو ڕاستییانەدا ئەنێن و ئەوە شتێکی ڕاست و سەلمێنراوە و ئەوجا پێتان خۆش بێ یان ناخۆش بێ دوو بەشی کوردستان لە لایەن دوو وڵاتی عارەبەوە داگیرکراوە و داگیرکردن لەئیسلامدا حەرام و ناجایزە و بەتوندی باسی کراوە." ئەوجا دوای ماوەیەک لەسەر داخوازی خۆمان و لە هەمان شوێن کۆنفرانسێک سازدرا و لەو کۆنفرانسەدا وتارێکم خوێندەوە لەسەر مێژووی کێشەی کورد و چارەسەری ئیسلامی، بەڵام بەداخەوە دانیشتوانی کۆنفرانسەکە بە شێوەیەکی ئیجابی و هەقپەسەندانە بەرەو پیری کێشەی ستەملێکراوی کوردەوە نەهاتن و بەڵکە بوختانیشیان بۆ هەڵبەستین، لە ئەنجامدا هەردوولامان بڕیارمان وابوو کە کۆنفرانسێکی فراوانتر دەربارەی کێشەی کورد ببەسترێ، بەڵام هەر بە دوایان خست و نەیان کرد، لە دواییدا من چەند جار تەلەفون و فاکسم بۆیان کرد و بە هەزار حاڵ لەسەر ئەوە پێک هاتین کە لە بەرواری ١٩٩٢/١٢/١٥ کۆنفرانسەکە ببەسترێ، بەڵام هەر قسە بوو، هەرچەندە ئێمە بۆ سازکردنی یەکەمین کۆنفرانسیش سوپاسیان دەکەین!

دووبارەی دەکەمەوە کە بزووتنەوە ئیسلامییەکان، هەروەها گشت بزووتنەوە فیکرییەکانی تر، تا ئەمڕۆ هەر بە سەلبی تەماشای کێشەی کورد دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری تەواو لەسەر مێژووی کورد و کوردستان بەسەر هەموو لایەکیاندا دابەش کراوە و خۆیانیش زانا و ڕۆشنبیرن و ئاگادارن لە وەزع و مێژووی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، واش نەبێ ئەوان زانیارییان لەسەر مێژووی کورد و کوردستان نەبێ، بەڵام هەر وەک پێشتر گوتمان لەبەر بەرژەوەندییە نەتەوایەتی و ڕامیاری و مەزهەبی و ئابووری و جوگرافیایی و نیشتمانیی خۆیان، دان بە مافە داگیرکراو و زەوتکراوەکانی کورددا نانێن. ئەوان بێگومان ئاگاداری هەموو بەدبەختی و بەشخوراوی و لێقەوماوی کوردن، چونکە زۆربەی زۆریان خوێندنی باڵایان تەواو کردووە، یان پلەی ماستەر یان دکتۆرایان هەیە، لە کاتێکدا گشت بزووتنەوەکانی کورد بە ئیسلامی و چەپ و ڕاست و تەنانەت شوانێکی کورد بەرگرییان لە کێشەکانی فەلەستین و ئەفغانستان و کشمیر و شوێنانی تر کردووە. مێژووی ئەم وڵاتانە شاهیدی پیاوەتی و مەردایەتی و دڵپاکی و مرۆڤایەتیی کوردن بەڵام زۆر مخابن ئەوان بەرانبەر بە کورد وا نەبوون و بەردەوام نکۆڵی لە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد دەکەن و وەک دکتۆر مسعد الفلاحی کە پلەی دکتۆرای ڕامیاری هەیە و یەکێکە لە لێپرسراوانی ئیخوانولوسلمینی عیراق دەڵێ: **«المحافظة على استقلال العراق السياسي ووحدته الجغرافية وصيانة الوحدة الوطنية للشعب العراقي.»**(١٢)

واتە: ئەبێ پارێزگاری لە سەربەخۆیی ڕامیاری عیراق و یەکێتییە جوگرافیاییەکەی و پارێزگاریش لە یەکێتیی نیشتمانی میللەتی عیراق بکرێت.

دیسان ئەم کابرایە دەڵێ: **«وهناك منطقة آمنة مفروضة في الشمال أي تكريس تقسيم العراق.»**(١٣)

واتە: لەوێ ناوچەیەکی هێمنی فەرزکراو هەیە کە خزمەتی دابەشکردنی عیراق دەکات.

دەربارەی پارتی دەعوەی ئیسلامی عیراق دۆستێکم کە زانایەکی ئایینی کوردە بۆی گێڕامەوە و وتی: سێ کەس لە لێپرسراوانی پارتی دەعوەی ئیسلامی عیراق لە ساڵی ١٩٨٥ هاتنە لام و لەسەر ڕاگەیاندنی ئیسلامی و

chalakmuhamad@gmail.com

دامەزراندنی لقێکی پارتی دەعوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق گفتوگۆیان لەگەڵدا کردم و لەسەر بابەتەکان پێک هاتین، بەڵام کە وتم ناوی پارتی دەعوەی ئیسلامی عیراق لقی کوردستانی لێ دەنێین، هەر کە ئەم وتەیەم بەزاردا هات لێپرسراوەکانی پارتی دەعوە نێوچاوانیان گرژ کرد و وتیان: "مامۆستا سوپاس بۆ خوا جەنابت زانای ئایینی ئیسلامی و لە دەمارگیریی نەتەوایەتییەوە دووری و چۆن ئەو قسانە دەکەی و هەموومان عیراقی و موسوڵمانین و جیاوازیش لە نێوانماندا نییە و عیراقیش عیراقی هەمووماننە بە عارەب و کورد و ئەوانی ترەوە." دۆستەکەم پێیانی وتبوو: "باشە ناوەکە چ بێ؟" وتبوویان ناوەکە: "پارتی دەعوەی ئیسلامی لقی باکووری عیراق" بێ. دۆستەکەم لە وەڵامدا وتی: "یەکەم من لەگەڵ ئێوە بە هیچ شێوەیەک ئیش ناکەم و دووەم ئێوە ڕاست ناکەن کاتێک ئێمە بڵێین کوردستان یان ناوی ببەین ببێتە ڕەگەزپەرستی و دەمارگیریی نەتەوایەتی، بەڵام ئێوە کە حاشا لە ناوی کوردستان بکەن بۆ خۆتان دەمارگیری نییە!!"

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٦دا خۆم لە تاران بووم و چووم بۆ سەردانی دکتۆر ئەبو موحەممەد ئەلقاسمی کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دەعوەی ئیسلامی عیراقە و لەسەر وەزعی ناوچەکە و کێشەی کورد گفتوگۆمان کرد و بە ئەوم گوت: "کاک دکتۆر هەر وەک خۆت دەزانی و جەنابتان ئاگادارن کە نەتەوەی کورد موسوڵمانە و گەلێک خزمەتی هەبووە و هەیە بۆ ئیسلام و موسوڵمانان و لەگەڵ ئەوەشدا نەتەوەیەکی زۆر مەزڵوم و بەشخوراو و لێقەوماوە و نیشتمانەکەی لە لایەن ئیمپریالیزمی جیهانییەوە لە پێش و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە، لە ئازادی و مافی چارەنووس مەحروم کراوە، ئەمڕۆ ئێمە ئومێدەوارین لە پارتی دەعوەی ئیسلامی و گشت بزووتنەوە ئیسلامییەکانی تر کە هەوڵ بدەن و بەرگری بکەن لە یەکێتی و ئازادیی میللەتی کورد و کوردستان، بەڵکوو بە هەمووماننەوە دیواری ناپیرۆزی سایکس-پیکۆ و سان-ریمۆ و لۆزان بروخێنین، کە ئەمانە بەدبەختی زیاد و زیانئاوەربوونە بۆ میللەتانی ناوچەکە، بە تایبەت میللەتی ستەملێکراوی کورد." کاتێک قسەکانم تەواو بوون، دکتۆر ئەبو موحەممەد ئەلقاسمی لە وەڵامدا وتی: "کاکە دروستە میللەتی کورد مەزڵوومە، بەڵام هەر ئەو بە تەنیا مەزڵوم نییە گشت میللەتانی موسوڵمان مەزڵوومن و ستەملێکراون و بە ڕاستی ئەو جۆرە قسانە و ئەو بیر و بۆچوونانە لە تۆوە دوورە و دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین و خەبات بکەین کە ئوممەی ئیسلامی بەهێز و یەک بێ و بە هەموو لایەک جیهاد بکەین کە دەوڵەتی جیهانی ئیسلامی پێک بێنین و ئەوکات گشت میللەتانی موسوڵمان ئازادی وەرئەگرن و بە مافەکانی خۆیان دەگەن و کەس مەغدوور نابێ." منیش پێم وت: "کاک دکتۆر لە ڕوانگەی ئیسلامەوە هەر کەسێک دیفاع لە ستەملێکراوی و بەدبەختی میللەتی خۆی بکات ڕەوایە و نابێتە ڕەگەزپەرستی و دەمارگیریی نەتەوایەتی و زۆر ئایەت و حەدیسیش هەیە لەو بارەوە کە دەڵێن کەسێک لە پێناوی مافی خۆی بکوژرێ شەهیدە. ئوممەی ئیسلامی لە زۆر میللەت پێک هاتووە، چۆن ئوممەی ئیسلامی یەکێتییەکەی دروست دەبێ لە کاتێکدا یەک میللەتی موسوڵمان، واتە کورد، کراوە بە شەش بەشەوە و بە ڕای من یەکەمین هەنگاو بۆ دروستکردنی یەکێتیی ئوممەی ئیسلامی یەکێتی و تەوحیدکردنی دووبارەی میللەتی کوردە."

دیسان پارتی دەعوەی ئیسلامی عیراق دەڵێ: "... ان **منطقة كردستان جزء لايتجزء من إقليم العراق ووحدته السياسية.**»[١٤]

واتە: ناوچەی کوردستان پارچەیەکە لە هەرێمی عیراق و لە یەکێتییە ڕامیارییەکەی جودا ناکرێتەوە.

کابرایەکی ئیسلامی تر بە ناوی ئەبو ئیحسان لە نووسراوێکی خۆیدا دەڵێ: «**ان طموح الاكراد هو تأسيس دولة مستقلة ذات طابع قومي وان كان زعماؤهم أئمة مسلمين...**»[١٥]

واتە: ئامانجی کوردەکان دامەزراندنی دەوڵەتێکی

chalakmuhamad@gmail.com

سەربەخۆیە لەسەر بناغەی نەتەوەیی هەرچەندە ڕێبەرەکانیشیان ئیمامی موسوڵمانانن.

دیسان ئەم کابرایە دەڵێ: «ان الحرب العراقية الايرانية قام الأكراد بمساعدة ايران ضد العراق على أمل أن تنتصر ايران ويضعف العراق مما يمكنهم من إقامة دولة كردية لهم، الأمر الذي حدى بالحكومة العراقية لضربهم بالأسلحة الكيماوية ولولا ذلك لبقى الأكراد يقاومون ويساعدون ايران.»(١٦)

واتە: لە کاتی جەنگی عیراق و ئێراندا کوردەکان پشتگیریی ئێرانیان دەکرد دژی عیراق بە هیوای پیرۆزبوونی ئێران و لاوازکردنی عیراق، تا بۆ ئەوان بڕەخسێ دەوڵەتێکی کوردی بۆ خۆیان دابمەزرێنن، ئەمجا عیراق ناچار بوو بە چەکی کیمیاوی لێیان بدات و ئەگەر وای نەکردبا کوردەکان بەردەوام دەبوون لە خەبات و هاوکاریی ئێران."

جگە لەوەی کە خاوەنی ئەم قسانە زۆر چاک دەزانێ کە کورد دەوڵەتی نییە و بێویژدانی و نامرۆڤایەتییەکەی گەیشتۆتە سنوورێک بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی کورد بە ڕەوا دەزانێ، کەسانی لەم بابەتە زۆرن، کە پێیان خۆش بوو و دڵیان بەوە گەشەی کرد کە هەزاران کورد بە چەکی کیمیاویی ڕژێمی خوێنڕێژ و ئیستعماری عیراق قەڵاچۆ کران!!!

مەبەستم لەم نووسینانە دەربڕینی ڕاستییە چونکە پەیوەندی بە چارەنووسی نەتەوەیەکەوەیە کە سەدان ساڵە لەژێر زوڵم و ستەم و چەوسانەوە و زۆرداریدا دەژی و لە گشت مافەکانی ڕەوای خۆی بێبەش کراوە، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی پارت و بزووتنەوەکانی ئیسلامی و زانایان و نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی موسوڵمان هەڵوێستە ناڕەواکانی خۆیان بگۆڕن و بەرگری لە ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان بکەن، هەروەک بەرگری لە ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکانی تر دەکەن، تەنها بەم شێوەیە برایەتی عارەب و تورک و فارس بەهێز دەبێ، چونکە برایەتی و داگیرکردن لە یەک کاتدا پێکەوە هەڵ ناکەن.

هەروەها بۆ ئەوەی لە ڕێگای ڕۆژنامەنووسی و وتارنووسین لە گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب و شێوەکانی تری ڕاگەیاندنەوە بە میللەتانی خۆیان ڕابگەیەنن و بەشخوراوی و ڕاستییەکانی مێژوویی و ڕامیاری کێشەی میللەتی کورد دەربڕن، هەروەک بۆ خۆیان و گەلانی تر بە ڕەوای دەزانن، بەڵام ئەگەر هەر بەو چاوەی ئێستایان تەماشای کێشەی کورد بکەن و هەڵوێست دەرببڕن بێگومان ئەمە دژ بە یاسای ئیسلام و مرۆڤایەتییە، تەنانەت بڵاوکردنەوەی نووسینی خراپ شتێکی زۆر ناڕەوا و ناشەرعییە و بە ڕاستی ئێمە ناتوانین هەڵوێست و نووسینە ناڕەواکانیان بشارینەوە یان چاوپۆشی لێ بکەین چونکە دەبێتە مایەی چەواشەکردنی هەق و دادگەری و پێشێل کردنیان!

کێشەی کورد بەوە چارەسەر ناکرێ کە نووسەرێکی ئیسلامی جەزائیری بە ناوی (ئەبو بیلال) وتارێک بنووسێ بە ناوی (کێشەی کورد و پیلانەکانی ڕۆژئاوا بۆ دابەشکردنی عیراق) کە لە ڕۆژنامەی (ڕاپەڕینی ئیسلامی) سەر بە (بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی جەزائیر) بڵاو بووەتەوە، لەو وتارەدا بە شێوەیەکی نازانستییانە و نامرۆڤانە و دوور لە ویژدان، دابەزیوەتە سەر کێشەی کورد و بەرگری لە یەکێک لە ڕژێمە هەرە دڕندە و فاشیستەکانی جیهانی کردووە، کە ئەویش ڕژێمی پارتی بەعسی عارەبی عیراقە، سەرەڕای ئەوە بوختانی بە میللەتی ستەمدیدەی کورد و کێشەی کورد کردووە و دەڵێ: «من صنع الاستعمار الغربي نفسه وهي واحدة من العديد من القضايا الطائفية والعرقية التي فبركتها الدول الاستعمارية في العالم الاسلامي.»(١٧)

واتە: کێشەی کورد دەستکردی خودی ئیستعماری ڕۆژئاوایە و یەکێکە لە کێشەکانی ڕەگەزی و تایەفەگەری کە دەوڵەتانی ئیستعماری لە جیهانی ئیسلامدا دروستیان کردووە.

تەنانەت دانیش بەوەدا نانێت کە کێشەی کورد کێشەیە و لەم بارەیەوە دەڵێ: «وقضية الاكراد ان جازت تسميتها بالقضية.»(١٨) واتە: کێشەی کورد ئەگەر

chalakmuhamad@gmail.com


دروست بێ ناوی کێشەی لێ بنرێ.

کینەی ئەم نووسەرە ڕەگەزپەرستە گەیشتۆتە پلەیەک کە بەدبەختی و بەکۆمەڵکوشتنی کوردی لە لایەن ڕژێمی فاشیستی بەغداوە بە درۆ خستۆتەوە و سەبارەت بەم مەسەلەیە دەڵێ: «الاهتمام الاعلامي المبالغ فيه بمعاناة الاكراد داخل العراق، واختلاق الأكاذيب حول مجازر وهمية قامت بها وتقوم بها القوات العراقية ضدهم، والغريب في الأمر أن قضية الاكراد التي تنبح بها أمريكا هذه الأيام لم تطرح الاّ بالنسبة لأكراد العراق فقط مع أن الشعب الكردي يوجد في كل من سوريا وتركيا وايران، ومايعانيه الاكراد في هذه الدول أكبر بكثير من معاناة اخوانهم في العراق، ان كانت هناك معاناة بالفعل.»(١٩)

واتە: پروپاگەندە بڵاوکردنەوە لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکاوە و درۆ و بوختان هەڵبەستن دەربارەی قەڵاچۆکردن و چەوسانەوەی کوردەکان لە عیراقدا لە لایەن سوپای عیراقەوە، لە ڕاستییەوە دوورە و تەنیا بۆ گەورەکردنی مەسەلەکەیە، چونکە کورد لە سوریا و تورکیا و ئێران زیاتر دەچەوسێنرێنەوە، ئەگەر ڕاست بێ و چەوسێنرابێتنەوە.

لەدوای ئەوەی کە وتارەکەیم خوێندەوە، وەڵامی ئەم کابرایەم دایەوە و لە شوێنێک لە وەڵامەکەمدا وتم: "لە ڕاستیدا شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو کە ڕۆژنامەی ڕاپەڕینی ئیسلامی، وتارێکی وا بە ڕق و کینەی وەک وتارەکەی (ئەبو بیلال) و بۆچوونە ژەهراوییە نارەواکەی بڵاو بکاتەوە، لەوە سەیرتر ئەوەیە کە چۆن نووسەرێک خۆی بە ئیسلام بزانێ، بەو شێوە نادروستە ڕاستییەکان چەواشە دەکات، لەکاتێکدا ئەو نووسەرە جەزائیری بێت و ساڵەهای ساڵ وڵاتەکەی خۆی وەک ئەوەی ئێستای کوردستان لەژێر زەبری ئاگر و ئاسنی داگیرکەرێکی وەکوو فەرەنسادا ناڵاندبێتی."(٢٠)

**ماوێتی**

**پەراوێزەکان:**

١- گۆڤاری (المجتمع) ژمارەی ١١٠٥، ١٩٩٤/٦/٢٨، ل. ٥٣.

٢- گۆڤاری (الرائد) ژمارەی ١٣٨، تشرینی یەکەم، ئوکتۆبەر ١٩٩١، ل. ٢٤.

٣- ڕۆژنامەی (دار السلام)ی حزبی ئیسلامی عیراق، ژمارە ٢٦، ١٩٩٢/١٢/١٤، ل. ٦.

٤- کتێبی (كنز العمال) ج. ١٣، ل.٤١٠، خاوەنەکەی: حسام الدين متقی الهندی.

٥- هەمان سەرچاوە ج. ١٠، ل. ٦٤١.

٦- هەمان سەرچاوە ج. ١٠، ل. ٦٤٠.

٧- هەمان سەرچاوە ج. ١٠، ل. ٦٤١.

٨- کتێبی (المحُلّى) ج. ٨، ل. ١٣٤، نووسینی ئیمام ئەبوئەحمەد کوڕی حەزمی ئەندەلوسی.

٩- کتێبی (الفتاوی الكبرى)، ج. ٤، ل. ٤٩٨، نووسینی ئەحمەد کوڕی تەیمییە.

١٠- کتێبی (**الفقه الأسلامي وأدلته**) ج. ٨، ل. ٧٩٥ نووسینی دکتۆر وەهبە ئەلزوحەیلی.

١١- کتێبی (المغنی) ج. ٥، ل. ١٩٨ نووسینی کوڕی قودامە، من ماوەیەکە خەریکی نووسینی باسێکم بە ناوی (داگیرکردن لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلام و کێشەی داگیرکردنی کوردستان.)

١٢- ڕۆژنامەی (دار السلام)ی پارتی ئیسلامی عیراق، ژمارە ٥٧، ١٩٩٤/٥/١٣.

١٣- هەمان سەرچاوە و هەمان ژمارە.

١٤- ڕۆژنامەی (الجهاد)ی پارتی دەعوەی ئیسلامی عیراق، ٤ی ئاب ١٩٨٦، ل. ١٣.

١٥- گۆڤاری (المرابطون)ی کۆمەڵی جیهادی ئیسلامی میسری، ژمارە ١٧، ئوکتۆبەری ١٩٩١، ل٤٦.

١٦- هەمان سەرچاوە و هەمان ژمارە.

١٧- ڕۆژنامەی (النهضە الاسلاميە)ی بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی جەزایر، ژمارە ١٣، ڕۆژی پێنجشەمە ١٩٩١/٦/٢.

١٨- هەمان سەرچاوە و هەمان ژمارە.

١٩- بڕوانە وەڵامەکەم بە ناوی (**ردا على مقال: المخطط الغربي لتقسيم العراق**) بە زمانی عارەبی بڵاوکراوەتەوە.

chalakmuhamad@gmail.com

## ژیانی ژن

## پێنج شیعری

## ئارتور لوندکڤیست

وەرگێڕانی لە سویدییەوە
رزگار عەبدوڵڵا

ژنێکی گەنجە و بۆنی گوڵزاری گەشی لێ دێت.
منداڵی دەوێ، دەیەوێ بژێ و بە بەرهەم بێت،
دەیەوێ هەست بکا مەمکەکانی پڕ دەبن و بە شیر قورس دەبن.
ئەمە تاسەی منداڵدانی ئەوە.
بەهاران دەڵێی زەوییەکی بەیارە و گوێ بۆ هەنگاوی تۆووەشێن هەڵدەخا ــ
ساڵ دەڕوا.
تەماشای لەشولاری خۆی دەکا ــ نا، هیچ.
لە پەنجەرەکەوە درەختێک دەبینێ.
هاوین ــ سەوزایی و پاراویی ژیان.
پاییز ــ سیس دەبێ و سوور هەڵدەگەڕێ، گەڵاکان دەوەرن،
ڕووت دەبێتەوە و ڕەش هەڵدەگەڕێ.
ئەوسا بەهار دێ ــ بۆنێکی کێوی لە شیلەی قەد و لکەکانیدا بڵاودەبێتەوە،
گەڵاکانیش دەگەشێنەوە، سەوز، سەوز.

ساڵ دەڕوا.
درەختەکە دەپشکوێ، ڕەش دادەگەڕێ.
هەمدیس دەپشکوێ و دەپشکوێتەوە.
ئەو ــ هیچ، هیچ!
نیگەرانییەک دەیسووتێنێ، ترسێک ــ
ئایا ژیانی نەماوە؟
دەژی بێ ئەوەی بژی؟

بۆنی شیلە لە درەختەکەوە بڵاودەبێتەوە.
لەبەر تیشکی ڕووناکیی بەهاردا بەسەر ئاوێنەکەدا دەچەمێتەوە و
لە دڵیدا هەست بە خورپەیەک دەکا:
تاڵ تاڵی سپی کەوتۆتە ناو قژی!
بە دەستی لەرزۆکەوە تاڵە سپییەکان هەڵدەکێشێ
دوچاری بێئارامییەکی گەورە دەبێ ــ

chalakmuhamad@gmail.com



دەبێ پەلە بکا، پەلە ـ
بە دوای ئەودا بگەڕێ، دڵدارەکەی، تۆووەشێنەکە!

بە پرتاو لە ماڵ دەردەپەڕێ، بەرەو شەقام ـ
پیاوێک دەبینێ خەریکی قیرتاوکردنە
خۆی هەڵدەداتە بەر پێی، خۆی ئاوێزانی دەکات و
عەشقی خۆی جاڕ دەدا ـ

ئێستا خەڵک دێن و دووری دەخەنەوە.

## کۆتایی

پیر ببی، پرشنگی گروازەی قژ و چاو و
ئاڵیی سەر لێو، تەڕ و تازەیی پێستت لە دەست بچێ
ئەمەیە چارەنووسی سەخت.
ئەم چارەنووسەش بووە بە هی ئەو ژنە ـ
ئەوێ کە زۆر نازناوی لەسەر شۆستەکان چنیوە و
هەموو شەوێکیش بەسەر بادەی سووردا پێکەنیوە.

ئەمشەو، نۆڤێمبەر ـ ئەستێرەش لە گەردوونن
سەرماش بە سرِی لەسەر هەرێزی باخچەکاندا هەناسە دەدا.
ئەویش شەقام بە شەقام دەگەڕێ،
سەرنجی سەرسووچەکان دەدات و لەبن گڵۆپەکانیشدا ئاوڕ دەداتەوە.
دەیەوێ چاوی پرشنگدار بێ و
بە دەمی وەک گۆشت سووریشی سەرنج ڕاکێشێ ـ
بەڵام بێهودەیە.
کەس نایبینێ، هەموو بە پەلە بە لایدا تێدەپەڕن
ئێوارەش ڕادەشکێ و دەڕوا.

chalakmuhamad@gmail.com

سەرما. ئەستێرە. شەو.

وا شەقامەکان چۆڵ دەبن.
ئەو لەوێیە، دەڕوا و هەڵدەچێ ــ
بە نەعلەت بێ، کەس نییە ئەمشەو بیەوێ کەیف بکا!
کەس لە خەمی خۆشەویستیدا نییە ئەمشەو!

لە بووتڵی ناو جانتاکەی قومێک دەخواتەوە،
کەمێک ئاگر بەناو لەشیدا بڵاو دەبێتەوە
بەڵام هەر زوو لە سەرمادا دەکوژێتەوە ــ
مەست نابێ، خۆشی دێوانەیی وەرناگرێ!
نا، ئەو کوژاوەتەوە، سووتاوە!
هەست دەکا پیر و هەژار و چارەڕەشە،
ئۆف، سەخت و دەردەسەرییە!
بەر هەنیسک هەڵدەدا ــ ڕۆژگاری بەسەرچووە
ئیتر دەبێ زەوی پاک بکاتەوە ــ

ئەوسا یەکێک باڵی دەگرێ، لە دەروازەیەکەوە دەیباتە ژوورێ،
بە پەرۆشەوە باوەشی پێدا دەکا و بە لاڵەپەتێ پرسیاری سەیر دەکا.
ئێستا دەبێتە کاڵای بازرگانی و بێ هەست ــ
ئێستا خۆشەویستی دەفرۆشێتە مووشتەرییەک!
بەڵام لەبەر تیشکی چرایەکی سەر شەقامدا ڕووخساری کوڕە دەبینێ ــ
هێندە گەنجە، منداڵێکە، ڕەنگە یەکەم جاریشی بێ ــ
دەبۆڵێنێ، نا ــ ناتوانم، ناتوانم ــ
گوجیلە سەگ! ڕەنگە نەخۆش بم ــ تێدەگەی؟
لێی دوور دەکەوێتەوە و ڕادەکاتە سەر شەقام.
شەو. سەرما. ئەستێرە.

chalakmuhamad@gmail.com

## دار

ڕووەو ئاسمان هەڵدەکشێم و گڕی خۆر دەخۆمەوە و
خۆشاوی زەویش هەڵدەمژم، وەک چۆن منداڵ شیر لە مەمکی دایکی دەمژێ،
بای بەهاران ڕامووسانم دەکەن،
باڵندە دێن و لەسەر چڵەپۆپەکەم دەخوێنن و هەڵدەفڕن و باڵندەی تر دێن،
پاییزان ڕەشەبا بەگرمەکان لە ئامێزم دەگرن،
زستانان زوقمی سپیم لەبەردایە و لە قووڵایی ناخی خۆمدا
خەون بە خۆرەوە دەبینم، کە سەرلەنوێ ژیان لە ئەندامەکانی لەشمدا
دابگیرسێنێ.

ئاوا هەڵکشاو ڕووەو ئاسمان، بە باڵندەی دەم بە جریوە لەسەر چڵەپۆپەمدا،
زۆر هاوینی ڕووناک دەوەستم،
لە ئاکامدا دەبم بە خۆڵ، کە تێیدا داری نوێ دەڕوێ.
سوپاسی گڕی خۆر و خۆشاوی زەوی، سوپاسی بای بەهاران و
ڕەشەبای پاییزان دەکەم.
دڵخۆشم کە سەردەمێک بژیم و پاشان کە هێزم لەبەر دەبڕێ بمرم ـ
دڵخۆشم کە سەردەمێک بژیم و پاشان بمرم کە هێزم
بۆ بەختیاریی زەوی ژیاوم، دەبم بە خۆڵ ـ
دڵخۆشم ببم بە خۆڵێ داری نوێی تێدا بڕوێ.

## مۆسیقاژەندنێکی گەنجانە

لەسەر ڕێگا گەورە خۆڵاوییەکە دانیشتبووم، هیچم نەبوو ـ
گەنج و تەنیا و بێ ئامانج بووم، لە دارسماق فلووتێکم دروست کردبوو،
دانیشتبووم و دەمژەنی، چەند ئاوازێک، جریوەیەکی بچووک ـ
چونکە خۆرەتاو بوو و پەڵە هەورەکان سپی بوون و منیش گەنج.
فلووتەکە تامی تاڵی جەوی توێکڵەدارەکەی دەدا ـ
دەبوو هەندێ جار تف بکەم. تفەکەش کەمێک سەوز بوو.

ئەودەم کچێکم بینی بە ڕێگاکەدا، بەرەو ڕووم هات و پێکەنی

chalakmuhamad@gmail.com

لەبەر هەتاودا دەڕۆیشت، بە قژی زەردی لەبەر خۆردا، پێکەنی
لەولاوە دانیشتبووم و کەمێک فلووتم لێدا، چەند ئاوازێکم بۆی ڕۆکرد
بۆ ئەوەی پێیان پێدا بنێ.

بەڵام ئەو بۆ من پێنەدەکەنی، بەرەو ڕووی من نەدەهات
بەلاما تێپەڕی، بۆ کەسێکی تر چووە ژووانێ.
دەستیان لە کەمەری یەکتری ئالاند و بە ڕێگاکەدا ڕۆیشتن ــ
ڕێگا گەورە خۆڵاوییەکە.

فلووتەکە تامێکی یەکجار تفت و تاڵی دەدا ــ من تفم ڕۆدەکرد
تفەکەش کەمێک سەوز بوو.

## باران

باران ئەمڕۆ
دەڵێی قژی گەورە و نەرمی ژنێکە،
بەسەر زەویدا دەشنێتەوە ــ
تاریک و فێنک و بۆندار.

تۆ کە لە خۆشەویستیدا خیانەتت لێکراوە و
بەسەر خەمی تاریکی دڵتدا چەماویتەوە
گوێ لە دەنگی باران بگرە و
گوێ ڕادێرە بۆ دەنگی پڕ لە دڵدانەوەی ــ
هەموو شتێک دەڕوێ
هەموو شتێک بۆ پێشەوە دەچێ
هەموو شتێکیش دەبڕێتەوە
بەڵام ژیان هەر ماوە.

chalakmuhamad@gmail.com

# بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکی

بەشی یەکەم

## ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵەح ئەحمەد
## پەراوێزنووسین: محەمەد ڕەسووڵ هاوار

ئەم بیرەوەرییە بە کوردی کراوانەی خوالێخۆشبوو عەبدولعەزیز یامولکی لە بنەڕەتدا بە تورکی نووسراوە و تا ئێستا چاپ نەکراوە و ناونیشانی لەسەر دانەنراوە، بەڵام من لە لای خۆمەوە ناونیشانی "بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکی"م بۆ هەڵبژارد.

کاتی خۆی لە دەورانی ڕژێمی پاشایەتیی عیراق کراوە بە کوردی. ساڵی ١٩٩٣ دانە کوردییەکەیم لە لای مامۆستا غەفووری میرزا کەریم دی. ئەویش کاک جەمالی محەمەد سەعیدی خەیات دابوویێ کە هەردوو دانە تورکی و کوردییەکەیی لە لایە و نازانێ کێ کردوویە بە کوردی. چەند هەوڵم دا نەمتوانی ناوی وەرگێڕ و هێندێک زانیاریی دیکەی پێویست ساخ بکەمەوە.[1] بۆیە وام بە باش زانی تا ئەو کاتە کە ئەو ڕاستییانەمان بۆ دەردەکەون پێشدەستی بکەم بۆ بڵاوکردنەوەی، لەبەر ئەوەی گەلێک زانیاری و ڕاستییان لە بارەی سەروبەندی دوادواییەکانی حوکمی دەوڵەتی عوسمانی و سەرەتاکانی دامەزرانی دەوڵەتی نوێی تورکیاوە تێدایە کە کەڵکیان بۆ مێژوونووس و خوێندەواری کورد دەبێ.

ڕەفیق

## لە ئیمبراطۆرییەتی عوثمانلیدا بانگەوازی مەشرووطییەت

من لە کولییەی حەربییەدا خەریکی ئیمتیحانی پۆلی دووەم بووم کە دەربچم بۆ پۆلی سێیەم، ڕۆژی ١٠ / تەموز / ١٣٣٠ ڕۆمی - ٢٣ / تەممووز / ١٩٠٨ لە کاتی ئیمتیحانی دەرسی میعماری کە صەفوەت پاشا (عوا) پێی ئەوتین، لەو ڕۆژەدا مەشرووطییەت ئیعلان کرا. ئەوانەی لە ١٨٧٦ وە لە فەرەنسە، سویسرە و ئینگلتەرەدا ژیاون و پێشکەوتنی ئەورووپایان دیوە وە دواکەوتنی وڵاتەکەیان بەلاوە زۆر ناخۆش بووە وە کارێکی زۆر ناخۆشی تێ کردوون.

بەم هۆیەوە بەناوی گەنجانی تورک کۆبوونەوەیەکیان کردوە وە بە تەئثیراتی ئەوانەوە مەجبووری ئەوە بوون ئیدارەی مەشرووطییەت قەبووڵ بکەن. ئەو بەشەی کە لە فەرەنسا بوو بە هۆی یارمەتیی ماددیی شەریف پاشا نەشرییات و فەعالیاتیان بە قووەت بوو، هەرچەندە سوڵتان عەبدولحەمید ئەمەی ئەزانی بەڵام لەبەر خاتری سەعید پاشای باوکی وە هەروەها لە بەر خاتری خێزانەکەی شەریف پاشا کە ئەمیرە ئامینە خانمی کچی خدێوی عەباس حەلیم پاشا بوو[2] وە هەروەها لە بەر ئەوەی کە شەریف پاشا بە سەروەتی شەخسیی خۆی لە ئەورووپا زۆر بەباشی تەمسیلی دەوڵەتی عوثمانلیی ئەکرد، لەبەر ئەم هۆیانە شەریف پاشا عەزل نەئەکرا، ئەحواڵی ماکدۆنیا بەتایبەتی ڕووداوەکانی ئەرمەنییەکان کارێکی ئێجگار زۆری کردبووە سەر جموجووڵی گەنجانی تورک وە لەم حاڵەدا لە ئیمپراطوریەتدا ئیعلانی ئیدارەی مەشرووطییەت زۆر بە پێویست بینرابوو، چونکە لەناو ماکدۆنیا قەومییەتی صرب، بولغار، یۆنان جووڵانەوەیەکی زۆر فراوانیان هەبوو وە هەموو لایەکیان لەخوێندا غەرق کردبوو. لە ١٨٧٨ - ١٨٨٢ دا ئەو ئەرمەنییانەی لە ئەنادۆڵدا ئەژیان هەستی ژیانەوەی قەومی تیایاندا زیادی کردبوو وە لەدوای موعاهەدەی

chalakmuhamad@gmail.com

بەرلین(ئاوادیس نازاریک)[٣] کە سەرکردەی ئەرمەنییەکان بوو لە جەنەوە ؛ پاریس ، لە تفلیس وە لە شوێنەکانی تردا دەستیان کردبوو بە کار وە ئەو فەعالییەتەیان کە لە بەشی کوردستانی تورکیادا هەبوو لە لایەن جەیشی سوارەی حەمیدییەوە ساڵی ١٨٨٣ بەشێوەیەکی خوێناوی پێشێل کرابوو .

بەڵام ئەرمەنییەکان لەبەر ئەوەی کە هەستی قەومییەت وە سەربەخۆیی زۆر کاری تێکردبوون دیسانەوە بە ناوی (ئاری ) دەستیان کردەوە بەجموجۆڵ، وە ئەمانە لە ساڵی ١٨٩٥ لە ئەستانبوول هوجوومیان کردە سەر بابی عالی وە بانقی شاهانەی عوثمانلی. بە هۆی ئەم کردارەیانەوە بە فەرمانی سوڵتان عەبدولحەمید لە هەموو لایەک تووشی قەتلوعام بووبوون، وە ئەم حاڵە بوو بەهۆی ئەوەی کە ئیمپراطۆریەتی عوثمانلی لە ئەورووپا ڕەدلفیعلێکی گەورەی پەیدا کرد. ئوسطوولێکی ئینگلیز نزیک دەردەنیل بۆتەوە وە پاش ماوەیەک بە دابەزینی هێزێکی ڕووسی لە بۆسفۆر دەست کرا بە هەڕەشەلێکردنی. کاتێ کە ئەم حاڵە بەم شێوەیە بوو کە باسمان کرد لە ماکدۆنیا یۆنانییەکان لە ساڵی ١٨٩٧ دا ڕێکخراوێکیان بەناوی (ئەنتیکا هەتەریا) دەستیان کردبوو بە جموجۆڵێکی زۆر گەورە وە لە ١٧ نیسان / ١٨٩٧ یۆنان کە بەشێک بوو لە دەوڵەتی عوثمانلی، شەڕێکی گەورە لە نێوانیاندا دەستی پێ کرد وە ئەم جەنگە نزیکەی ساڵێکی خایاند. پاش ئەوەی کە عوثمانلییەکان لەم شەڕەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، دەوڵەتەکانی ئەورووپا بە وەستاندنی هێزەکانی سوپای عوثمانلی ، عوثمانییەکانیان بە گەڕانەوەی بۆ سنووری کۆنی (ئاستا توق) مەجبوور کرد .

١٩٠٠–١٩٠٨ حکوومەتی عوثمانلی ڕێگای ئاسنی حیجازی دروست کردبوو، وە ئەمە [بۆ] حەجاجەکان خزمەتێکی زۆر گەورە بوو. بە بەهێزکردنی موزاکەراتێک لە بەینی دەوڵەتە گەورەکانی بێگانە وە حکومەتی عوثمانی هێزێکی دەریایی بێگانە لە نزیک دەردەنیل لە جزیرەی لیموس دابەزێنرا. وە ژاندارمەکانی ماکدۆنیا وە بۆسنە و هەرسک بەرەو ڕووی ئیدارەی نەمسا کرا، لەو بەینەدا ئینگلتەرەش داوای ئەوەی ئەکرد کە فەلەستین، میصر و عەقەبە بخرێتە ژێر چاودێرییەوە. لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٧ گەنجانی تورک لە پاریس خۆپیشاندانێکیان کردبوو وە ساڵێکیش پێش ئەوە لە (سلانیک) لەگەڵ کۆمەڵانی ماسۆنیدا یەکیان گرتبوو .

لە حوزەیرانی ١٩٠٨ لە نێوان پادشای ئینگلیز (ئێدوارد) وە (چار نیقۆلا) لە ناوچەی (ڕەواڵ) کۆبوونەوەیەک پێک هاتبوو لەبارەی بەشکردنی حکوومەتی عوثمانلی کە ناویان ئەبرد بە پیاوی نەخۆش. لەو کاتەدا کە گفتوگۆ لەو بارەیەوە لە بەینیاندا بەردەوام بوو، لاوانی تورک بە ناوی ئیتتیحاد و تەرەقی هاتنە کایەوە وە لەمانە (نیازی بەگ) بە (١٥٠) کەسەوە لە ماکدۆنیاوە بەرەو شاخەکان ڕۆیشت وە ئاڵای یاخیبوونی هەڵگرتبوو. لەسەر ئەمە سوڵتان فەرمانی دا بە بەندکردنی چەندەها ئەفسەر لە سلانیک، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەو ئەفسەرانە هاوبەشی یاخیبووەکانیان کرد. (ئەنوەر بەگ)یش لە ٨ / تەممووزی هەمان ساڵدا چووە پاڵ نیازی بەگ وە لە ناوچەی (ئەرنائووت) دەستی کرد بە یارمەتیدانی ئەو یاخیبووانە وە بەم شێوەیە ئەو جووڵانەوەیە پەرەی سەند وە بۆ بەجێهێنانی ئارەزووەکانی سوپای سێیەم کە لە ماکدۆنیا بوو، پادشا لە ٢٣ / تەمموز / ١٩٠٨ ئەو قانوونی ئەساسییەی کە لە ساڵنامەی ١٨٧٦ هەبوو، فەرمانی دا کە دووبارە بانگەواز بکرێتەوە. بەم شێوەیە ئارەزووی لاوانی تورکی هێناوەتە دی، وە خامۆشیی بە هەموو لایەکدا بڵاوکردەوە وە بەسوود وەرگرتن لەو ڕووداوە کە بولغارستان تا ئەو دەمە بەناو ئیمارەتێکی سەر بە دەوڵەتی عوثمانلی بوو وە شاکەیان کە ناوی (فردیناند) بوو کە ئەفسەرێکی فەوجی یەکەمی (میرزا قولی) بوو لە ٦ / تشرینی یەکەمدا، سەربەخۆیی بانگەواز کرد، وە بڵاوی کردەوە کە (بۆسنە و هەرسک) لە لایەن نەمساوە خرایە ژێر دەسەڵاتیەوە. لەگەڵ بانگەوازی مەشرووطییەت (کامل پاشا) کە بەناوبانگ بوو، بە پارێزەری حوررییەت بوو بە

chalakmuhamad@gmail.com

صەدری ئەعظەم (رەئیس وزەرا) وە وەزارەتی تەشکیل کرد، وە دەست کرا بەهەڵبژاردن. لە ١٧ / کانوونی یەکەمی ١٩٠٨ یەکەم پارلەمان لەنزیک مزگەوتی ئایا – صۆفیا لەو بینایەی کە وەزارەتی عەدلیەی تێدا بوو کۆبووەوە. ئێمە قوتابیانی حەربییە وە هەموو قەطەعاتی سوپا لە ئاهەنگی کردنەوەی پارلەماندا بەشداریمان کرد، وە من سوڵتانم دی کە لە ناو عارەبانەیەکی داپۆشراودا لە بەردممانەوە ڕۆیشت، تا ئەو ڕۆژە نە خۆی نە وێنەیم نەدیبوو. لەو ڕۆژەدا هەموو خەڵکی ئەستانبووڵ هاتبوونە سەر جادە و کۆڵانەکان. هەموو بە ڕوویەکی خۆش و دڵێکی خۆشەوە بەشداریی ئەم ئاهەنگەیان کرد، وە لەسەر منارەی مزگەوتەکان هاواری تەکبیر ئەکرا، وە لەلایەکی تریشەوە مۆزیقا لێ ئەدرا . لە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەماندا بەرامبەر بە کۆمەڵی ئیتتیحاد و تەرەقی کۆمەڵی حوررییەت و ئیئتلاف دەرکەوت، وە لەگەڵ ئەم کۆمەڵەدا ئەمیر (صەباحوددین بەگ) داوای کرد کە کۆبوونەوەکە بلاوەی پێ بکرێت. لە ١٣ /شوبات / ١٩٠٩ لەبەر ئەوەی صەدری ئەعظەم کامل پاشا لایەنی حوررییەت و ئیئتلاف بوو، بە تەئثیری کۆمەڵی ئیتتیحاد و تەرەقی، پەرلەمان بروای خۆی نەدایە، وە بەم هۆیەوە ناچار بوو ئیستعفای کرد، وە لە جێگای ئەو (حامد پاشا) بوو بەصەدری ئەعظەم و وەزارەتی دامەزراند. بەم شێوەیە لە لایەکەوە پاراستنکاری وە لە لایەکی تریشەوە عەدەم مەرکەزییەت وە لە لایەکی تریشەوە کۆمەڵی ئیتتیحاد و تەرەقی ئەیانویست هەموو شتێک بگرنە دەستی خۆیان، لەکاتێکدا ئەمانە لەگەڵ جوولەکە سلانیکییەکاندا یەکیان گرتبوو، بە توندی دەستیان کرد بە جموجۆڵ .

بانگەوازی مەشرووطییەت هەموو خەڵقی خستبووە کەیف و خۆشییەوە، ئەو حقووقی ئینسانەی کە لە ساڵنامەکاندا نووسرابوو وە لابرابوو، سەرلەنوێ کەوتەوە دەست عوثمانلییەکان. لەو قوتابییانەی حەربییە کە بەیناوبەین بەند کرابوون لە بەندیخانەی تۆپخانەی عەسکەری وە فڕێ نەدرابوونە ناو دەریاوە، گەڕێنرانەوە بۆ قوتابخانە مەسیحییەکان ئیتر ترسیان نەمابوو. ئەرمەنییەکان هەرچی سەربازێکیان بدیایە باوەشیان پیا ئەکرد. تەنانەت قوتابییەکی خەڵقی بەغدا لە جادەی (بەگ ئۆغلو) تووشی کچێکی مەسیحی، کە لەو سەردەمەدا بەجوانی ئەستانبووڵ ناوبانگی دەرکردبوو، باوەشی پیادا کردبوو، وە ماچی کردبوو، بەڵام ئەم ڕووداوە بە هەستی برایەتی ژمێررا لەلایەن مەسیحییەکانەوە وە شتەکەیان داپۆشی .

لە ولاتدا ئیتیحاد و تەرەقی و حوررییەت و ئیئتیلاف کۆمەڵەکانی (وصاح الدین) لە هەموو لایەک بۆ سوودی خۆیان کەوتنە کردەوە. لە بارەی ڕووداوەکانی سیاسی بۆ باسێکی تر ئەهێڵمەوە، لێرەدا تەنها باسی ڕووداوەکانی تر ئەکەم .

کۆمەڵی ئیتتیحاد و تەرەقی لە ماکدۆنیا وە چەند فەوجێکی ڕاوکەر (ئاوچی)یان هێنا وە ئەمانە بە نمایشێکی گەورە پێشوازی کران وە لە دەورووپشتی شاری ئەستانبوول جێگیر کران. کاتێ کە خوێندن دەستی پێکرد (ئیسماعیل فاضل پاشا) بوو بە بەڕێوەبەری کولیە وە ئەو دوعایانە کە پەیوەندیی بە پاشاوە هەبوو لە کتێبەکاندا لابرا. عادەت وا بوو لە پاش تەعدادی ئێواران قوتابییەکان ئەیانوت:(پادشاهم چۆق یاشا= پاشام زۆر بژی) ئەمەیش لابرا.

سوڵتان لەم حاڵە زۆر ڕقی هەڵسا. ڕۆژێک هەموو قوتابییەکانی دەعوەت کرد بۆ سەرای (ییلدز) بۆ چاخواردنەوە بەڵام کەسیان نەچوون، تەنانەت ئەو کێک و شەکرلەمەیەی لە سەراوە نێررابوو قبوول نەکرا. لە محافظەی ئەستانبول ئەو ئەفسەرە جاهیلانەی کە لە سەربازییەوە پێ گەیشتبوون وە لە بەڕێوەبەرایەتیی فیرقەی دووەمدا ئیشیان ئەکرد بە چاوێکی زۆر خراپ ئەم کردەوەیەیان بەرهەڵست ئەکرد .

لەبەر ئەوەی قوتابییانی حەربییە لە کاتی خۆیدا کە عەبدولعەزیزخان هێنرایە خوارەوە دەورێکی بالایان هەبوو، ئێستاش کە ژمارەیان لە ٣٠٠٠ و کسوور زیاترە. جا لەبەر ئەمە لەلایەن پیاوانی سەر بە سەراوە وە

chalakmuhamad@gmail.com

کۆمەڵە سیاسییەکانەوە هەریەکەی بەشێوەیەکی جیاواز بیریان ئەکردەوە .

ڕۆژێک هەموو قوتابییەکان لەسەر حەوز کۆبوونەوە وە بەرامبەر بە هەیئەتی ئیدارە ئیعلانی یاخیبوونیان کرد وە سەرۆکایەتیی ئەم یاخیبوونە ئەو قوتابییانە بوون کە لە بەندیخانەی تۆپخانەوە هاتبوون. یاخیبوونەکە تا ئەهات گەورە ئەبوو، وای لێ هات کەس نەما گوێ بداتە ئەفسەرانی داخلی. چوونە ژووری دەرس و هاتنەدەرەوە بەئارەزووی قوتابییان بوو، ئێواران قوتابی هەرچی کاتێک بیویستایە ئەچووە دەرەوە وە ئەچوو بۆ شوێنێ، وە نیوەشەو ئەهاتەوە ئەنووست، هیچ ئەفسەرێکی داخلی قسەیان نەئەکرد. بەیانییان عادەت بوو لەدوای چا خواردنەوە شیرو قەیماغ ئەخورا .، داوایان کرد کە لەدوای نانی نیوەڕۆ پاقلاوەیان بدرێتێ، داواکەیان جێبەجێ هێنرا .

بەبۆنەی ئاهەنگێک کە لە گۆڕستانی شیشلی ئەگێڕرا بۆ کوژراوانی جەنگی ئەرمەنییەکان هەموو قوتابییان بانگ کران. هەموو هەفتەیەک ئەم نمایشە گەورەیە ئەکرا . ڕۆژێک قوتابخانەیەکی گەورەی کچانی ئەرمەنی کە لە ڕێگای چوونیان بۆ گۆڕستانی شیشلی بوو. قوتابییانی حەربییە کۆلانەکەیان گرت وە ئەوانیان بردە لای خۆیان بەناوی خۆشەویستی و ڕێزگرتنەوە زۆر خزمەتیان کرد تەنانەت چەند کچێک لەوانە تا سێ ڕۆژ لەوێ مابوونەوە .

هەموو ڕۆژێک لەسەر حەوز کۆبوونەوە ئەکرا وە وتار ئەخوێنرایەوە وە هاواریان ئەکرد بژی سەربەستی ، یەکسانی ، عەدالەت وە ئەم حاڵە ٣ هەفتە بەردەوام بوو.

## گەڕانەوەی باوکم لە حدوودی ئێران

لە کاتێکدا ئەو ڕووداوانەی کە لە سەرەوە باسم کرد بەردەوام بوو، باوکیشم گەڕاوەتەوە بۆ ئەستانبوڵ. ٢٢ی شوباط – ٣٤، بە بەرزکردنەوەی بۆ ڕوتبەی ئەمیرلیوا، کرابوو بە قوماندانی لیوای نیزامییەی ٢١، لە سوپای شەشەم، وە خەریکی خۆئامادەکردن بوو کە عائیلەیش لەگەڵ خۆیدا ببا .

## گەڕانەوەی نیظام بۆ قوتابخانە

لە ناوەڕاستی شوباتدا ڕۆژێکی جومعە بوو ئێوارە لەماڵەوە گەڕاینەوە بۆ قوتابخانە. لەلایەکی دەرگاکەوە هەر پێمان نایە ئەودیو لەلایەن سەربازە ڕاوچییەکانەوە قەمەمان ئاڕاستە کرا وە دەردەست کراین، یەکسەر براینە ژێرزەمینەوە، بەبێ ئەوەی بیەڵن ئاوڕ بدەینەوە بەملاو ئەولای خۆماندا لە نیهایەتی پێپلیکەکانەوە چەند سەربازێکی دەست بە قەمە و مێزێک دانرابوو و لەبەردەم مێزەکە دوو ئەفسەر وە ئیمامێک دانیشتبوو قورئانێک و دەمانچەیەک لەسەر مێزەکە دانرابوو، وە لە پشت ئەوانیشەوە ئالایەک. ئیمام یەکسەر هاتە قسە وە وتی : ئەبێ هەر یەکەتان سوێند بخۆن بە قورئان کە کوێرانە ئیطاعەتی نیظامی قوتابخانە بکەن وە بە پێچەوانەوە خوێنتان حەڵاڵە، ئێمەش بەناچاری سوێندمان خوارد، لە ژێرزەمینەکەدا کە ژمارەمان چەند هەزارێک ئەبوو بەبێ ئەوەی دەنگێکمان لێوە بێت تا نیوەشەوماینەوە. پاش نیوەشەو فەرمان دەرچوو کە ئەتوانین بچین بۆ شوێنی نووستن. ڕۆژی دوایی مۆزیقای کۆبوونەوە لێ درا ، زۆر بە ئەدەبەوە لەسەر حەوزەکە کۆبووینەوە. دوای ئەوە فەوجێک سەربازی ڕاوکەر کە قەمەیان هەڵگرتبوو هاتنە ژورەوە، ڕێک بەرامبەرمان ڕیز بوون، وە تفەنگەکانیان پڕکرد. دوای ئەوە ناظری حەربییە صالح پاشا لەگەڵ هەیئەتی تەعلیمییە هاتنە ناوەڕاستی شوێنەکە، وتارێکی بەهەڕەشەی خوێندەوە، کە ئەمە کورتەی ئەو وتارەیە:

لە سوپادا ئینتیظام ئەساسە، ئەبێ قوتابخانەی حەربییە نموونە بێ بۆ ئەمە. وڵات پێویستی بە قوتابییانی بێ نیظام نییە. بە پێچەوانەوە ئەگەر پەیڕەوی ئەم قسانەی من نەکەن بە فەرمانێک بەم فەوجە هەمووتان

chalakmuhamad@gmail.com

لەناو ئەبەم. دوای ئەوەی ئەم وتارە دووردرێژەی کە هەمووی هەڕەشە بوو تەواو کرد، هەریەکێ لە ئێمە زۆر بە ترس و ئیحترامەوە گوێمان لێ گرت، دوایی بڵاوەمان لێ کرد. ئیتر لەوە بەدواوە بەیانیان لەگەڵ موزیقەی هەستان لێ ئەدرا هەڵئەستاین. پاش خواردنی نانێکی وشک بە چاوە بە ڕێکوپێکی بەرەو دەرس و مەشق ئەڕۆیشتین. مەشقمان کە ئەکرد تفەنگەکەمان فیشەکی تیا نەبوو. ماوەیەک ئەفسەرەکانی داخلییە زۆر بەڕەقی لەگەڵمان ئەجووڵانەوە، هەر تۆزێک دوابکەوتینایە یا قسەمان بکردایە تووشی گەورەترین سزا دەبووین. کاتێ کە ئێمە لەم حاڵەدا ئەژیاین لەناو سەربازەکاندا عوصیان هاتە کایەوە.

## ڕووداوەکانی ٣١ی مارت

٣١ / مارت / ٣٢٥ – ١٩٠٩ وەک لە بەشەکانی سەرەوە باسم کردبوو، لەو کاتەدا کە لە قوتابخانەی حەربییە بێدەنگی و خامۆشی وە لە سەراسەری وڵاتدا بێدەنگی حوکمفەرما بەردەوام بوو. لە ٣١ مارت لە ڕۆژی سێشەمەدا کاتی نیوەڕۆ، لەنێوان قوتابییەکاندا جموجۆڵ وە کۆبونەوە دەستی پێ کرد. بەپێی هەواڵەکانی دەرەوەی قوتابخانە وا دەرکەوت ئەو فەوجە ڕاوکەرانەی کە لە (ڕۆم ئیلی)یەوە هێنرابوون کە بەشێکیش لە سەرباز و هاووڵاتییان چووبوونە پاڵیان لە گۆڕەپانی (ئایا صۆفیا) بە سەرکردەی یەکێک کە ناوی (حەمدی چاوەش) بوو کۆبوونەتەوە و هاواریان کردووە (شەریعەتمان ئەوێت) وە داوای کوشتنی هەموو ئەو ئەفسەرە خوێندەوارانەی کە لە حەربییە دەرچوون کردووە و فیعلەن هەرچییەکیان لەوانە بەردەست کەوتبێ کوشتوویانن. بەرامبەر بەم ڕووداوە قوتابییانی پۆلی سێیەم بۆ زانینی هۆی ئەم یاخیبوونە هاوڕێیەکمان کە ناوی (ڕەمزی ئەسکدار) بوو هەڵبژارد بە چەند پشتێنێک کە بە یەکمانەوە بەست ئەو برادەرەمان پێوە بەست وە بەرماندایە خوارەوە بۆ ئەوەی هەواڵێکمان لەو ڕووداوە



سعید پاشای حسین پاشا خندان
رئیس شورای دولت و وزیر خارجیه

بۆ بێنێ، وە وامان قەرار دابوو ئەگەر زانیمان ئەو یاخیبوونە لە قازانجی ئێمە بێ یەکسەر ئێمەیش چونکە داخ لەدڵ بووین پەیوەندییان پێوە بکەین وە بچینە ڕیزی ئەوان. ئەو شەوە تاکوو ڕەمزی ئەسکدار گەڕایەوە قوتابییان لە ناو جێگاکانیاندا بەخەبەر بوون وە نەنووستن. نزیکی بەیانی گەڕایەوە وە ئاگاداری کردین کەوا یاخییەکان بەردەوامن لە کوشتنی ئەفسەرە خوێندەوارەکان وە بە هاندانی بەشێک لە مەلاکان هەیەجانەکە هەتا ئەهات زیادی ئەکرد. وە ئەم حاڵە بوو بە هۆی بەئسی ئێمە. ڕۆژی دوایی زۆر لە ئەفسەران بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆیان پەنایان ئەهێنا بۆ قوتابخانە. یاخیبوونەکە هەتا ئەهات گەورە ئەبوو وە کارگەرانی ڕۆژنامەی (ووڵفان) و ئەندامانی کۆمەڵەی (ئەحمەدی) چۆن بەنزین ئەکرێ بە ئاگردا، بەو شێوەیە هێزیان ئەدا بە یاخیبووەکان، وە لەم ڕووەوە گەلێک لەو ئەفسەرە بچووکانە کە لە پێش ئێمەوە ساڵی ١٩٠٨ قوتابخانەیان تەواو کردبوو وە لە بەشەکانی خاصەدا دامەزرابوون کوژران. بێجگە لەوانەیش مەبعووسی لازقیە ئەمیر محەمەد ئەرسەلان وە وەزیری داد ناظم پاشا کوژران وە گەلێکیش بریندارکران، بێجگە لەو سەربازانەی کە هەڵسابوون بە داوای (شەریعەت) جەهالەتی بە هەزاران لە ئەهالی باش بۆ دەرخستین. بەیانیی ڕۆژی یاخیبونەکە موقەدەم طەبیب ڕەضا بەگ لە ڕێگا تووشی کۆمەڵێک لە یاخیبووەکان ئەبێت کوتوپڕ ئەیگرن، قەمە ئەخەنە سەر سنگی وە لێی ئەپرسن تۆ دەرچووی قوتابخانەی یا لە

chalakmuhamad@gmail.com

سەربازییەوە بووی بە ئەفسەر. ئەم دۆکتۆرە بۆ ڕزگارکردنی خۆی لە کوشتن کتوپڕ وەڵامیان ئەداتەوە وە ئەڵێ من ئالابلیم مەکتەبم تەواو نەکردووە، بەمە خۆی لە کوشتن ڕزگار کردووە. لە کاتی خۆیدا لە سوپای عوثمانلیدا تەشکیلاتی (یەنی خەبەری) کە بە تەشکیلاتی ئینکشاری ناو ئەبران هەبوو، ئەمانە لە بیدایەتی دامەزرانیاندا دەوڵەتیان لە سەرکەوتنێکەوە بەرەو سەرکەوتنێکی تر ئەبرد. لە دواییدا بەهۆی بێ ڕێکوپێکی و یاخیبوونەوە دەوڵەتیان بەرەو بەدبەختی ئەبرد. بە هۆی یاخی بوون لە مەنجەڵ هەڵگرتن، وە گەلێ سەرکێشی ترەوە، هەرچەندە کاتی خۆی ئەو ئینکشارییانە هەموو ئەوروپایان خستبووە لەرزین، جا بەهۆی ئەو کردەوە خراپانەی کە لە ئاخریدا دەستیان دایە، لە بیدایەتی عەصری هەژدەهەمدا، لە حوزەیرانی ١٨٢٦ سوڵتان مەحمودی دووەم فەرمانی دا کە ئەمانە لەناو ببرێن. وە بە سەرۆکایەتیی (قەرە جەهەنەم) هێرش برایە سەریان وە قشڵەکانیان تۆپباران کرا، بەم هۆیەوە ٦٠٠٠ – ١٠٠٠٠ ئینکشاری لە ناو چوون. وە بەناوی سوپای تازەوە تەشکیلاتی تازە هاتەکایەوە. بەڵام ئەو هێزە ڕاوچییەی کە لە (ڕۆم ئێلی)یەوە بەهۆی یاخیبوونەکەی ئەمجارە هێنرابوون، لە سەروو هەموو سوپاوە بوو، وە هیچ هێزێک نەبوو بەرامبەریان بوەستێت، وە ئەمانە ڕاستەوخۆ لەلایەن (سەرا)وە ئەجوڵێنران، یاخیبووەکان داوای لابردنی وەزیری بەرگری ڕەضا پاشا و صەدری ئەعظەم حیلمی پاشا، وە گۆڕینی سەرۆکی مەجلیسی مییلییان ئەکرد، وە لەوەپێش کە لە ئینکشارییە یاخیبووەکانیان ئەپرسی داواتان چیە، لە وەڵامدا داوای ئەو مەیخانانەیان ئەکرد کە داخرابوون حکوومەت داواکەیانی بەجێ هێنا وە مەیخانەکانی کردەوە هەموو بلاوەیان لێ کرد.

لە کاتێکدا کە پایتەخت لەم حاڵە تێکەڵ و پێکەڵ و ترسناکەدا بوو، ڕۆژی دوایی لە نیوەشەودا ئیرادەی شاهانە دەرچوو بە دانانی تۆفیق پاشا بۆ صەدارەت و غازی ئەدهەم بۆ وەزیری بەرگری وە دەستیان کرد بە هەوڵ و تەقەلا بۆ هێمن کردنەوی حاڵی وڵات. لە پایتەخت بە دڵێکی ناخۆش وە بیرکردنەوە هەرکەس چووە ماڵی خۆی دەرگای لەسەر خۆی داخست و ئێمەش پەنامان بردە بەر قوتابخانە، لەگەڵ گەلێک لە ئەفسەران و سەرینەکانمان پڕ کرد لە گڵ، نامان بە پەنجەرەکانەوە. وە هەروەها لە پشتەوە تێلای ئەستوورمان خستە بەر دەرگاکان وە خۆمان ئامادە کرد بۆ خۆ پاراستن لە هەر هێرشێک کە بکرێتە سەرمان. بەڵام فیشەکمان زۆر کەم هەبوو، کە فیشەکیشمان بەسەر قوتابییانی پۆلی سێیەمدا بلاوکردەوە هەر قوتابییەک تەنیا پێنج فیشەکی بەرکەوت. ڕۆژی دووەمی یاخیبوونەکە وا بلاوکرایەوە کە سوپایەکی حەرەکەت لە (ڕۆم ئێلی)یەوە دێت بۆ ئەستەمووڵ بە شێوەیەکی تێکەڵوپێکەڵ مەجلیسی مەبعووسان کۆبۆوە وە لە موتەعەدید جەبهەوە تووشی هجووم ئەبوو، وە لە لۆجەکانی مەجلیسەکەدا هەندێ ئەفسەر بە دەمانچەوە دانیشتبوون. جوولەکەکان لە ڕۆژنامەکانی (طەنین) کە هی حسێن جاهید بوو وە (صەباح) وە (شووورای ئوممەت) لایەنی کۆمەڵی ئیتیحاد و تەرەقییان ئەگرت وە ڕۆژنامەکانی سەربەستی، ووڵغان، میزان، ئیقدام وە یەنی غەزەتە دژی ئەوان ئەیاننووسی وە ناوبەناو هێندێ لە نووسەرانی ئەو ڕۆژنامانە کوژران.

## سوپای حەرەکەت

پادشا لە کۆشکی (ییلدز) بە فیرقەی دووەم کە ئەفسەرەکانی لەوانە پێک هاتبوو کە لە سەربازییەوە پێ گەیشتبوون وە نەخوێندەوار بوون ئەپاراست. پایتەخت هەموو لایەکی غەم وە ترس داپۆشیبوو وە سەربازە یاخیبووەکان لە گۆڕەپانی (ئایا صۆفیا) دامەزرابوون وە بەش بەش کەوتبوونە سووڕانەوە وە کۆکردنەوەی خواردن. لەو کاتەدا کە پایتەخت لەم حاڵەدا بوو پێشەنگەکانی سوپای حەرەکەت لە ١٠ / نیسان کە تەصادوفی ڕۆژی جومعەی ئەکرد لە کاتی نوێژی

chalakmuhamad@gmail.com

جومعەدا دڵی (مەقەڕی) بە هاتنەخوارەوەیان لە فارغۆنەکان قشڵەی داود پاشا وە دەوروپشتەکەیان داگیر کرد.

وە ڕۆژی شەممە ١١ / نیسان / ١٩٠٩ ژمارەیەکی زۆر (ئارناوود) وە چەتەکانی مەکدۆنیایی و بوڵغار لەگەڵ سەربازەکاندا ئاستانبوول و (بەگ ئۆغلوو) وە لەوێوە بەرەو (طاش قشڵە و ماجقە قشڵە) ڕۆیشتن وە دەستیان کرد بە تۆپبارانی قەتەعاتی فیرقەی دووەمی خاصە.

ئێمە کە قوتابیی پۆلی سێیەمی حەربییە بووین کە ژمارەمان ٣٠٠٠ قوتابی بوو بەش بەش نێرراین بۆ پاراستنی باڵوێزخانەکان. دوو فەصیلی سوارەمان لە کۆڵانی (مسک) پاراستنی باڵوێزخانەی (بوڵغار و صرب)ی پێ سپێررابوو، وە لە پیادەکانمان فەصیلی پێنجەم لە کاتێکدا کە بە بەردەم قشڵەی تەقسیمدا تێدەپەڕن ئەو قەطەعاتەی کە لەوێدا بوون ڕێیان پێ ئەگرن وە ئەیانبەنە ژوورەوە وە بەخۆیان و ئەفسەرەکەیانەوە کە ناوی مولازیم عیرفان بوو گوێچکەو لووتی ١٥ کەسیان ئەبڕن وە زۆریان لێ ئەدەن و باقییەکەی کەشی بەند ئەکەن. باڵوێزخانەی ئینگلیز و بەلچیکا چا و چکلێتیان دابوو بە قوتابییەکان وە زۆر ڕێزیان گرتبوون وە قوتابییەکانی تر کە ئەمەیان بیست لە شوێنەکانی ترەوە ڕایان ئەکرد بۆ ئەوێ. وە ئەو دوو باڵوێزخانەیەی (بوڵغار و صرب) کە ئێمە ئەمانپاراستن دەرگایان داخست تەنانەت پەرداخێ ئاویشیان نەداینێ. لەم ڕووەوە قوتابییان و منیش لەگەڵیاندا بەجێمان هێشتن لە هەموو شەقامەکانی (بەگ ئۆغلوو ) وە کۆڵانەکانیان لە قوتابیی چەک بەدەست بەولاوە کەسی کە نەئەبینرا وە لەدەوری قشڵەکاندا بە توندی تۆپ و تفەنگ بەدرێژایی شەووڕۆژ دەنگی ئەهات لەو ناوەدا هەر سەربازی کوژراو و بریندار کەوتبوو پەیتا پەیتا ئەگوێزرانەوە بۆ تیمارخانەی شیشلی. ئێمەش لەوناوەدا بەبێ ئیش ئەسووڕاینەوە. ڕاستییەکەی جێگاکەمان کە پێمان سپێرابوو بەجێمان هێشتبوو. چەند هاوڕێیەک ئەمانزانی کە لە هەندێ ماڵی (پانفالتی) کچی جوانی تێدایە زۆر


حمید پاشای حسین پاشا خندان

بەڕێزەوە دەستمان کرد بە لێدانی دەرگاکانیان وە پێمان ڕائەگەیاندن کە نەترسن ئێمە بۆ پاراستنی ئەوان نێرراوین ئەوان و دایک و باوکیان زۆر ڕێزیان لێ گرتین وە بانگیان کردینە ژوورەوە بۆ قاوە خواردنەوە بەڵام هەندێ لە کچەکان زۆرزان بوون ئەیانزانی کە ئێمە بە نیازی چی چووینەتە ماڵەکانیان، بە لایەکی چاو تەماشایان ئەکردین و سەریان ڕائەوەشان .

## باوکم چۆن ڕزگار کرد

بەیانیی ڕۆژی ١٣ / نیسان بوو سەربازەکان لەگەڵ قەطەعاتی سوپای حەرەکەت لەناو قشڵەکاندا بوون، تەقاندنی تۆپیش بەردەوام بوو . بەیانی زوو کە هاتمە بەر دەرگای قوتابخانە لە مامۆستاکانمان یەکێک کە ناوی حەمدی بەگ بوو بانگی کردم. هەشت نۆ سەربازی ئەرناوودی نیشان دام وە وتی: ئەمانەم خستۆتە ژێر فەرمانی تۆ، لەگەڵ خۆتا بیانبە بۆ فرنەکانی گەڕەکی خۆتان نان کۆبکەرەوە و بیهێنە. ئەم سەر بازانە یەکی کڵاوێکی لباد و هەروەها چاکەتێکی لبادیان لەبەردا بوو وە سەر و جووت کەوشیان لە پێدا بوو وەک شێر بە ڕێگادا ئەڕۆیشتن، لەگەڵ خۆمدا بردمن. بە گۆرانیی خۆیان (مورە مورە ... بو... بیوو ...) وتن دەستیان کرد بە ڕۆیشتن. لە یەک دوو فرن نانمان وەرگرت بەڵام فرنەکان لەترسان پارەیان وەرنەگرت. لە کاتێکدا لە بەردەم مەرکەزێکی پۆلیسدا کە کەوتبووە بەرامبەر

chalakmuhamad@gmail.com

مزگەوتی (تەشویقییە) ئەڕۆیشتین چاوم کەوت بە باوکم لەسەر کورسییەک لەودیو پەنجەرەی ژووری مەرکەزەکە دانیشتبوو، چەند پۆلیسێکی ئارناوود دەوریان دابوو وە تفەنگەکانیان ئاراستەی کردبوو. باوکم کە منی بە دی کرد بە ئیشارەت بانگی کردم. منیش خۆم و ئەو سەربازانەی کە لەگەڵمدا بوون چووینە ناو مەرکەزەکە، ئەوانەی دەوری باوکمیان دابوو کە منیان دی وتیان: گەورەم پاشایەکی ئیستیبدادمان گرتووە لە تەدبیری ئەوەداین کە بیکوژین وە لێیان پرسیم ئێوە ئەفسەرتان لەگەڵ نییە! منیش لە وەڵامدا وتم: برادەران ئێوە بە هەڵەدا چوون، ئەمە پاشای ئیستبداد نییە. داوای لێبووردنم لە باوکم کرد و دەرحاڵ لەسەر کورسییەکەی هەڵمساند و خستمە ژێر حیمایەی خۆمەوە و بە گۆرانی وتنی ئارناوورد بردمەوە بۆماڵەوە. لە دەمی ماڵەکەماندا تۆپێک دانرابوو، قشڵەی ماچقەی تۆپباران ئەکرد، لەبەر ئەوە باوکمم بردە لای دایکم و خوشک و براکانم کە خۆیان لە ژێرزەمینی ماڵەکەدا شاردبووەوە وە پێم وت کە نەیەتە دەرەوە. باوکم لە وەڵامدا وتی: (کوڕە ئەگەر حکوومەت لەگەڵ ئەم حاڵەدا بە دەس ئەمانەوە بمێنێ، تف تف لە تۆ و تف لە حکوومەت). دەستم کرد بە پێکەنین وە بەجێم هێشت.

تومەز باوکم لە دەستپێکردنی یاخیبوونەکەدا لە ماڵی خاڵم بووە، لە قاضی کوێی، کە شەو گەڕاوەتەوە ماڵەوە دایکم و نەنکم لە ئەشکەنجەی منداڵ بوون کە ئاخۆ چیم بەسەر هاتووە. لە قوتابخانە بە هۆی هەڵگیرسانی یاخیبوونەکە کە وا نەگەڕاومەتەوە ماڵەوە. باوکم کە ئەمەی بیستووە دەستوبرد جلی عەسکەریی لەبەر کردووە و چۆتە دەرەوە بۆ من بگەڕێت. لە ڕێگا تووشی چەند پاسەوانێکی ئارناوود بووە دەرحاڵ وتوویانە ها ها زۆر باشە تۆ پاشایەکی ئیستیبدادی، وەرە لەگەڵمان، بردوویانە بۆ مەرکەز لەوێ بەندیان کردووە.

کە باوکم لە ماڵەوە بەجێ هێشت پاش کۆکردنەوەی نان دووبارە گەڕامەوە قوتابخانە. ئێمەی قوتابی ڕۆژمان لێ هەڵاتبوو؛ تفەنگ بە دەسمانەوە و فیشەک بێ ژمارە لە ملماندا، بە چواردەوری خۆماندا تەقەمان ئەکرد، وە بەشێکی تریش لە قوتابییان لەملا و لەولا پیاوە گەورەکانی کۆنیان ئەگرت بە حەقارەتەوە ئەیانخستنە ژێرزەمینی قوتابخانە.

## ڕۆژێکی گەورەی مێژوو

بەبێ ئەوەی بە خۆم بزانم لە لابردنی سوڵتان عەبدولحەمیددا[٤] چۆن هاوبەشیم کرد؟!

بەیانیی ڕۆژی ١٤ / نیسان دیسانەوە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان لە بەردەرگای قوتابخانە وەستابووین، سەیرمان ئەکرد. لەپڕ ئۆتۆمبیلێکی زرێلی سەربەتاڵ هات، وە وەستا. تا ئەو کاتە ئێمە ئۆتۆمبیلی وامان نەدیبوو. پاشایەکی عەینەک لەچاو لە ئۆتۆمۆبیلەکە دابەزی وە دەستی کرد بە قسە لەگەڵ ئەفسەرەکانی قوتابخانە. یەکێک لە ئەفسەرەکان کە مامۆستامان بوو وە ناوی (حەمدی بەگ) بوو منی بانگ کرد وە داوای لێ کردم کە لەگەڵ دوو قوتابیی چالاک و تیبین لەگەڵ خۆمدا بەرم وە لەگەڵ پاشادا بڕۆین. دوا کات بۆمان دەرکەوت کە ئەم پاشایە ناوی شەوکەت طورغود پاشا بووە کە یەکێک بووە لە سەرکردەکانی سوپای حەرەکەت. ئەو دوو قوتابییەی لەگەڵ خۆمدا بردمن یەکێکیان نەجمەدین ئاقسەرای بوو وە ئەوی کەیان نووری بەشکطاش، لە دواوە دانیشتین، بە ئۆتۆمۆبیلەکە کە زۆر بەخێرایی ئەڕۆیشت، کاتێ کە گەیشتینە سەرای (ییلدز) دەرگاکانیان بۆ کردینەوە. چەتەکانی ئارناوورد و ماکدۆنیا وە سەربازەکانی (ڕۆم ئێلی) هەموو لایەکیان داگیرکردبوو. هەموو لایەکی سەرا خامۆشی وە بێدەنگی دایپۆشیبوو.

چووینە ژوورەوە، لە شوێنێکدا ئۆتۆمۆبیلەکە وەستا، پاشا ئێمەی بەجێ هێشت بەناو ئاغاکانی حەرەمدا چووە ژوورەوە، ئێمەیش هەر سێ هاوڕێکە تفەنگمان بە دەستەوە وە وەستاین، بەبێ ئەوەی بزانین چییە چاوەڕێی پاشامان ئەکرد. پاش تۆزێ کە پاشا هاتە دەرەوە ئەو

chalakmuhamad@gmail.com

ئاغای حەرەمانە کە لە دەرەوە وەستابوون دەستیان کرد بە گریان، لەگەڵ پاشادا سواری ئۆتۆمۆبیلەکە بووین چووینە (بویوک صاری سەرای) کە ئەکەوتە قەراغ بەحر لە ناوچەی (بەشکطاش). کە چووینە ژوورەوە دیسان پاشا ئێمەی لەسەر پلیکانەکان بەجێ هێشت وە خۆی سەرکەوتە سەرەوە. تا ئەو ڕۆژە هەرچی قوتابییەکی حەربییە بە بەر ئەو سەرایەدا بڕۆیشتایە ئەبوو سەری وەرگێڕایە، واتە سەلامی بۆ سەراکە بکردایە، ئەگینا بە ڕاپۆرتی جاسووسێک کە لە دەوروبەری سەراکەدا دانرابوو تووشی مەحوی موحەقیق ئەبوو. پاش نزیکەی چارەکە سەعاتێک پاشا دەرکەوت بەڵام ئەم جارە پاشەو پاش ئەڕۆیشت وە پیاوێکی ریشسپی بەرامبەری وەستابوو، خواحافیزیی لێ ئەکرد. پاشا کە هاتە خوارەوە وتی: ئێوە بە ئۆتۆمۆبیلەکە بڕۆن بۆ سرکەچی وە من بە پاپۆڕ دێم. ئێمەش بە ئۆتۆمۆبیلەکە بەسەربەستی کەوتینە ڕێ لە ڕێگا کاتێکمان زانی شەقامەکان پڕ بوو لە خەڵق، قەڵەباڵغییەکی زۆر پەیدابوو، ئێمەش بۆ خۆ نواندن دەستمان کرد بە تەقەکردن بە سەریاندا. کە گەیشتینە سرکەچی لە ئۆتۆمۆبیلەکە دابەزین، کە گەیشتینە سەری شەقامی بابی عالی ڕوانیمان قوتابییانی حەربییە مۆزیقا لە پێشیانەوە لێ ئەدرێ وە ورد ورد ئەڕۆن.

کاتێک چەند برادەرێکمان لە بەردەممانەوە تێپەڕین، لێمان پرسین چی هەیە و چی نییە! لە وەڵامدا وتیان (پادشا گۆڕا) ئەچین بۆ (بیست). ئینجا ئێمە لە ڕووداوەکە گەیشتین. پاش نەختێک لەناو کۆمەڵێک سەربازدا عەرەبانەیەک دەرکەوت، شەوکەت طورغود پاشای تێدابوو، ئەو پیاوە ریش سپییەی کە لە سەراکەدا دیبوومان بەرامبەری دانیشتبوو، مەدالیایەکی گەورەی بە سنگەوە بوو. ئە ئاوەها لە ڕۆژێکی گەورەی مێژوویيدا بەبێ ئەوەی بە خۆم بزانم هاوبەشیم کرد لەم ڕووداوەدا.

# چەند ڕاستییەک دەربارەی لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید

کۆمەڵی ئیتتیحاد و تەرەقی(٥) بە سایەی هاتنی



سلیمان بك حسین پاشاخندان

سوپای حەرەکەت بۆ ئەستانبووڵ بە سەرکردەیی مەحموود شەوکەت پاشای بەغدایی، ئەم سوپایە هەر کە ژیانی دامەزراندەوە وە ئاسایشی خستە وڵاتەوە، یەکەم ئیشی ئەوە بوو کە سوڵتان عەبدولحەمید خانی لابرد.

مەجلیسی میللی کە لە (ئایاستفانۆس) کۆبووەوە لە ئەندامەکانی وا گەیەنرا کە ڕووداوەکانی ٣١ مارت بە دەسیسەی پادشا ڕێک خرابوو. بۆ جێگیرکردنی ئەو هەستە ئەنواع پروپاغەندە و شایعات بڵاوکرایەوە، لە دواییدا یەکێک لە ئەندامە پێشووەکانی ئەعیان، کە ناوی (بساریا ئەفەندی) بوو ئەم درۆیەی خستە ناوەوە: لە قسەکانیا وتی: سوڵتان عەبدولحەمید بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆی داوای لە حکوومەتی نەمسا کردووە لە کاتێکدا کە سوپای حەرەکەت جووڵایەوە لە دواوە لێی بدات، بە هاتنە خوارەوەی بۆ (ڕۆم ئێلی) ئەم داوایەی پادشاه کە لە حکوومەتێکی بێگانەی کردووە بۆ لێدانی سوپایەکی عوثمانلی کارێکی زۆر ناخۆشی کردە سەر ئەندامانی مەجلیسەکە، وە بێدەنگ بوونی ئەو حکوومەتەی ئەوسا کە لەسەر حوکم بووە بە سەرۆکایەتیی تۆفیق پاشا، لەم کردەوەی پادشاه هەموو کەسێکی شێتانە خستە غەلەیانەوە، لەگەڵ داگیرکردنی ئەستانبووڵ لەلایەن سوپای حەرەکەت، ئەندامانی مەجلیسی میللی. بە برووسکەیەکی ئەحمەد ڕەزا بەگ، ئەو ئەندامانەی لە (ئایاستفانۆس) بوون گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان، کە لە نێزیک (ئایاصۆفیا) بوو وە لەوێ

chalakmuhamad@gmail.com

کۆبوونەوە، وە بۆ لابردنی مەحموود شەوکەت پاشا بە بروسکەی دروستکراو کە لە ولایەتەکانەوە هێنرابوو لە دژی پادشاه. ئەم تاوانانە کە دژی پاشا رێک خرابوو وا لە خوارەوە بەکورتی ئەینووسم: پادشاه سوێندی خواردبوو وە پەیمانی دابوو کە راست بێت لەگەڵ قانوونی ئەساسی و مەشرووطییەت، بەڵام دوای ئەو عەهد و پەیمانە دەستی کرد بەوەرگرتنی راپۆرت لە جاسووسەکانی کە بڵاوی کردبوونەوە بە ناو وڵاتدا،

وە لە هەموو کۆبونەوەکانی ئیتیحاد و تەرەقی چی لە سلانیک وە چی لە ئەستانبوڵ جاسووسێکی زۆری ئەوی تێدا بوو، وەکوو لێپرسراو مصطفی موصاحب یەکەم، جەوهەر ئاغا وە لە جاسووسە بەناوبانگەکان ئەندامی پێشووی شوورای دەوڵەت فرۆکەوان و وەزیری دەوڵەت (نادری فەوزی) وە یاریدەدەری بەرێوەبەری پێشووی رسوومات تۆفیق بەگ، ئەمانە بەهەموویان فەساد وە خراپەیان خستبووە ناو وڵاتەوە. وە هەروەها چەندەها جار پارەی داوە بە رۆژنامەی (وولقان) وە لە نووسەرانی رۆژنامە حەسەن فەهمی بەگی بە کوشت داوە و لە ٣١ مارتدا ئەو ئەفسەر و ئومەرایانە کە لە دەوروپشتی (ییلدز) لە فەوجی سوارەی (ئارطوغرول) کوژرابوون. وە قوبطانی پاپۆری جەنگی (ئاثار تۆفیق) کە موقەدەم (عەلی قوبلی بەگ) بوو، لەلایەن یاخیبووەکانی هێزی دەریایی لە رۆژانی توند و هەرە ناخۆشی یاخیبوونەکە هێنرایە بەردەم سەرای ییلدز وە کوژرا. ئەمانە هەمووی خرایە پاڵ پادشا وە ئەوی پێ تاوانبار کرا. وە بەم شێوەیە پادشاه تاوانبار کرا بەوەی کە ویستوویەتی (رەجعییەت) بگەرێنێتەوە بۆ وڵات. لە بەر ئەم هۆیانە داوای کرد کە بریار بدرێ بە لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید خان.

هەرچەندە ئەمینی فتوا رازی نەبوو بە فتواندان بۆ لابردنی سوڵتان، بەڵام دواجار ناچار کرا کە فتوا بدات وە لە ئەنجامدا لەلایەن شیخ الاسلام محەمەد ضیائودین فتوا دەرچوو وە لە ١٤ی نیسان ١٣٢٥ و ٧ی رەبیعولثانی ١٣٢٧ لەو رووەوە کە لە سەرەوە باسم کرد ٣٦مین پادشاه و ٢٦مین خەلیفەی ئیسلام، سوڵتان کە لە ١٢٩٣ تاکوو ١٣٢٥ رۆمی سەڵتەنەتی کردووە، لابرا.

رووداوەکانی ٣١ مارت هەرە گرنگترین هۆ بوو کە ئیمپراتۆرییەتی عوثمانلی و مەشرووطییەتی رووخاند وە خستیە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵێکەوە، وە هەروەها بوو بە هۆی گۆرینی سەڵتەنەت وە گەلێ کۆمەڵی (قەومی)ی هێنایە کایەوە کە تا ئەو کاتە لە هیچ مەمالیکی عوثمانلیدا ناویان نەبوو، وە بوو بە هۆی ئیعلانی عورفی وە گەلێک بەسەرهاتی ناخۆش دروست بوو، وە هاتە کایەوە. لەگەڵ لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید ئەو بروایەی لە بەینی میللەت وە پادشاهدا هەبوو نەما. ئەو ئەقوامانەی کە بە ناوی ئیسلامییەت یەکیان گرتبوو لەژێر سایەی سوڵتان کە بە نوێنەری ئیسلام ناسرابوو بە باوکی هەمووان دانرابوو، لە بەرچاویان کەوت و رێزی نەما. لە رۆژانی دەسەڵاتداریتیی سوڵتان عەبدولحەمید خان وڵات بەرەو رووخان ئەرۆیشت،لە سیاسەتی ناوخۆی وڵاتدا ئەگەر کەسێک رەخنەی لە شەخصی سوڵتان نەگرتایە وە هیچ جووڵانەوەیەک دژی ئەو نەکرایە بەسەربەستی ئەژیا. رۆژنامەکان زۆر بەسەربەستی لە دژی کردەوەی وەزیرەکان ئەیاننووسی، رەقابە رێگای ئەدا بەبێ ئیستیثنا هەموو چاپەمەنییەکی بێگانە ئەهاتە وڵاتەوە، وە موراسەلات موراقەبە نەئەکرا.

## ئەو موجەوهەرانەی کە لە سەرای ییلدز تاڵان کراوە

ئەو رووداوەی کە لە ١٤ی نیسان ١٣٢٥ی رۆمیدا رووی دا بۆ لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید خانی دووەم، ئەوانەی کە هاوبەشیان کردبوو لە تاڵانی پارە و موجەوهەرات بە نەوع و بە کەممیە لەلایەن ئەو مەجلسی عورفییەی کە دیوانی حەرب لە ساڵی ١٣٣٦ی رۆمیدا تەشکیل کراوە، دەرکەوت کە خاقانی خوالێخۆشبوو، کە لە سەرای ییلدزەوە نێررابوو بۆ کۆشکی (ئالاطینی) لە

chalakmuhamad@gmail.com

سلانیک، ئەو جانتا تایبەتییەی کە لای بووە لێی سەندراوە وە براوە بۆ ماڵێک لەدەوروپشتی بایەزید وە لەوێ کراوەتەوە هەرچییەکی تێدا بووە دابەش کراوە بەسەر ئەرکانی سوپای حەرەکەت، وە لیستەی ئەو شتانەی کە تالآن کراوە و دابەش کراوە لای ئەمینی شاری ئەستانبووڵ تۆفیق بەگ وە بەڕێوەبەری ڕێژیی ئەستانبووڵ حەسەن عیززەت بەگ، ئەو لیستەیە لەناو ئەوراقی ئەم دوانەدا بەردەست کەوتووە. بەپێی لیستەکە دەرکەوتووە کە نۆصەد هەزار لیرەی ئاڵتوون دابەش کردنی بەم جۆرەی خوارەوە بووە :

– قوماندانی سوپای حەرەکەت مەحموود پاشا: موتەعەدید باندانتیف ، تاج ، ئەموستیلە.

– لە قوماندانەکانی سوپای حەرەکەت حوسنی پاشا : طەبەقەی مورەصصەعی تووتن ، چەند گەردانەو ئەموستیلە.

– سەرکردەی ئەرکان میر لیوا عەلی پاشا: موتەعەددید گوارە و ئەموستیلە.

– سەرکردەی ڕێژی حەسەن عیززەت پاشا: دوو تاج وە ئەموستیلەی بەرلانط.

– ئەنوەر و جەمال پاشا و داماد ئیسماعیل حەقی پاشا: بەنرخترین بەرلانطە وە پارچە زومرود.

– ئەحمەد ڕەزا بەگ: سەعاتی مورەصصەع و گوارەی بەرلانطە.

– ئیسماعیل حەقی بەگ کە والیی بورصە بوو وە لەوێ وەفاتی کرد: ئەموستیلەیەکی گەورەی زۆر بەنرخ.

– بەڕێوەبەری ئەمنییەت و والیی پێشووی حیجاز غالب پاشا: ئەنواع مەوادی زینەی مورەصصەعی ژنان.


– جەعفەر طەییار و حەمدی بەگ: گوارەی مرواری، ئەموستیلەی بەرلانط وە چەند دەمانچەیەک.

– موصطەفا کەمال پاشا (ئەتاتورک): گەردانەی ئەڵماس و مرواری و بازنی بەرلانط وە چەند سەعاتی مورەصصەع.

– میر ئالای عەزیز صالح بەگ: تاجێک کە نرخی ٣٠٠٠ لیرە بووە.

– یەعقووب جەمیل بەگ: بوخچەیەک تەحویلات.

– نوێنەری پێشووی قەرەس حسێن قەدری بەگ: چەند خەنجەرێکی دەسک زومرود.



عزت بك حسين باشا خندان

– چەرکەس کەمال بەگ: چەند پارچەی بەنرخ ئاڵتوون.

– حەسەن جاهید بەگ: طاقمی حوقەی مورەصصەع وە چەند سەعاتی مورەصصەع.

– جاوید بەگ و قەرەصو ئەفەندی : میقدارێکی موهیم لە توورەکەیەکدا ئەڵماس وە پارچەی بەرلانطە .

– نوێنەری بولی حەبیب بەگ: توورەکەیەک تەحویلات وە ئەموستیلەی مورەصصەع.

– وەهیب پاشا: کۆمەڵێک سەنەداتی جەصعە وە دەرزی و ئەمووستیلەی مورەصصەع .

– ئەبووبەکر حازم بەگ : توورەکەیەک پارچە ئاڵتوونی کۆن وە ئەموستیلە .

ئەو فیدائییانەی لەگەڵ سوپای حەرەکەتدا بوون بە ١٦ کەسیان موتەعەدید ئەموستیلە وە سەعاتی بەرلانط درابوو. بێجگە لەمانە هەرچی فەرش و فیراشی سەراکە بوو کە زۆر بەنرخ بوو لەلایەن حەسەن عزەت بەگ و ئەنوەر و جەمال وە چەند کەسانێکی کەوە تالآن کرابوو.

## دانیشتنی سوڵتان محەمەد ڕەشاد لەسەر تەختی پاشایەتی وە چۆنێتیی ژیانی

لە ١٤ / نیسان / ١٩٠٩ – ٧ / ڕەبیعولثانی / ١٣٢٧ هیجریدا سوڵتان محەمەد ڕەشادی پێنجەم(٦) چووە سەر تەخت، وە ئەم پاشایە لە ٢٠ / شەووال /

chalakmuhamad@gmail.com

١٢٦١ هیجریدا هاتۆتە دنیا ، ٣٣ ساڵ وەلیعەهد بووە. ئەو ماوەیە لە سەرای بەشکطاش نەهاتۆتە دەرەوە، وە چاوی بە کەس نەکەوتووە وە هەر خەریکی عەرەق خواردنەوە بووە. لەبەر ئەوەی کە مەشرووبخۆرێکی بێوێنە بووە لە ڕووی ئەوەوە گێژو وێژ بووبوو، ئاگای لە دونیا نەبوو.

لە کاتی چوونە سەر تەختی ئەم سوڵتانە موحیدین ئەلعەرەبی بەناوبانگ کە گۆڕەکەی لە شامە لە کتێبێکیدا کە لە ناو خەڵقدا بڵاوە نووسیویتی (جلس الرشاد هلك العباد). لەبەر ئەوە چوونە سەر تەختی ئەوی بە ئەنواع شت تەفسیر ئەکرد. هەر لە ڕۆژی دانیشتنیەوە تاکوو مردنی (٣ تەموز ٩١٨ – ٢٤ / ڕەمەزان ١٣٣٦) کە ئەکاتە ٩ ساڵ زۆر ڕووداوی گەورە ڕووی داوە.

لە دووەم ڕۆژی دەسەڵاتداریی ئەودا سوڵتانی لابراو بە حەپسی برا بۆ سلانیک، لە کۆشکی (ئالاطینی) بەند کرا. لە کاتی بردنیا بۆ ئەوێ جانتا تایبەتییەکەی کە هەموو کاتێک بە خۆی بوو لەلایەن پاسدارەکانیەوە دزرا وە هەر چییەک لەناو ئەو جانتایەدا بوو لە ئاستانبووڵ ئیتتیحادییەکان، گەورەکانی سوپای حەرەکەت، لە ناو خۆیاندا بەشیان کرد. تەفصیلات لەم بارەیەوە نووسراوە.

سوڵتان عەبدولحەمید لە بانگەوازی جەنگی باڵقان لە سلانیکەوە گوێزرایەوە. تەرمەکەی لەلایەن خەڵقی ئەستانبووڵەوە بە قەرەباڵغییەکی زۆرەوە وە بەڕێزەوە بە ڕێگای سرکەچی – دیوان بۆ گۆڕستانی سوڵتان مەحموود بە ڕێ کرا، وە لە ناو گومەزەکەی ئەودا نێژرا وە بە درێژایی ڕێگاکە خەڵق هەموو ئەگریان وە هاواریان ئەکرد: ئاه تۆمان لە کیس چوو.

دانانی سوڵتان محەمەد ڕەشاد لە کاتێکدا بوو کە دەوڵەتی عوثمانلی لە ئیدارەیەکی موطلەقەوە گوێزرابووەوە بۆ مەشرووطییەت وە بەم هۆیەوە هەستی ناوخۆ زۆر هەڵچووبوو. مەنطیقەی بۆسنەوهەرسک درابوو بە نەمسا و مەجەرستان وە بانگەوازی سەربەخۆیی بولغارستان کە تا ئەو وەختە ویلایەتێکی سەربەخۆ بوو وە داگیرکردنی جزیرەی کرێت لەلایەن یۆنانەوە داگیر کرابوو وە ئیغتیشاشاتی ئەرناوود و یەمەن ڕووی دابوو کە ئەمانە هەمووی بە هۆی ڕووداوەکانی ٢١ / مارت / ٣٢٥ هاتبوونە کایەوە. لەبەر ئەم هەموو تێکەڵ و پێکەڵییە کاربەدەستانی میری وڵات لە ناوەوە و لە دەرەوە لە حاڵێکی پەرێشاندا بوون، نەیانئەزانی چۆن وڵات بەرن بە ڕێوە. ساڵی ٣٢٦ سوپا مناوەرەیەکی کرد لە (تراليا)، پادشاه لەم مناوەرەیەدا ئامادە بوو وە هەروەها لەو ئیستعراضە گەورەیەدا کە کردیان. دوای ئەوە سەری داوە لە ویلایەتەکانی ئەدرنە، سلانیک، قوصوە، مناستر، لە پاش ئەو ئیتالییەکان لە ئەنجامی جەنگێکدا کە ڕووی دا طەرابولسی غەرب و بەنغازییان داگیرکرد وە دوابەدوای ئەمە داگیرکردنی جەزائیر، جزیرەی ڕۆدوس کە لە دەریای سفیدە وە باقیی جزیرەکانی کەیان داگیرکرد. دوای ئەوەی کە پەیمانی ئاشتی مۆرکرا دەوڵەتەکانی باڵقان کە لە مناوەرە گەورەکەی سوپای عوثمانلیدا کەمیی ئیعاشە و نەبوونی نیظام و ڕێکوپێکیی ئەم سوپایەیان دیبوو، لە بەینی خۆیاندا ئیتتیفاقیان کرد کە پەلاماری عوثمانلییەکان بدەن. لە ساڵی ١٣٢٨ ڕۆمیدا جەنگ دەستی پێ کرد لە بەینی عوثمانلییەکان و (بولغار، صرب، یۆنان، قەرەطاغ). لە ئەنجامدا ویلایەتی (مناستر، یانیە، قوصوە، اشقوردە) بەتەواوەتی وە بەشێکی ویلایەتی ئەدرنە لە دەست عوثمانلییەکان چوو، وە سوپای بولغار تاکوو خەتی (چقالجە) هات. لە بارەی جەنگی باڵقان موزەکەراتی دووردرێژم هەیە بەجیاوازی نووسراوە. لە کاتێکدا سوپای عوثمانلی لە حاڵێکی ئاوا لاوازدا بوو بە هاندانی ئیتتیحادییەکان لە ساڵی ١٣٣٠ ڕۆمی/ ١٩١٤ میلادی بە لایەنگیریی دەوڵەتەکانی حولەفا هاوبەشی جەنگی یەکەمی جیهانی کرد (درێژەی ئەم باسە لە کێبە تایبەتێکەمدا نووسراوە). لە ئەنجامی ئێش و ئازاری ئەم جەنگە گەورەیەدا لە پاش تەواوبوونی جەنگ، عوثمانلییەکان هیچیان بە دەستەوە نەما، ئەو ئاگرە گەورەیەی لە ئاستانبووڵ لە دوا ڕۆژەکانی

chalakmuhamad@gmail.com


حوکمڕەوایی‌ی سوڵتاندا ڕووی دا لە ساحلی مەڕمەڕەوە تاکوو خەلیج هەموو گەڕەکەکان لەناو شەڕێکی بە ئێش و ئازاردا سووتا، ناوبراو بە درێژایی‌ی عومری لە ناو چەندەها خەم و خەفەتی جەنگ وە لە دەست چوونی چەندەها شار و چەندەها نائارامیدا ژیا.

لە مارتی ساڵی ٣٢٨ خەزنەداری سەرای بانگ کردۆتە لای خۆی، ٥٠ لیرەی ئاڵتوونی داوەتێ، وە وتوویەتی ئەم پارەیە بکرێت بە مەصاریفی کفن و دفنم، وە ئەم پارەیە لە توورەکەی جیاوازدا دابنێ وە تێکەڵ بە پارەی خەزێنەی دەوڵەتی مەکە.

قارەمانی مەشرووطییەت ئەنوەر بەگ (پاشا) ناجییە سوڵتانی ئامۆزای پادشاهی مارە کرد، بەم هۆیەوە ئەحمەد ئاغای باوکی گوێزرایەوە وەظیفەیەکی موهیم لە سەرای شاه، هەرچییەکیان لە پادشاه داوا بکردایە ئەیوت (ئەنوەر جێ بە جێی ئەکات). بەمە پادشا بێدەسەڵات و گێژوویژیی خۆی دەرئەخست. (داماد صالح پاشا) ئینسانێکی عاقڵ وە بیروباوەڕێکی سەربەستی هەبوو وە سەری بۆ ئیتتیحادییەکان دانەئەنواند وە لایەنی کۆمەڵی حوڕڕییەت و ئیئتیلافی ئەگرت. دوشمنەکانی پیلانێکیان بۆ دروست کرد، درا بە دادگا. لە ئەنجامدا بڕیاری خنکاندنی درا، جێنشین عیززەددین ئەفەنی و سوڵتان خانمی خێزانی چوونە لای پادشاه کە ئەم بڕیارە جێ بە جێ نەکات. ئەڵێن پادشاه لای ئەوان دەستی کردووە بە گریان وە لە لایەکی ترەوە بڕیاری خنکاندنەکەی مۆر کردووە.

لە دوای جەنگی باڵقان هەیئەتێکی ئەفسەرانی بولغار هاتن بۆ ئەستانبووڵ وە سەریان دا لە قوتابخانەی حەربییە، ئەمانە هەموویان یەک جۆر جلیان لە بەردا بوو، لە موختەلیف صنووفی سوپا پێک هاتبوون، وە لە ناو ئەمانەدا کەسی ورگزل وە ڕان دەرپەڕیویان تێدا نەبوو.

موددەتێک پاش ئەوان هەیئەتێکی سوپای جاپۆن سەریان لە قوتابخانەی حەربییە دا هەموو ئەفسەرەکانیان جلی خاکییان لە بەردا بوو، بۆ یەکەم جار جلی خاکیمان لەبەر ئەواندا دی. دوای ئەوان لە



فؤاد باشای سعید باشا خندان

سوپادا جلی خاکی لەبەرکردن بوو بە باو. لە قوتابخانەکەماندا مامۆستایەک هەبوو ڕوتبەی (قول ئاغاسی) بوو ناوی (مونشر) شێت بوو. ئەم ذاتە هەرچی مامۆستایەکی دەرسی (فەرەنسی، ئەڵمانی، ڕووسی وە ڕیاضییات) نوقصان بووایە، ئەم لەجیاتی ئەو مامۆستایە ئەو دەرسانەی ئەگوتەوە، بەڵام قوتابییەکان دەوریان ئەدا بە ئەنواع پرسیار مەشغووڵیان ئەکرد. ئەم ذاتە ئاشنایەتیی لەگەڵ مۆسیقاشدا هەبوو، لەبەر ئەوە قوتابییەکان دەربارەی مۆسیقا پرسیاریان لێ ئەکرد، ئەبوو بە هاوار هاوار و قەڵەباڵغی. ناظری قوتابخانە ئەهات بزانێ ئەم دەنگە دەنگە چییە. کاتێک کە جاپۆنییەکان هاتن بۆ قوتابخانە ئەم مامۆستایە بە زمانی جاپۆنی دەستی کرد بە قسە کردن لەگەڵیان. هەموویان سەریان سووڕ ما. ٨ی حوزەیران ١٣٢٥ کۆمەڵێک ئەرکان و ئومەرا و ئەفسەران کە سەر بە ئیتتیحاد و تەرەقی بوون هاتنە کایەوە، هەرچی تێکچوونێک کە لە سوپادا ڕووی دابوو وە هەرچی ڕووداوێکی ناخۆش و ئیعدامات کە ڕووی دابوو خستیانە ئەستۆی خاقانی مەخلووع، وە داوای محاکەمەیان کرد. بۆ ئەمە مەضبەطەیەکیان دروست کرد، وە ئەوانەی ئەم مەضبەطەیان مۆرکردبوو ئەمانەی خوارەوە بوون:

– ڕەئیسی دیوانی حەربی عورفیی یەکەم / ناظری تۆپخانە فەریق خورشید.

– ڕەئیسی دیوانی حەربی عورفیی دووەم / تۆپچی موفەتتیش میرلیوا حەسەن ڕەضا.

chalakmuhamad@gmail.com

– ئەندامی دیوانی حەربی عورفیی یەکەم/ میرلیوا ضیا.

– مودیری شوعبەی سێی ئەرکانی حەربییە / میرلیوا نەظیف.

– تۆپچی رەئیسی ثانی / میرئالآی فەرید.

– ئەندامەکانی دیوانی حەرب / میرئالآی حوسێن حوسنی، تۆپچی قایمقام محەمەد ئەمین، پیادە میرئالآی خەلیل، بیکباشی حەقی، بیکباشی ئەحمەد موختار، بیکباشی سوارە، عاکف یووسف ضیا، بەحرییەلی ئیسماعیل، قول ئاغاسی سوارە جەلال، صادق پیادە قول ئاغاسی حوسێن حوسنی، قول ئاغاسی تۆپچی رەجەب عیرفان، پیادە قول ئاغاسی جەمال، لە ئەندامانی دیوانی حەرب مومتاز، یوزباشی محەمەد خلوصی، سەیفی، یوزباشی تۆپچی ئیحسان، پیادە یوزباشی عەلی، و بێجگە لەمانە شەش یوزباشی و مولازیم ئەووەل هەبوو ئەگەر بروانینە ناوەکانیان و وەظیفەکانیان بۆمان دەرئەکەوێت کە هەموویان سەر بە خورشید پاشا وە بۆ ڕیایی ئەم مەضبەطەیان مۆر کردووە بەلآم لە ئەنجامدا هیچ تەئسیری نەبوو.

## شازادە یووسف عیزەدین ئەفەندی[٧]

لەگەڵ دانیشتنی سوڵتان ڕەشاد لەسەر تەختی پاشایەتی بە پێی یاسای ئال عوسمان لەبەر ئەوەی کوڕی گەورەی مەرحووم سوڵتان عبدالعزیز خان بوو، بوو بە جێنشین. ناوبراو لە (زنجیر قۆیو ) لە کۆشکێکی پڕ لە دارو درەختی گەورەدا دائەنیشت لە ساڵی ١٩١٢ کە لە سەریەی چوارەمی فەوجی دووەمی سوارە بووم وە پایەگاکەمان ڕێک بەرامبەر ئەو کۆشکە بوو بالذات لەگەڵ خۆیدا پەیوەندیمان هەبوو .

ئەم شازادەیە وا هەست ئەکرا کە بیروباوەڕی لەگەڵ ئیتتیحادییەکان جیاوازە (داماد صالح پاشا) کە حوکمی خنکاندنی درابوو ، بالذات موراجەعەتی بە پاشا کردبوو کە لە خنکاندن ڕزگاری بکات، لە بەر ئەوەی لە هەوڵەکەیدا سەرنەکەوتبوو زۆر پێی ناخۆش بوو .

لە کاتێکدا جەنگی یەکەم دەستی پێ کرد بەرامبەر بە پروپاغەندەی ئیتتیحادییەکان وەستا وە وتی : (من نە مەکدۆنیا نە میصرم ناوێت، بەبێ فراوان کردنی سنوورمان ئەبێ ئیصلاحی وەضعی ناوخۆمان بکەین) حەتتا لەو زەمانەدا جەریدەی( مۆنیتۆر ئۆریانتال ) کە لە ئەستانبولدا بلاوئەکرایەوە ئەم بەیاناتەی ئەوی چەند جارێک دووبارە ئەکردەوە کە بوو بەهۆی ڕق هەڵساندنی ئیتتحادییەکان .

یووسف عزاالدین ئەفەندی پاش هێنانەخوارەوەی سوڵتان عەبدولعەزیز خانی باوکی لە سەر تەختی پاشایەتی بەبرینی دەمارەکانی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە وە پێش ئەوە چەند جارێک هەڕەشەی لای سەرۆکەکانی ئیتتیحادییەکان کردووە وە وتوویەتی من کوڕی سوڵتان عەزیزم (ئەوەی بیلێم ئەیکەم).

لە سەرەتای جەنگی جهانیدا ناردوویانە بۆ جەبهەی (چناق قەلعە) پاش گەڕانەوەی بەهۆی تێکچوونی تەندروستی داوای کردووە کە بۆ (تەبدیل هەوا) بچێت بۆ سویسرە بەلآم داواکەیان بەجێ نەهێناوە بڕیاری ناردنیان داوە بۆ نەمسا، لەو کارە زۆر پەست بووە وە هەستی بریندار کراوە. ڕۆژێک پێش چوونی بۆ نەمسا[چووە] بۆ زیارەتی گۆڕی دایکی کە لە (ئاق سەرای )یە. پاش ئەوەی هاتۆتەوە بۆ کۆشکەکەی وە بۆ حەسانەوە چۆتە ژوورەکەی خۆیەوە وە ئەمری بە پاسەوانەکەی کردووە کە کەس نەیەتە لای وە نارەحەت نەکرێت. بۆ ڕۆژی دوایی کە پاسەوانەکەی ئەچێتە ژوورەوە ئەبینێ مەرحووم لەناو خوێندا ئەگەوزێ. پاسەوان بەهاوار هاوار دیتە دەرەوە وە خەڵکەکە ئاگادار ئەکا پێش ئەوەی لە نەخۆشخانەی شیشلی منداڵان پزیشک بگاتە کۆشکەکە، ئەوانەی لەناو کۆشکەکەدا بوون هەوڵی ئەوەیان داوە کە برینەکەی بۆ بپێچن، لەو کاتەدا هاوار ئەکات وە وتوویەتی (وازم لێ بێنن، بۆ ئەتانەوێ لە ژیاندا بمێنم، بۆ ئەوەی ببم بە شاهیدی بەسەرهاتەکانی ئایندە کە بەسەرتان دێت ) وە

chalakmuhamad@gmail.com

هەرچی ئەو پەڕۆوپاتاڵە کە برینەکەیان پێ پێچابوو دڕاندی وە پێش گەیشتنی پزیشک ژیانی بەجێ هێشت. دەرکەوت کە ناوبراو بە گوێزانێک هەموو ڕەگەکانی دەستی خۆی بڕیبوو وە پاش وەفاتی ناوبراو بەو جۆرەی کە باسم کرد وەحیدولدین ئەفەندی بوو بە جێنشین .

## دایک و باوکم و تەوەللودم

وەکوو لە شەجەرەی یامولکی و خەنداندا(٨) دیاری کراوە دایکم خاتوو صەفییە کچی حوسێن پاشای خەندان، کە ژنەکەی ناوی ظەفەرخانم بووە. باوکم موصطەفا پاشای یامولکی، دوای تەواوکردنی ڕوشدییەی سلێمانی، وە دوای ئەوە ئەعدادی عەسکەری لە بەغداد، چووە بۆ قوتابخانەی حەربییەی ئەستانبووڵ، وە لە پاشا جیا بۆتەوە بۆ ئەرکانی حەربییە. باپیرم حوسێن پاشا کە ناسرابوو بە خانەدانێکی کورد وە پوورم خاتوو حەبیبە،(٩) مێردەکەی، کە ناوی عەبدولقادر بەگ بوو، خەڵقی سلێمانی و قایمقامی عەسکەری بوو. باوکم ئێشتا لە قوتابخانەی ئەرکانی حەربدا بوو لە ٢٥ی ئاب ١٣٠٢ ڕۆمی، ١٨٨٦ی میلادی، خاتوو صەفییەی دایکمی مارە کردووە وە لەگەڵ تەواوکردنی خوێندنی ئەرکان ساڵی ١٣٠٤ ڕۆمی – ٣ی مایس ١٨٨٨ لە ئەسکەلەی صەلاجق لە ئەسکودار ئاهەنگی زەفافی جێ بەجێ کراوە. دایکم هەرچەندە خوێندنی ئیبتیدائیی تەواو کردووە زۆر عاقڵ بوو وە لە ڕیزی ئەوانەدا بوو کە خوێندنی بەرزیان تەواو کردووە. لە هەموو شتێکدا شارەزاییی هەبوو.

٢ تەموز / ١٣٠٣ ڕۆمی بەبۆنەی وەفاتی باپیرم حوسێن پاشا(١٠) بە مەقصەدی تەسلییەی غەمی نەنکم، خاتوو ظەفەر وە خاتوو سەرئەفراز وە سێ پوورم وە دایکم، سوڵتان عەبدولحەمیدی ثانی هەر یەک ٥٠٠ قرووشی صاغ مەعاشی بۆ بڕینەوە، وە بە گوێرەی ئەو فەرمانە کە دەرچووبوو بۆیان تاکوو ئیعلانی جەمهوورییەت لە تورکیا ئەو مەعاشەیان بەردەوام بوو.

باوکم لە کۆتایی خوێندندا نزیکەی ساڵێک لە دائیرەی ئەرکانی حەربییەی عموومی دەوامی کردووە، وە دوای ئەوە ظەفەر خاتوونی دایکی دایکم ویستوویەتی بچێ بۆ حەج لەبەر خاتری ئارەزووی ئەو، خۆی نەقڵ کردووە بۆ فیرقەی ئەرکانی حەربی حیجاز وە من لەو کاتەدا لە مەککەی موکەڕڕەمە ٨ی کانوونی ئەووەڵ ١٣٠٦ ڕۆمی و ٨ی جەمادی ئەووەڵ ١٣٠٨ هیجری، ٢١ی کانونی ئەووەڵ ١٨٩٠ ڕۆژی شەممە کاتی بانگی بەیانی لە خانوویەکدا کە لەسەر شاخی (ئەبوو قەبیس) بوو هاتوومەتە دنیا. ڕۆژی دوای لە دایک بوونم باوکم بردوومی بۆ ناو کەعبەی شەریف کە لە کەعبەی شەریف هێنراومەتە دەرەوە حیمایەکانی باوکم بۆ تەبەڕروک دەستیان کردووە بە ماچ کردنم، وە بەم بۆنەیەوە نەنکم تا دوارۆژی ژیانی هەموو گیانمی ماچ ئەکرد بۆ تەبەڕروک. لە دایکبوونی من تەصادوفی تەئریخی ئیفتیتاحی (سدة الهندیة) وە کۆچکردنی عالمی بەناوبانگ محەمەد فەیضی ئەلزەهاوی ٢ی جەمادی ئەووەل ١٣٠٨ هیجری لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا، ئەکات. لە ماوەی ئەو ساڵ و نیوەی کە لە مەککەی موکەڕڕەمە ماینەوە هەموومان حەجمان کرد وە لە طایف دانیشتبووین، لەو کاتەدا لەوێ نەخۆشیی کولێرە بڵاو بۆوە، دایکیشم تووشی بوو، بەڵام بە هیممەتی دڵسۆزێکی هیندی ڕزگاری بوو. لەو ماوەیەدا کە لە مەککە بووین، دایکم و باوکم جارییەیەکی سوودانییان کڕی وە ناویان نا (قەدەم)، خزمەتی منی ئەکرد، تا تەمەنی ٩ ساڵیم لامان مابوو. دوای ئەوەی کە هاتینە بەغداد شووی کرد بە موفەوەضێکی شورطە و لە ئێمە جیا بۆوە. لەو سەردەمانەدا باوکم حیکایەتی حوشتری بۆ ئەکردم وە خەوم لێ ئەکەوت. تاکوو تەواوبوونی ئەو بینایە گەورەیە کە کرابوو بە قشڵەی باوکم لە حیجاز ماینەوە. دوای تەواوبوونی بیناکە ئێمەی گەڕاندەوە بۆ ئەستانبووڵ. لەکاتێکدا لە (جەددە) خەریک بووین سواری پاپۆڕێک بین سواری بەلەمێک بووین سەعاتەکەی باوکم گرت بە گوێمەوە، پاش تۆزێک فڕێم دایە ناو ئاوەکەوە، تاکوو ئێستا ئەو کردەوەیەم لە بیرە.

chalakmuhamad@gmail.com

لە ئەستانبووڵ لە ناوچەی نیشانطاش لەماڵی خاڵی گەورەم سەعید پاشا کە بەرانبەر مزگەوتی تەشویقیە بوو ئیقامەمان کرد. لێرەدا عەبدولقادر ئەفەندیی مامم[11] کە لە تەمەنێکی بچووک بوو، لە سلێمانیەوە دەهات وە ئیلتیحاقی بەئێمەوە کرد. وەختێ تەمەنم گەیشتە چوار ساڵی باوکم ئارەزووی چوونی بۆ نیشتمانی خۆی کە عیراق بوو ئەکرد. ساڵی ١٣١٠ رۆمی کرا بە قونسولی (خوی و سەڵماس)، ئێمەش لەگەڵ ئەنکم بە ڕێگای دەریای رەش کە ڕێگایەکی ئەمین بوو، بەسەر (صامسۆن ـ ئەرزرۆم)دا پەڕیینەوە بۆ ئێران. لەسەر سنوور لە ماڵی قونصولێکی عوثمانلیدا میوان بووین. مامم لەگەڵماندا بوو. باوکم پێش ئێمە رۆیشتبوو بۆ وەرگرتنی وظیفەکەی. خاوەنی ئەو ماڵە کە ئێمە میوانی بووین زۆر دەوڵەمەند بوو، بەڵام زۆر ڕەزیل بوو. ئەو خواردنەی کە بۆی ئەهێنایین بەشی نەئەکردین نیوەمان بە برسێتی ئەماینەوە، مەجبوور ئەبووین کە خواردنمان لە بازاڕەوە ئەهێنا. صاحێب ماڵەکە کە ئەوەی ئەدی خەنجەری لەسەر سنگی خۆی دائەنا و ئەیوت ئەم دەوڵەمەندی و دەبدەبەیە بۆ کێیە، بۆ ئێوە نەبێ. بە قسە فیداکاریی نیشان ئەدا، بەڵام خواردنەکە کە بۆی دائەنایین هەر وەکوو جاران کەم بوو وە بەشی نەئەکردین. لە پاش ماوەیەک باوکم چەند پیاوێکی ناردبوو کە بمانبەن بۆ ئەو شارەی کە بۆی ئەچین، بەمە لە برسێتی ڕزگارمان بوو. قسەی کابرای دەوڵەمەند کە میوانی بووین، کە ئەیوت ئەم دەوڵەمەندی و دەبدەبەیە بۆ ئێوە نەبێ بۆ کێیە، بووبوو بە حیکایەتێکی پێکەنین لەناو خێزانەکەماندا، هەموو کاتێک بۆ پێکەنین باسمان ئەکرد.

## لە ئێران

لە کاتێکدا کە لە شاری خوی بووین کە ئەکەوێتە شیمالی ئێران نزیک حدوودی عوثمانییە، لە ١٥ی شەعبان ١٣١٢ شەوی بەرات خوشکم (زەهرا زورینتاج)[12] هاتە دنیا. یەکەم قونسولخانەی خوی باوکم ئینشا و تەئسیسی کردووە. دوای ئەوەی کە گوێزرایەوە بۆ سەرۆکایەتیی قونسولی (سنە ـ سەنەندەج) بیناکەی بە هەموو شتەکانیەوە هەدییە کرد بۆ حکوومەتی ئێران.

لە شاری سەنەندەج لە مەنطیقەی ئامانییە ئیقامەتمان کرد. لە نزیک ئامانییە گردێکی بەرزی جوان هەبوو ئێمە لەسەر لووتکەی گردەکە بووین وە لە ناوقەدی گردەکە ئیقامەتگاهی حاکمی ولایەت هەبوو. حاکمەکە ناوی (حسام الملک) بوو وە کوڕەکەی کە ناوی (احتشام الدوله) بوو کچی شای ئێران موظەفەرەددین (قەمەر السلطنه) ژنی بوو وە دەرەجەی ئەمیر تومانی پێ درابوو. خەڵقی سەنەندەج هەموو بە عموومی کوردی ئەردەڵانن وە سوننی مەزهەبن وە هەموو تەبەعییەی عوثمانلی بوون، گوێیان نەئەدایە حکوومەتی ئێران، تەنها ئیطاعەتی قونسولخانەیان ئەکرد.

چاک لە بیرمە ڕۆژێک کوردێک ویستی ئەسپەکەی لە حەوزی ناو باخی حاکم ئاو بدات وە پیاوەکانی حاکم بەرهەڵستی بوون، وە کابرای کوردە هەڵیکێشایە خەنجەر وە یەکێک لە پیاوەکانی حاکمی بریندار کرد وە بەم هۆیەوە شەڕێک بەرپا بوو وە ئەهالی هەموو هەڵسان ئابڵوقەی دائیرەی حوکمەتیان دا وە دەستیان کرد بە کوشتنی عەسکەری ئێرانی وە بەعضێک لە گەورەپیاوان، وە کۆشکی حاکمیان تاڵان کرد. لە ئەنجامدا حاکم داوای یارمەتیی لە باوکم کرد کە فریای بکەوێت. ئەویش سواری ئەسپەکەی بوو رۆیشت ئاژاوەکەی وەستاند، (قەمەر ئەلسەڵتەنە) وە پیاوەکانی هێنایە ماڵی خۆمان وە دائیرەی حکوومەتی لە ئابلوقە ڕزگار کرد. لەو سەردەمەدا بۆ دیاری کردنی ژنە شازادەکانی قاجار لێوی سەرەوەی ژنەکانیان وەک سمێڵ بە بۆیە رەش ئەکرد. کە من لە ناو ژنە میوانەکاندا چاوم بەو کەوت زۆر ئیحترامم لێ گرت. ماوەی مانگێک لە ماڵی ئێمە مانەوە. لەو ماوەیەدا منی زۆر خۆش ویست. کە وەختێ ماڵی ئیمەی بەجێ هێشت تووتییەکی قسەکەری بۆ بەجێ هێشتم، بەپێی فەرمانی ئیستانبووڵ باوکم لەگەڵ (قەمەر

chalakmuhamad@gmail.com

ئەلسەلتەنە) وە مێردەکەیدا ڕۆیشتن بۆ طەهران، لەبەر ئەوە لەلایەن حکوومەتی عوثمانلی وە حکوومەتی ئێران بە چەند نیشانێک کە دایانێ، باوکم تەلطیف کرابوو، کە ئەوانی بە سەلامەتی گەیاندبووە طەهران. تەصادوفێکی زۆر سەیرە بیست و کسوور ساڵ دوای ئەو واقیعەیە کە باسم کرد لە ساڵی ١٩١٥ میلادی من بووم بە یاوەری لیوای سوارەی موستەقیل لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە ئێران، لە شاری هەمەدان وە دەورووپشتیمان ئیشغاڵ کرد. لە مەنطیقەی شیوەرین کۆشکی قەمەر ئەلسەلتەنەمان کرد بە مەقەڕی لیوا. پرنسێس و مێردەکەی بۆ دوور ڕۆیشتبوون، منیش بەهۆی وەکیلەکانیەوە کەخۆم پێ ناساندبوون جوابم بۆ ناردن کەوا کۆشکەکەیان باش ئەپارێزم وە دڵیان هیچ نەکات، وە خەمیان لەو بارەوە نەبێت وە دڵنیابن لەوە. پرنس ڕۆژانی ڕابردوی بیرکەوتبووەوە، بە چاوی فرمێسکاوییەوە زۆر سوپاسی کردبووم وە فەرمانی دابوو بە وەکیلەکەی کە هەرچییەکمان پێویست بێ بۆمانی جێ بەجێ بکا. لە دوای ئەوە من ساڵی ١٩٤٧ کە چووم بۆ طەهران (پرنس)م دۆزییەوە وە زۆر بەیانی مەمنوونییەتی کرد، لە کاتێکدا نە ئەوان تاج و تەخت و دەبدەبەیان مابوو وە نە سوپای عوسمانلی و خەلیفەی ئیسلام عەظەمەتی مابوو. وە ئێستاکە ئەو موڵکانە بە دەست ئەمیر ئەفخەمی کوڕێوەیەتی. ئێمە کە لە سەنەندەج بووین دایکی باوکم، یا پیرۆز خان،[13] لە سلێمانییەوە هات بۆ لامان. ئەو ماوەیەی کە ئێمە لەوێ ماینەوە ئەویش لەگەڵمان بوو. ئەو ئیحتیرامەی کە دایکم هی ئەوی ئەگرت وە ئەو خۆشەویستییەی کە لە بەینی من و ئەودا هەبوو لە تەعریفی عاجزم. ئافرەتێکی زۆر بەدین بوو، بەیانیان زۆر زوو لە خەو هەڵئەستا، لەگەڵ من پێکەوە لە دەشتایی دەورووپشتی گردەکە ئەگەڕاین، ئەو گوڵ و گیایەی لە دەشتەکەدا ڕوابوو کۆمان ئەکردەوە. هەر گوڵەی وە هەر گیایەی بۆ چی دەرد و نەخۆشییەک ئەشێ بۆی باس ئەکردم. پاش ئەوە لەگەڵ دایکم بەردەوام قورئانیان ئەخوێند و نوێژیان ئەکرد. لە کاتی وجوودمان لە سەنەندەج خوشکم ( ئەسماء)[14] هاتە دونیاوە.

دوابەدوای ئەوە لە ٥ی جمادی الاول ١٣١٣ باوکم گوێزرایەوە بۆ قۆنسولخانەی موستەحکەمی مەوقیعی قارص لە قەفقاسیا کە سەر بە ڕووسیایە. خۆی لەگەڵ مامما بە ڕێگای ئێراندا چوو بۆ قەفقاسیا و ئێمەشی لەگەڵ هەندێک لە خزمان، کە هاتبوون بۆ لامان، ناردەوە بۆ سلێمانی، بە سواریی ئەسپ و ئێستر. کە لە بەرزایی شاخی ئەزمڕ نزیک شاری سلێمانی کە هاتینە خوارەوە نزیکەی حەفتا هەشتا کەسێک لە خزمانی باوک و دایک کە قەرەباڵغیان دروست کردبوو ئیستیقبال کراین وە ئێمەیان بردە ئەو خانووەی کە کاتی خۆی باپیرم حوسێن پاشا لە ساڵی ١٨٥١ بەجێی هێشتبوو، لەگەڕەکی کانی ئاسکان لە پشت مزگەوتی گەورە، خانوێکی زۆر گەورە بوو. بەشی حەرەم وە دیوەخانەکەی گەورە بوو وە ئەم خانووە دوای ئەوەی کە باپیرم بەجێی هێشتووە دراوە بە عوثمان پاشای ئامۆزای، دوای ئەویش دراوە بە تۆفیق بەگزادە موتەصەڕیف مەرحووم ئەحمەد تۆفیق بەگ. ئەساسەن ئەو خانووانەی نزیک مزگەوتی گەورە بەشێکی موهیمی تاکوو ئێستا بەدەست خزمەکانی دایکمەوەیە. وە خانووەکەی باوکم لە گەڕەکی گۆیژە بەرامبەر حەمامی موفتی واقیعە.

## لە سلێمانی

خوێندنم یەکەم جار لە سلێمانی دەست پێ کرد. مامۆستاکەم کە مامۆستای باوکیشم بووە عیرفان ئەفەندی بوو.[15] عیرفان ئەفەندی وەکوو ناوەکەی خۆی بەتەواوی ذاتێکی خاوەن عیرفان بوو وە ئەو کوڕێکی هەبوو بە ناوی جەمال عیرفان[16] کە لە ساڵی ١٩٠٦ دا قوتابخانەی حەربییەی تەواو کردبوو وە بووبوو بە ئەفسەری سوارە. ساڵی ١٩٢١ لە کاتێکدا سلێمانی لەژێر ئیدارەی شێخ مەحموود کاری ئەکرد، لەسەر ئەوەی کە دژی مەلا جاهیلەکان چەند قسەیەکی کردبوو

chalakmuhamad@gmail.com

کوژرا. قاتلەکە نەناسرا وە نەگیرا. خوالێخۆشبوو کوڕێکی بچووکی لە پاش بە جێ ما بە ناوی (عادل) کە لەگەڵ (کەمیلە)ی کچی محەمەد ئەمینی پوورزام ئیزدیواجی کردووە[١٧] وە منداڵێکی زۆریان بووە.

هەرگیز ئەوەم لە بیر ناچێتەوە کە گەیشتینە شاری سلێمانی خزمان دیارییەکی زۆری بۆ هێناین لە بەینی ئەو دیاریانەدا چەند کۆترێک و بێچووە گورگێک کە سەعید بەگ[١٨] ئامۆزای دایکم بۆی هێنابووم، وە من بێچووە گورگەکەم لەسەر حەوزی ماڵمان بەستبووەوە، ڕۆژێک لە کاتێکدا دەرسمان ئەخوێند دەرسەکەمان سوورەتی (ئەلفەجر) بوو، بێچووە گورگەکە یاریی ئەکرد، منیش چاوم تێ بڕیبوو، مامۆستاکەم شەقازللەیەکی لێ دام. نەنکم ژیری کردمەوە وە وتی: ئەو لایەی مامۆستا شەقازللەی لێ داوە بە ئاگری دۆزەخ ناسووتێ. لەپاش نوێژی هەموو جومعەیەک خزمان پۆل پۆل ئەهاتن بۆ زیارەتی نەنکم بەو صیفەتەی کە ژنی گەورەی حوسێن پاشایە، بە هەموو لایەکی ماڵەکە پڕ ئەبوو لە خزمان، پۆلێک ئەڕۆیشت و پۆلێک ئەهات. ئەو زەمانە خزمایەتی زۆر پتەو بووە، مەعرووف بەگ و ئەوڕەحمان بەگ[١٩] کە مەوقیعی گەورەیان هەبوو وە لە ژیاندا مابوون، کە مامی دایکم بوون، خۆیان وە منداڵەکانیان لە ٢٠٠ کەس زیاتر بوون. مەعرووف بەگ کە تەمەنی ٩٠ ساڵ زیاتر بوو کچی دایەنی کوڕەکەی کە ١٣ ساڵ بوو مارە کردووە وە کوڕێکی وەک شێری لێ بووە کە ناوی محەمەد بەگ بوو.

تەمەنم ٧ ساڵ بوو ساڵی ١٣١٣ لە مانگی نیساندا ڕۆژێک لە بەردەم قشڵە دەست کرا بە لێدانی مۆسیقای عەسکەری وە بوو بە بەزم و ئاهەنگ. تومەز ئەو ڕۆژە یادی ساڵانەی سەرکەوتنی ئوردووی عوثمانلی بووە لە جەنگی (دومکە). باوکم لە ساڵی ١٣١٤ی ڕۆمی لە قونسلۆسیتیی (قارص)ەوە گوێزراوەتەوە بۆ ئەرکانی ئوردوی شەشەم لە بەغداد بە ڕێگەی تەبرێزدا هات بۆ سلێمانی وە ئێمەی لەگەڵ خۆی برد بۆ بەغداد، لە سلێمانی لەبەینی منالانی گوێژە و کانی ئاسکان زۆرجار ئەبوو بە شەڕ (شەڕەگەڕەک) وە ئەمە خاطیرەیەکی لە بیر نەچووی لای من بەجێ هێشتووە. لە سلێمانییەوە بە سواریی ئەسپ لە ڕێگەی (سەگرمە) کەوتینە ڕێگا چونکە ئەو سەردەمە تەنها ئەو ڕێگایە هەبوو بۆ هاتوچۆ.

## لە بەغدا

لە بەغدا لە پێشا خانوویەکمان گرت لە سەری کلێساکە کە ئێستا ئەو شوێنە بڕراوە کراوە بە شەقام. باوکم لەوێ بە ڕوتبەی قائمقام ڕەئیسی ئەرکانی حەربی ئۆردووی شەشەم بوو، ١٠ی مایس ١٣١٧ ڕۆمی. وە منیش لە ٨ی ئەیلوول ١٨٩٨ چوومە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی ئەعدادیی مەلەکی.

لەو تەئریخەدا حەبیبە خانمی پوورم[٢٠] لە ئەستانبووڵ بوو وە مێردەکەی کە ناوی عەبدولقادر بەگ بوو بە ڕوتبەی قائمقامی ڕەئیس قۆمیسیۆنی سەبزەی عەسکەری بوو، لەگەڵ پوورم ئینفیصالیان کردبوو. کە ئەو هەواڵەمان پێ گەیشت نەنکم چوو بۆ ئەستانبووڵ. وەپاش بەینێ لە گەڕەکی مەیدان لەسەر سووچی ئێستای (سوق الهرج) کە حاڵی حازر ئوتێلە، خانوویەکی گەورەمان کڕی وە گواستمانەوە ئەوێ. ماڵی نامیق پاشای والیی بەغداد لە پشتمانەوە جووت بوو وە لە سەری ئەو کۆڵانەی کە ئەچێت بۆ صابوونچی ماڵی موشیری ئۆردوو ئەحمەد فەیضی پاشا بوو. گەڕەکی مەیدان لەو سەردەمەدا گەڕەکێکی موعتەبەری بەغداد بوو. موحیطی شارەکە لە شیمالەوە دەرگاکانی بابولمعەظەم وە دەوروپشتی شوورە بوو، لە جنووبیشەوە گەڕەکی ڕەئسولقەریە نیهایەتی بوو.

شوێنی ئێستای وەزارەتی دیفاع قەڵایەکی کۆن بوو. موعەسکەری مەدفەعییە بوو، شوێنی سەعاتەکە موعەسکەری مەشات بوو. وە ئەم شوێنانە لە ئیعماراتی مەرحووم مەدحەت پاشا بوو، ئەو شوێنەی کە ناو ئەبرێت بە (ثکنة الشمالية) بینای کەرەنتینە موعەسکەری سوارە بوو، وە دەوروپشتی بەتەواوی چۆڵ بوو، لەگەڵ ڕۆژئاوا هیچ کەسێک نەیئەتوانی لە بابولمعەظەم بێتە دەرەوە

chalakmuhamad@gmail.com

چونکە بێگومان ڕووت ئەکرایەوە .

قشڵەی کەرەنتینە لە ئەساسدا شوێنی کەرەنتینەی ئەوانە بوو کە لە ئێرانەوە ئەهاتن بۆ زیارەتی شوێنە ئاینییەکان لە کەربەلا. دوایی کەرەنتینە برایە خانەقین بیناکە کرا بە قشڵەی سوارە، دەورپشتی صەرافییە و عیواضییە کامیلەن کێڵگەی پاقلە بوو، وە لەو شوێنەدا لە دوای ساڵی ١٩٢٩ دەست کرا بە دروستکردنی بینا لە جنووبی شاری بەغدا، لە دوای ڕەئسولقەریەوە هیچ جۆرە خانوو و بەرە نەبوو، تەنها لە شوێنی دائیرەی گومرگی ئێستای بەغدا قونسوڵخانەی ئینگلیز بوو، دەورپشتەکەی بێستان و باخی گەورە بوو. وە بیناکە لەلایەن عەسکەری هیندییەوە ئەپارێزرا. لە لافاوێکدا کە ساڵی ٣١٦ی ڕۆمی/ ١٩٠٠ میلادی ڕووی دا ئاوی لافاوەکە دەورپشتی کەرەنتینەی داپۆشی. لەگەڵ ئەعظەمیە لەیەک پچڕابوو، بەلام لە لافاوی ساڵی ١٩٢٦ ئاو گەیشتبووە سەربانی قشڵەی کەرەنتینە، زەرەر و زیانێکی گەورەی لەهەموو شتێک دابوو.

ساڵی ٣١٦ی ڕۆمی بوو لە مەقبەرەی بابولمعەظەم مردوویەکیان ئەناشت، عەسکەرەکەی کە موراسیلمان بوو منی بۆ سەیرکردن بردە ناو خەڵکەکە وە تەماشای ناشتنی مردووەکەم کرد. ئەو مەنظەرەیەی کە بۆ یەکەم جار بوو دیم هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە.

## مەسەلەی خەزێنەکە

ئەو سەردەمەی کە لە بەغدا بووین باوکم بەتەمای کرینی خانوویەک بوو لە قەراغ دیجلە نزیک (خضر ئەلیاس). لەبەر کۆنی وە لا ڕووخاویی خانووەکە وازی لە کرینی هێنا. پاش بەینێکی کەم لە ١٤ شەعبان ڕۆژێک (قوفەچییەک) ویستوویەتی بەو دارەی کە لە قەراغی ساحیلەکە چەقاندوویەتی وە پاڵی داوە بە دیواری ئەو خانووە لاڕووخاوەی کە باوکم بە تەما بوو بیکرێت، قوفەکەی بخاتە ئاوەکەوە، قوفەکە ئەدرێت لەکووپەیەکی گەورە و ئەشکێت. تومەز کووپەکە پڕ ئەبێت لە ئاڵتوون، هەمووی ئەڕژێتە قەراغ ڕووبارەکە. کابرای خاوەن قوفەکە دەست ئەکات بە کۆکردنەوەی ئاڵتوون، لەو کاتەدا چەند ئافرەت دێن بۆ ئاو، کە ئەوە ئەبینن، ئەوانیش هەندێک ئاڵتوون کۆئەکەنەوە. میری بەمە ئەزانێ پۆلیس دێت ٣٠٠٠ پارچە لیرەی عەبباسی کە بە مۆری ئەلموعتەصەم مۆر کراوە داگیری ئەکەن. پاش بەینێک وا زانرا کە ئەو خاوەن قوفەیە لە عەشایەری (المشاهدة) بوو وە ناوی (صالح المشهدانی) بووە بە هۆی ئەو ئاڵتوونەوە زۆر دەوڵەمەند بووە، وە خانووەکەی ناو نراوە بە (بيت المعتصم).

## لێدرانی دەفتەرداری ویلایەت

لەو سەردەمەدا مووچەی عەسکەری و مولکی بە مانگ دوا ئەکەوت. بۆ تەدارەکی موعاشات هەموو مانگێک مەفرەزەی عەسکەری ئەچوو بۆ تەحصیلات. هەندێ جار لەجیاتی پارە مەڕ وەیا بزنیان ئەدا بە موظەفین. ڕۆژێک چەند عائیلەیەکی موتەقاعیدین موراجەعەتیان بە باوکم کرد وە پێیان ڕاگەیاند مەعاشی چەند مانگیان وەرنەگرتووە، ئەویش جوابی نارد بۆ دەفتەرداری ویلایەت عەبدولوەهاب ئەفەنی کە بەشێک لەو مەعاشە کە کۆبۆتەوە بیدات وە یارمەتیی ئەو زوڵم لێکراوانە بدات وە ڕجای لێ کردووە کە یارمەتییان بدات، بەلام لە جیاتی یارمەتی هەموویانی داوەتە بەر جوێن وە قسەی زۆر ناشرین وە بێئەدەبانەی پێ وتوون، چونکە ئەو عەبدولوەهاب ئەفەندییە بۆ سوودی خۆی پارەی کۆئەکردەوە، لەوە زیاتر هیچی تری نەئەزانی. باوکم کە ئەمەی بیست زۆری پێ ناخۆش بوو وە تەواو بێتاقەت بوو. ڕۆژێک لە ڕێگا تووشی دەفتەردار دەبێ کە بە سواریی کەرە سپێکەیەوە لە سەرای حکومەت دێتە دەرێ وە دوو زەفتییە لەم لاو لەولایەوە دەڕۆن کە بچێتەوە بۆ ماڵەوە. لە کاتێکدا خۆی ئەکا بە بازاڕی مەیداندا کە سەری کۆڵانی ئێستای سوق ئەلهەرەجە باوکم شەڕی پێ ئەفرۆشێ، ئەڵێ تۆ بە کەرە سپییەکەی

chalakmuhamad@gmail.com

خۆت لێت دام. لەسەر کەرەکە دایئەبەزێنێ، تێروپڕ لێی ئەدا. دوای لێدانەکە سواری کەرەکەی ئەکاتەوە. ئەم واقیعەیە هەموو خەڵقی بەغدا ئەزانێت وە عائیلە موتەقاعیدە زوڵم لێکراوەکان هەموویان هاتن بۆ ماڵەوە زۆر سوپاسی باوکمیان کرد بۆ کردەوەی و لەعنەتیان نارد بۆ والی و دەفتەردار. لەم ڕووداوەدا موشیر ئەحمەد فەیضی پاشا(٢١) لایەنی باوکمی گرت، بەینی عەسکەرییە و مولکییە تێکچوو، هەندێ لە سەربازانی مەدفەعییە تالانی بازاڕیان کرد. ئینجا لەترسا دەفتەرداریتی دەستی کرد بە دانی مەعاشی ئەوانەی کە مەعاشیان دواکەوتبوو وە چەند مانگێک هیچیان نەدرابوویە.

لەو سەردەمەدا، لەو وڵاتەدا نە تەلەفۆن وە نە ڕادیۆ نەبوو، تەنها واسیطەی ئیتتیصال تەلەغراف بوو، بەڵام تەلەغراف سەربەست بوو، هەموو کەسێک بۆ هەر جێیەک بیویستایە ئەیتوانی تەلەغراف بنێرێت، وە بۆ ئەم مەبەستە بە هیچ صوورەتێک نە والی، نە قوماندانی جەیش موداخەلەیان نەدەکرد. تەنانەت بچووکترین کەس بۆی هەبوو بە تەلەغراف لە شەکوای خۆی و مەغدوورییەتی پادشاه ئاگادار بکات. ئەم حوڕڕییەتە لە دوای دەوری سەڵتەنەت لە دەوری حوکمەتانی عیراقدا نەبینرایەوە. تەنانەت لەو ڕووداوەی دەفتەرداردا کە لە بەینی باوکم و ئەودا ڕووی دا لە ئەستانبووڵەوە هەیئەتێکی تەحقیقییە بەپەلە هاتن بۆ بەغداد. کە هەیئەتەکە پێک هاتبوو لە ٣ پاشا وە لە نەتیجەی تەحقیق دەفتەردار عەزل کرا وە ڕێگای ئەستانبوول گیرابوو، بەڵام دەفتەرداری دز و بەرتیلخۆر لە نزیک ئەبووغرێب لەلایەن عەشائیرەوە ڕووت کراوە ئەو پارانەی و ئاڵتوونانەی کە لە بەغدا کۆی کردبووەوە هەمووی کەوتە دەست عەشائیر.

## والی نامیق پاشا(٢٢)

دوای موددەتێک پاش واقیعەکەی کە لە سەرەوە باسم کرد، ئێوارەیەک لە ژووری سەرەوەی ماڵەکەمان ئاگری گرت بەڵام لەلایەن دانیشتووانی ماڵەکەوە کوژێنرایەوە. بەتەصادوف باوکم ئەو ئێوارەیە چووبوو بۆ لای محەمەد فاضل پاشای داغستانی، لەو ماڵەیدا کە ئەکەوتە قەراغ شوورەی شار وە شێرو پڵنگی تێدا بەخێو ئەکرد. باوکم لەوێ هەواڵی سووتانی ژووری سەرەوەمان ئەبیستێ. هەرچی لە ماڵەکەدا ئەبێ لەگەڵ گەلێک لە ئەفسەران و محەمەد فاضل پاشا(٢٣) بیلذات هاتبوو، چوونە سەربانی ماڵەکەمان وە دەستیان کرد بە تەحقیقات، دەرکەوت کە ئەو دیوارەی لە بەینی ماڵی ئێمە و والیدا بوو ئاثاری نەوتی پێوەیە، لەوێوە نەوت هێنراوە بۆ ژوورەکە و ئاگری پێوە نراوە. جەماعەت کە ئەمەیان دی دەنگی لەعنەتیان بەرز کردەوە. وە من بە چاوی خۆم دیم کە مووی سمێڵی ئەو پیاوە پیرە کە محەمەد فاضل پاشا بوو لە حیددەتا ئەلەرزی، تاکوو ئێستا ئەوەم لە بیرە ئەو ئاگرکەوتنەوەیە لە ژووری سەربانی ماڵەکەمان زۆر کاری کردبووە من، چونکە ئەو ژوورە هێلانەی کۆترەکانی منی تێدا بوو. ئەم والییە بە نامیق پاشای بچووک یاد ئەکرا. ئەم والییە سالی ٣١٧ هیجری لە طەرابولسی غەربەوە نەقڵ کرابوو بۆ ویلایەتی بەغداد، ئینسانیکی زۆر دزو وە بەرتیلخۆر بوو. لەپاش هاتنی بۆ بەغداد بە ماوەیەکی کەم کچێکی گەنج کە ناوی (متوکە)(٢٤) بوو مارە کرد وە عائیلەی ئەو کچە بە ناوی (ئا .........) ناو ئەبرا، وە لەو بارەیەوە گۆرانییان بەسەردا هەڵدا بوو.

## پەراوێزەکان

١- دەربارەی ئەو بیرەوەرییەی عبدالعزیز یامولکی، ئەوی ڕاستی بێ منیش یەکەم جارە کە باسیم بیستبێت و تەرجەمەکەشی بەتەواوی نازانم کێ کردوویەتی، بەڵام ساجدەخانی عبدالقادر یامولکی (کە برازای مصطفی یامولکی)یە ئەڵێ دکتۆر ئەکرەمی برام کە ئامۆزای عزیز یامولکییە تورکییەکی زۆر باش ئەزانێت. هیچ دوور نییە ئەو کردبێتی بە کوردی هەرچەند زۆر لەوە دڵنیا نییە.

٢- مەبەست لە شەریف پاشا، شەریف پاشای خەندانە کە کوڕی سەعید پاشای خەندانە کە شەریف پاشا هەندێ جار بە شەریف صەبری پاشاش ناوبراوە، دەربارەی شەریف پاشا لە لاپەڕە ١٠ی بەرگی دووهەمی کتێبەکەی شێخ مەحمووددا

chalakmuhamad@gmail.com

بەدوورودرێژی باسی شەریف پاشام کردووە.

هەروەها (میر بصری) لەکتێبەکەیدا (اعلام الکرد) لە لاپەڕە ٣٣دا باسی شەریف پاشای کردووە کە ژنەکەی ناوی (ئامینەخان) بووە کە لە ساڵی ١٨٩٠دا مارەی کردووە. ئامینەخان خوشکی محمد سعید حلیم پاشا بووە کە صدری اعظم «سەرەکوەزیران» بووە و محمد سعید حلیم پاشا کوڕی محمد عبدالحلیم کوڕی محمد علی پاشای والی میصر بووە.

ئامینەخان لە ساڵی ١٨٦٨دا لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٢٦دا لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.

٣- دەربارەی معاهدەی برلین: ئەمین زەکی بەگ لە کتێبەکەیدا، مێژووی کورد و کوردستان، ئەڵێ: لە دوای شەڕی رووس و تورکیا لە ساڵانی ١٢٩٤ و ١٢٩٥ی هیجری بەرامبەر بە ١٨٧٧ و ١٨٨٨ی زایین معاهدەی برلین مۆرکرا لەنێوانی رووس و عوسمانیدا کە بەپێی مادە ٦١ی ئەو پەیمانە ئەبووایە عوسمانییەکان ئیسلاحاتی ناوخۆیان بکردایە بۆ پاراستنی ئەرمەنییەکان کە لە پەلاماردانی کورد و چەرکەس بپارێزرێن بەڵام عوسمانییەکان ئەو بەڵێنەیان پشتگوێ خست و ئەرمەنییەکان لە لندن و رووسیا و سویسرە دەستیان کرد بە چالاکی و لە ئەنجامدا ئاڵۆزی کەوتە نێوان ئەرمەن و کوردەوە (کە دیارە ئەو ـ ئاوادیس سازاریک ـ ەی کە عبدالعزیز یامولکی باسی کردووە دەستی کردووە بە چالاکی).

٤- سوڵتان عبدالحمید یەکێک بووە لە سوڵتانەکانی عوسمانی کە لە زەمانی ئەو لە ساڵی ١٩٠٨دا تاقمی (کۆمەڵی اتحاد و ترقی) ناچاریان کرد دەستوور بگۆڕێ (کە چ لەوێ و چ لەوەی ئێرانیشدا کە کراوە لە ساڵی ١٩٠٥دا هەردووکیان بە مشروطیە ناسراون هەروەها سوڵتان عبدالحمید لە زەمانی ئەوا سوارەی حەمیدییە، ئێسترسوار، کە لە کورد پێک هاتبوو دروست کراوە.

٥- کۆمەڵی اتحاد و ترقی، کە کۆمەڵێک بووە لەوانەی کە لە ڕەفتاری سوڵتان عبدالحمید نارازی بوون و لە سەرەتادا ئەو کۆمەڵەیان بە ناوی چاککردنی دەستوور و باشکردنی ژیانی هەموو هاوولاتیانی عوسمانییەوە پێک هێنا و کوردیش لە پێشدا هاوکارییان لەگەڵدا کردن، بەڵام لە دواییدا ئەو دروشمانەی کە ئەو کۆمەڵە بەرزی کردبوونەوە دەرکەوت هەمووی رووالەت بوون. ناوەڕۆکی بۆچوونی ئەو کۆمەڵە هەمووی بریتی بووە لە (شۆڤێنیزمی تورکیزم)، بۆیە کوردەکان لێی جیا بوونەوە و، هەر ئەو کۆمەڵەش بوو کە لە دواییدا بیر و بۆچوونەکانی بوون بە بناغەی بزووتنەوەی کەمالییەکان کە لە دواییدا خەلافەتی عوسمانییان نەهێشت و جمهوریەتی تورکیایان دامەزراند. ئەوی شایانی باسە (ماسۆنی) دەستێکی باڵای هەبووە لە دروستکردنی کۆمەڵی اتحاد و ترقیدا و بەپێی ئەوە هەندێک کەس ئەڵێن مصطفی کمال (ماسۆنی) بووە.

٦- لەپاش ئەوەی کۆمەڵی اتحاد و ترقی عبدالحمیدیان لە خەلافەت لابرد، ناچاریان کرد واز بێنێت، دوای ئەوەی دەستوور ئیعلان کرا، سوڵتان ڕەشاد کرا بە خەلیفەی عوسمانی.

٧- عزیز یامولکی خۆی باسی ئەوەی کردووە کە یوسف عزالدین ئەفەندی کوڕی سوڵتان عبدالعزیز خان بووە کە لە پاش لابردنی عبدالحمید و بوونی سوڵتان ڕەشاد ئەوسا یوسف عزالدین کرا بە (وەلیعهد).

٨- شەجەرەی یامولکی و خندان (شجرەی یامولکی لە باوکەوە و شەجەرەی یامولکی لە دایکەوە، هەروەکوو لە دواییدا لە باسی باوک و دایکی مصطفی پاشا یامولکیدا روونی ئەکەمەوە، دەرئەکەوێ کە مصطفی یامولکی (خاتوو صفیە)ی کچی حسین پاشای خندانی مارە کردووە کە ژنی حسین پاشا ناوی ظەفەر خانم بووە. ئەو حسین پاشایە کە باپیری عبدالعزیز یامولکی بووە (باوکی دایکی بووە) ئەویش خەڵکی سلێمانی بووە (کە لە بنەماڵەی خەندان) بوون. حسین پاشا وەکوو لە دواییدا باسی ئەکەم باوکی سعید پاشا بووە کە لە سلێمانی یەکەم قوتابخانەی عەسکەری (کە پێی وتراوە ڕوشدییەی عەسکەری) داناوە.

٩- پوورم خاتوو حەبیبە مێردەکەی کە ناوی عبدالقادر بەگ بوو، خەڵکی سلێمانی و قایمقامی عەسکەری بووە. ئەو عبدالقادر بەگە بێگومان هەر لە بنەماڵەی خەندان بووە و لەمە زیاتر مەعلوماتم نییە.

١٠- خاتوو ظەفەر (هەروەکوو لە لاپەڕە ١٠دا لە سەرەوە باسم کردووە)، خێزانی حسین پاشا بووە کە خاتوو ظەفەر بەو پێیە دایکی دایکی عزیز یامولکی بووە و وا دیارە سەرئەرازیش خوشکی خاتوو ظەفەری خێزانی حسین پاشا بووە.

دەربارەی ئەو سێ پوورەی عزیز یامولکی: تەنها دووانم بۆ روون بووەوە. یەکەم: مەنیج خان کە شووی کردووە بە ئەمین ئاغا ناوێک کە ئەمین ئاغا باپیری وەستا حەمەسەعیدی خەیات و ئەحمەد فەخری و حەمەعەلی و حەمەسوور بووە کە چوار بران. دووەم: زبیدەخانی خوشکی مصطفی یامولکی کە یەک کوڕی هەبووە ناوی ئەمین بووە، کە لە دواییدا ئەو ئەمینە لەقەبی یامولکی لە خاڵوانییەوە وەرگرتووە و بووە بە ئەمین یامولکی (لە سلێمانی کاتی خۆی لە ساڵانی سییەکاندا لە گەڕەکی سەرچیمەنی سلێمانی دراوسێی یەک بووین و جەمال و کەمالی کوڕی هاوڕێم بوون.)

١١- عبدالقادر ئەفەندی مامم، مەبەستی عبدالقادر یامولکی برای مصطفی یامولکی بووە کە عبدالقادر باوکی دکتۆر ئەکرەم عبدالقادر و ئەدیبەخان و ساجدەخانە و هەر سێکیان لە ژیاندا ماون. دکتۆر ئەکرەم ماوەیەک وەکیلی وەزیر بووە و ئەدیبە و ساجدە ئێستە لە لەندەنن.

chalakmuhamad@gmail.com

١٢- (زەهرا زورینتاج ـ ڕاستییەکەی زەرینتاجە) کچی مصطفی پاشا یامولکی بووە. لە پێشدا شووی کردووە بە کوڕێکی ئەردەنی کە ناوی (ئەدیب) بووە و لەوە (محسن)ی بووە (کە ئێمە لە قوتابخانەدا پێمان ئەوت: نوون) زەهراخان لە دواییدا کە ئەدیب مردووە، شووی کردووە بە عزەت بەگی وەسمان پاشای جاف، بەڵام لە عزەت بەگ مناڵی نەبووە.

١٣- یاپیرۆزخان کە دایکی مصطفی پاشای یامولکی بووە (بە حسابی یاداشتەکەی عزیز یامولکی) بەڵام ساجدەخان ئەڵێ: هەرچەند کە ئێمە باوکمان مرد، عبدالقادر یامولکی، زۆر منداڵ بووین بۆیە کەم شتی ئەوسامان لەبیر ماوە بەڵام ئەوەی من بزانم دایکی مصطفی یامولکی کە دایکی باوکی منیش بووە کە (عبدالقادر یامولکی بووە) ئەو نەنکەم ناوی (مەلکەخان) بووە و ژنی (عزیز)ی باوکی باوکم بووە کە باوکم عبدالقادر بووە، وە مصطفی ی مامم وە باوکم هەردووکیان لەقەبی یامولکی یا ملک یان لە نەنکمەوە وەرگرتووە (کە لە ڕاستیدا کەمجار هەڵ دەکەوێ کوڕ لە جیاتی لەقەبی باوکی لەقەبی خاڵوانی وەربگرێت... هەروەکوو لە دواییشدا دەرئەکەوێ ئەمین یامولکی خوشکەزای مصطفی یامولکی و باوکم لە دایکییەوە لەقەبی یامولکی وەرگرتووە.)

١٤- ئەسماء خوشکی عبدالعزیز یامولکی و کچی مصطفی یامولکی بووە. ئەو ئەسمایە ساتێک ساڵی ١٨٩٤ قونسوڵ بووە لە شاری سنە، ئەو کچە بووە هەروەکوو لە باسی ژیانی مصطفی یامولکیدا باسی ئەوە دێت.

١٥- عرفان ئەفەندی، یەکێک بووە لە عالم و شارەزاکانی سلێمانی کە ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینیووە لە فێرکردنی خوێندن بە زۆر کەسی ئەو سەردەمە و باوکی جەمال عرفان بووە.

١٦- جەمال عرفان یەکێک بووە لە ئەفسەرە هەرە زیرەک و بلیمەتەکانی ئەو سەردەمە و لە کاتی شێخ مەحموودا (لە بەرگی دووهەمی کتێبەکەی شێخ مەحموودا لاپەڕ ٣٣٥ باسی جەمال عرفانم کردووە کە چۆن کوژراوە و چۆن لە ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان، ژمارە ٥ی ڕۆژی ١٩٢٢/١٢/٢٠ لە لاپەڕە یەکیدا باسی هەواڵی کوشتنی کراوە و بە ناوی هەموو ڕۆشنبیرانەوە بڵاوکراوەتەوە و شێخ ڕەووفی شێخ مەحموود لە یاداشتە چاپنەکراوەکانیا کوشتنی جەمال عرفانی بە زیانێکی زۆر گەورە پێشانداوە.

جارێک تۆفیق وەهبی بۆی گێڕامەوە وتی: جەمال زۆر قسەلەڕوو بوو دژی کۆنەپەرست بوو. هەندێ لە مەلا مێشکپووچەکان لە جۆری ئەو و ئێمەمانانیان بە (فەرمەسۆن) یەعنی خوانەناس لە قەڵەم ئەدا و لیستەیەکیان کردبوو بۆ کوشتنی ئەو جۆرە کەسانە کە منیش (تۆفیق وەهبی) لەو لیستەیەدا بووم، بەڵام کاسەکە هەمووی لە سەری جەمال عرفاندا شکایەوە. وە ئەشیوت: جگە لەوە ئەوسا دەنگیش وابوو کە لەگەڵ پژدەرییەکاندا (ئەوانەی ناوچەی مەرگە) لەسەر موڵک لە کێشەدا بوو، دەستی ئەوانیشی تیادا بووە و لەو ڕووەوە ئەیوت حەمەبچکۆلی عەلی ئاغا ڕای سپاردبوون.)

١٧- کامیلەخان کچی ئەمین یامولکی بووە (کە لە پەراوێزی ١٠، لاپەڕە ١٦)دا باسم کردووە، شووی کردووە بە (عادل) کە کوڕی جەمال عرفان بووە.

١٨- سعید بەگی ئامۆزای دایکم: دایکی عزیز یامولکی کە (زۆربەی سەرچاوەکان بە صفیەخان ناویان بردووە و سەیر ئەوەیە لەو یاداشتەی عبدالعزیز یامولکیدا بە پیرۆزخانم ناوی هاتووە. صفیەخان وەکوو لە دواییدا لە باسی ژیانی مصطفی یامولکیدا باسی ئەکەین کچی حسین پاشا بووە، کە دیارە ئەو سعید بەگە برازای حسین پاشای خەندانی باوکی دایکی عزیز یامولکی بووە.

١٩- معروف بەگ و ئەورەحمان بەگ، دوو مەلاک بوون لە سلێمانیدا. لە معروف بەگ باوکی فایەق بەگی مارف بەگ، ئیبراهیم بەگ و حەمە بەگی مارف بەگ بووە (من هەرسێکیانم دیوە و فایەق بەگ لە گوندی مالوومەی ماوەت باشترین جۆر تووتنی سامسۆنی لە هەموو ناوچەی سلێمانیدا دەهێنایە بەرهەم.)

٢٠- حەبیبەخانمی پوورم (هەر ئەوەیە کە لە ژمارە ٩، لاپەڕە ١٦، ناوی هێناوە و باسی کراوە.


٢١- موشیر ئەحمەد فەیض پاشا، کورد نەبووە و یەکێک بووە لە ئەفسەرە تورکەکان.

٢٢- نامق پاشا والی بغداد بووە و تورک بووە.

٢٣- محمد فاضل پاشا دیسان هەر ئەفسەرێکی تورک بووە.

٢٤- هیچ مەعلوماتێکم لەو ڕووەوە دەستگیر نەبووە.

chalakmuhamad@gmail.com




# گەشتێک بەناو هەردوو چاپەکەی دیوانی سەلامدا

د. مارف خەزنەدار

### پێشەکی
## هەندێ بیرەوەری

ڕۆژێکی دواهەناسەی بەهاری ساڵی ١٩٥٥ بوو لە بەغدا، لەو سەردەمەدا قوتابی کۆلێجی ئەدەبیات بووم، مامۆستام ڕەفیق حیلمی پێی وتم:شێخ سەلامی شاعیر هاتووە بۆ بەغدا،شەو لە گازینۆی لەیالی بەغدا(لیالی بغداد)لە بەتتاوین چاومان پێی دەکەوێ. ئەوەی ڕاستی بێ پێشتر بەدیدەنی شێخ سەلام شاد نەبووبووم، دیارە تاکە ئارەزووی من هەر ئەوە نەبووە ئەم کەڵە شاعیرە بناسم،بەڵکو مایەی گوشادی بوو بۆ من کە ڕەفیق حیلمی وتی: شێخ سەلام عەوداڵی ئەوەیە ئاشنایەتیت لەگەڵدا پەیدا بکا.

هەر ئەو شەوە لە گازینۆ لەگەڵ شێخ سەلام یەکتریمان ناسی و کەوتینە دەمەتەقێ. شێخ سەلام شاعیرێک بوو جێگەی تایبەتیی دیاری خۆی هەبوو لە گێتیی شیعری کوردیدا ،کابرایەکی یەکجار قسە خۆش و نوکتەباز بوو، گەلێ جار وتەکانی دەبوون بە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق.

لەو سەردەمەدا شێخ سەلام خاوەنی ئۆتۆمۆبیلێکی جێبی بچووک بوو،ئەمەی نەک تەنیا بۆ هاتوچۆ، بەڵکو بۆ ئیش و کاری کشتوکاڵیش بەکار دەهێنا.خۆی وتەنی: ئەگەر ئەم جێبەم نەبێ بابایێکی بێدەسەڵات و عەمەلەندەم. شێخ سەلام دەبوو لە هەموو گەشتێکی بەغدایدا سەری تۆفیق وەهبی بداو پیاسە لەگەڵ ڕەفیق حیلمی بکا، دیارە بەبێ بینینی منیش بەغدای بەجێ نەدەهێشت.

### پرۆژەی کتێبی کوردی

لە دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی (اغانی کردستان)بەزمانی عەرەبی (١٩٥٦)،بڕیارم دا بزووتنەوەیەک بخەمە ناو مەیدانی خوێندەواری و

chalakmuhamad@gmail.com

ڕۆشنبیری کوردییەوە. پرۆژەکە بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبیی دۆست و برادەر و ناسیاوان،لەم کارەدا جەمال خەزنەدار یاریدەدەرێکی باشم بوو.

ئەحمەد هەردی لەو ڕۆژگارەدا بە شاعیری دڵداری ڕۆمانتیکی ڕەشبین ناوی دەرکردبوو. شیعری (فاتیمە دوو چاوی مەستت ...) سروودی سەر زار و ختووکەی ناو دەروونی هەرزە و خاوەن دڵان بوو. هەرچۆنێ بێ وام لە هەردی کرد بە نابەدڵی ڕازی بێ کۆمەڵە شیعری (ڕازی تەنیایی)یەکەی چاپ بکەم.

هەردی نەیدەزانی بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی دەبێتە ڕووداوێکی خوێندەواریی یەکجار گەورە، بەڵام لەپاشانا کە ڕاستی قسەکانی منی بۆ ئاشکرا بوو ئەوەندە هۆگری شیعرەکانی بوو شانازی پێیانەوە دەکرد. بڵاوکردنەوەی (ڕازی تەنیایی) لەسەر ئەرکی خۆمان بوو.

بۆ سەرکەوتنی پرۆژە خوێندەوارییەکە دەبوو لایەنێکی پارەدار، هێنانەدی پرۆژەکە بخاتە ئەستۆی خۆی، بە مەرجێ ئەو قازانجی دارایی لێ بکا،ئێمەش قازانجی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری لێ بکەین. بۆ ئەم کارە ڕەئووف مەعرووفی خاوەنی نامەخانەی گەلاوێژ لە سلێمانی ئامادە بوو، ئەرک و کۆششی ئێمە بێ کرێ بوو، قازانجیش بۆ خاوەنی نامەخانەی گەلاوێژ بوو .

لە ساڵی ١٩٥٧دا دوو دیوانی شیعر و کۆمەڵە چیرۆکێک بڵاو کرانەوە، دیوانەکان (دیوانی حەمدی) و کۆمەڵە شیعری (شێخ مەحموودی زیندوو)ی حەمە ساڵح دیلان بوون، لەسەر ئەرکی نامەخانەی گەلاوێژ شیعرەکان بە خوێنەریان شاد بوون. ئەم کارەی نامەخانەی گەلاوێژ هانی خاوەنی نامەخانەی زێوەری دا، ئەویش چاپکردنی کۆمەڵەچیرۆکی (گۆمی شڵەقاو)ی موحەڕڕەم محەمەد ئەمینی خستە سەر ئەستۆی خۆی. بەڕاستی نووسینی پێشەکی بۆ ئەم بەرهەمە گەورە و مەزنانە جێگەی سەربەرزی و شانازیی بێپایان بوو بۆ من. ئەحمەد هەردی و حەمە ساڵح دیلان و موحەڕڕەم محەمەد ئەمین هاوڕێی نزیکم بوون ، حەمدی شاعیری گەورە و شێخ مەحموودی مەلیک جێگەی تایبەتیان لە ناو دڵ و دەروونمدا هەبوو. ئەمانە هەموویان بە تەمەن و زانست لە من گەورەتر بوون، مامۆستایەتییان بۆ من ئاشکرا و سۆزیان دیار و بێ گومان بوو.

## دیوانی سەلام چاپی ١٩٥٨

شێخ سەلام خەونی بە دیوانە چاپکراوەکەیەوە دەدی، ئارەزووی نازی دڵی دەردەبڕی و حەزی دەکرد پێش کۆچی دوایی بە چاپکراوی بە شیعرەکانی خۆی شاد بێ. هێنانەدی ئەم ئاواتەی شێخ سەلامم خستە ئەستۆی خۆم. خاوەنی نامەخانەی گەلاوێژ لە سلێمانی ئارەزووی چاپکردنی دەربڕی، مەحموود تۆفیق خەزنەدار بە شەوقەوە ئامادە بوو شیعرەکان بنووسێتەوە، چونکە ڕێزی بۆ شێخ سەلام هەبوو و حەزی بە خزمەتکردنی ئەدەبی کوردی دەکرد.

لە هاوینی ساڵی ١٩٥٧دا خوێندنی کۆلێجی ئەدەبیاتم تەواو کرد، لە پاییزی ئەو ساڵەدا خۆم کۆکردەوە بۆ ژیانی مامۆستایەتی قوتابخانەی ناوەندی لە کەرکووک، مەحموود خەزنەدار لە سلێمانی خەریکی نووسینەوەی شیعرەکانی شێخ سەلام بوو، جەمال خەزنەدار، لە بەغدا، بۆ چاپخانە دەگەڕا، خاوەنی نامەخانەی گەلاوێژیش پارەی بۆ چاپی دیوانەکە ئامادە دەکرد، چونکە دەیزانی وەکوو هەموو ئەو کتێبانەی لەسەر ئەرکی خۆی چاپی کردبوون، قازانجی تێدا دەکا.

لەگەڵ جەژنی سەری ساڵی ١٩٥٨دا نامەیەکی تایبەتیم لە خاوەنی نامەخانەی گەلاوێژەوە بە دەست گەیشت کە لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٧دا

chalakmuhamad@gmail.com


نووسرابوو، لە نامەکەدا ئاگاداری ئەوەی کردبووم کە پاکنووسی دیوانی سەلامی بۆ چاپ ناردۆتە بەغدا بۆ جەمال خەزنەدار ، لەوە پێش چاوم بە دیوانەکە کەوتبوو، هەروەها ئەوەی بۆ نووسیبووم، لەسەر ئارەزووی شێخ سەلام پێویستە پێشەکییەک بۆ دیوانەکە بنووسمەوە و لەو جێیەی دیوانەکەدا چاپ بکرێ کە شێخ سەلام خۆی دیاری کردووە (تێکستی ئەم نامەیە لە چاپی یەکەمی دیوانی سەلام لاپەڕە ٢٢دا بڵاوکراوەتەوە.)

لەسەر خواستی شێخ سەلام پێشەکییەکم بۆ دیوانەکە نووسی، لە ڕووی لاپەڕەکانی (٢٣ تا ٣٢) بڵاوکراوەتەوە. سەربڵندییەکی گەورە بوو بۆ من پێشەکی بۆ دیوانی سەلام بنووسمەوە لەسەر خواستی خۆی.

## دیوانی سەلام (چاپی ١٩٩٠)


دوای زیاتر لە سی ساڵ، دەرچوونی چاپی دووەمی دیوانی سەلام کارێکی بەجێ بوو. کەرەستەی بنچینەیی بۆ ئەم چاپە، چاپی یەکەمی بەغدا بوو، ئەم چاپەشیان دیسانەوە هەر لە بەغدا بە ئەنجام گەیشتووە. شتی لێ لابراوە و ئاڵوگۆڕی جێگە نووسراوەکانی چاپی یەکەمی تێدا کراوە، هەروەها شتی تازەشی خراوەتە سەر، لەمانە وتارێک بەناوی پێشەکی ئومێد کاکەڕەش نووسیویەتییەوە.

بەراورد و بەرامبەرییەک لە نێوان هەردوو چاپدا کارێکی بەجێیە، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوە و کەرەستەیەکی سوودبەخش بۆ چاپێکی تر لە دوارۆژدا.

### گەشتێک بەناو هەردوو چاپدا

## سانسۆری دەوری پاشایەتی

ئومێد کاکەڕەش لە پێشەکی چاپی دووەمدا دەڵێ: «ئەم دیوانە لە ساڵی ١٩٥٨ لە دەوری پاشایەتیدا ڕەزامەندی چاپکردنی بۆ وەرگیرا و لەلایەن کاک (ڕەئووف مەعرووف فەتاح)ەوە خاوەنی کتێبخانەی گەلاوێژ چاپ کراوە « چاپی دووەم، ل ٢٤». هەروەها بە زمانی کاکەی فەلاحەوە ئەوە دەگێڕێتەوە گۆیا «دەفتەرێکی گەورە و کۆنی ٢٥٠ پەڕەیی لەلایەن ناهیدە خانی کچی شێخ سەلامەوە دەکەوێتە لای کاکەی فەلاح، لەو دەفتەرەدا سەرجەمی شیعری شاعیر نووسراوەتەوە بە خەتی خۆی، داوێنی لاپەڕەکانیشی ئیمزا کرابوون، یەک یەک هەموو ئەو شیعرانەی لە دیوانە چاپکراوەکەدا بەر مقەستی ڕەقابەی دەوری پاشایەتی کەوتبوون، لەوێدا بە تەواوی نووسرابوونەوە» «چاپی دووەم، ل٢٥.»




لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا تەمووزی ١٩٥٨ و فەرمانڕەوایی عەبدولکەریم قاسم، لەم وڵاتەدا سانسۆر (ڕەقابە) لەسەر چاپەمەنی نەبووە، دیارە باس لەو ڕۆژگارانە ناکەم ــ ئەویش وەنەبێ کەم

chalakmuhamad@gmail.com

بوو بن ـ کە فەرمانی عورفیی سوپایی جاڕ دەدرا، لەو سەردەمانەشدا زیاتر سانسۆر لەسەر ڕۆژنامە و گۆڤار دادەنرا، جا ئەگەر شتێک بڵاوبکرابایەوە لە چاکەی دەوڵەت نەبووایە ، دەسەڵات دەکەوتە لێکۆڵینەوە بە ڕێگەی دادگا یا پشکنینەوەی تاوانکاری (التحقیقات الجنائیە) کە لە جێی ئاسایشی ئێستا بوو. لە ساڵی ١٩٥٧دا ئەو زنجیرە کتێبانەی ئێمە بە چاپمان گەیاندن، بەبێ سانسۆر درابوونە چاپخانە ، لەو کاتەدا دەبوو خوێندەوار و ڕۆشنبیر خۆی سانسۆر لەسەر خۆی دابنێ. بەم جۆرە پاکنووسی دیوانی سەلام کە بە خەتی مەحموود خەزنەدار نووسرابووەوە، یەکسەر لەلایەن جەمال خەزنەدارەوە درایە چاپخانە، وەک وترا ئێمە خۆمان سانسۆر بووین لەسەر خۆمان، لەبەر ئەوە ئەو وشە و ڕستانەی وامان دەزانی سەرێشەمان بۆ پەیدا دەکەن ، خۆمان سڕیمانەوە، ئیتر تا زۆربەی شیعرەکانی چاپی دیوانی سەلام تەواویش بوو، دەوری پاشایەتی هەر مابوو. بەڵام لە دەوری قاسمدا کە سانسۆر پەیدابوو، پێویست بوو ڕەزامەندی سانسۆر وەربگیرێ، لەبەر ئەوە جەمال خەزنەدار دەبوو هەموو فۆرمە چاپکراوەکان بداتە سانسۆر، ئەوانیش بڕیارێکی ئامادەکراویان هەبوو بۆ هەموو نووسینێکی بۆ بڵاوکردنەوە ئامادەکراو بەکاریان دەهێنا، ئەو نووسینە دەستنووس بووایە یا چاپکراو جیاوازی تێدا نەبوو، وەکوو دیوانی سەلام کەچاپەکەی لە دەوری پاشایەتی تەواو بوو بوو. ئەو بڕیارە بە زمانی عەرەبی بوو، بۆ دیوانی شێخ سەلامیش بەکاریان هێنا، کە بەم جۆرە بوو: «بعد مطالعتی هذه الکراسة وجدتها مفیدة للنشر ولایوجد فیها شئ یخالف النشر لذا ارجو الموافقة حول طبعها و توزیعها»

الرئیس نوری رشید

الرقیب العسکری الکردی «١»

١٩٥٨/٩/٧

## خۆمان سانسۆری خۆمان بووین

لە ساڵی ١٩٥٦ کە کتێبی «اغانی کردستان»م بڵاوکردەوە، دەستنووسی کتێبەکەم یەکسەر بۆ چاپخانە برد بەبێ ئەوەی کەس چاوی پێ بکەوێ، هیچ دەزگایەکیش لە وڵاتدا نەبوو کاری سانسۆریی ببینێ. ترسم لە ناوەڕۆکی کتێبەکە نەبوو، تەنیا ناوەکەی وشەی « کوردستان » ی ئازیز نەبێ. لە دواییدا بیستم ئەگەر بەهۆی ئەم کتێبەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ مەردێکی وەکوو سەعید قەزاز پەیدا نەکردایە کە وەزیری ناوەوەی عیراق بوو تەنگوچەڵەمەم بۆ پەیدا دەبوو.

لەو ڕۆژگارانەدا، لە نووسین و کەرەستەی بڵاوکردنەوەدا ڕەچاوی ئەوەمان دەکرد نووسینی بۆ چاپ ئامادەکراو، بێ گیروگرفت بڵاو ببێتەوە. ئەو کتێبانەی لەو ساڵانەدا بڵاومان کردنەوە شتێکی وایان تێدا نەبوو کە مەترسی تێدا بێ و دەسەڵات پێی گرژ ببێ ، جگە لە دیوانی سەلام کە وشە و ڕستەی وایان تێدا بوو خاوەن چاپخانەش ئامادە نەبوو بە چاپیان بگەیێنێ ، لەبەر ئەوە پێویست بوو شتی قەدەغەی ئەو سەردەمە بسڕێتەوە وەکوو ئەوانەی لای خوارەوە:

١- بەخراپە ناوبردنی عیراق و ئێران و تورکیا.

٢- مەبەسی سەلام لە « سێ لا، سێ دەسەڵات ، سێ دەوڵەت» عیراق و ئێران و تورکیا بوو، هێرشبردنە سەر ئەمانە پەسەند نەبوو .

٣- لە زۆر جێی دیوانەکە « سێ بەش» بەکارهێنرابوون، لەبەر ئەوەی ڕەمزی کوردستانەکان بوون، دەسەڵات بەکار هێنانی ئەمەی پێ ناخۆش بوو.

٤- هێرشبردنە سەر فەرمانڕەوایی پاشایەتی (مەلیکی) و پیاوماقووڵی کاربەدەستانی میری و ئەندامانی پەرلەمان. دیارە مەبەست ئەو ئەندامانە بوو کە لایەنی حکومەت بوون، لەو سەردەمەدا پەرلەمان وەکوو

chalakmuhamad@gmail.com

ئەنجوومەنی نیشتیمانی وڵاتە سۆسیالیستەکان و گێتیی سێیەم نەبوو، هەموو ئەندامان یەک بابەت بوون.

٥- هێرشبردنە سەر دەوڵەمەند و ئاغا و شێخ و مەلا.

٦- بەخراپەباسکردنی ئینگلیز و ناوبردنی کۆمپانیای نەوت.

٧- بەکارهێنانی زاراوەی «ئاشتی» و «ئیستیعمار» و «رجعی» و هی تر.

کە چاپی یەکەمی دیوانی سەلام درایە چاپخانە، سانسۆر نەبوو، لەبەر ئەوە ئێمە خۆمان ئەو وشە و ڕستانەی مەترسیمان لێ دەکردن سڕیمانەوە و جێگەیانمان بە بەتاڵی هێشتەوە، بەڵام چاپی دووەمی دیوانی سەلام (١٩٩٠) لە بەغدا لە سانسۆر ڕزگاری نەبوو، بۆیە بڵاوکەرەوە هەندێ دەسکاری تێدا کردووە بە ناوی ئەوەی کەموکوڕییەکانی چاپی یەکەمی پڕ کردۆتەوە هەروەها هەندێ ڕستە و وشەی کە لە دەوری پاشایەتی قەدەغە بوو لە چاپی دووەمدا ئاشکرا کراوە، ئێمە لەم ماوەیەدا ئەمە ڕوون دەکەینەوە:

١- ئەو وشە و ڕستانەی پێوەندییان بە ئینگلیز و تورک و ساحیب «٢» و مەلیک و فەرمانڕەوایی پاشایەتییەوە هەیە، لە چاپی دووەمدا خرانە جێگەی خۆیانەوە.

٢- لە چاپی دووەمدا هەوڵ دراوە زۆربەی جێگە بەتاڵەکانی چاپی یەکەم پڕ بکرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستە داخی گرانم دەسکاریی وشە و ڕستەیان کردووە بۆ ئەوەی سانسۆر ڕازی بێ، ئەگەر جێگە بەتاڵەکان وەکوو خۆیان بمانایەوە باشتر بوو نەک بە دەسکارییەوە پڕ بکرێنەوە. بۆ نموونە هەندێ لەو دەسکارییانە دەسنیشان دەکەین:

شێخ سەلام ڕستەی «سێ لا» و «سێ بەش»ی لە زۆر جێگە بەکار هێناوە بۆ مانای سێ کوردستانەکانی تورکیا و ئێران و عیراق، لە شیعرێکیدا دەڵێ: «قەرارێکە لە سێ لاوە دراوە..». لە چاپی دووەمدا بووە بە «قەرارێکە لەچەند لاوە دراوە» (ل ١٠٣). لە شیعرێکی تردا دەڵێ: «لەبەرچی سێ بەشە ئەم لالەزارە ..». لە چاپی دووەمدا بووە بە «لەبەر چی بەش بەشە ئەم لالەزارە..»(ل١٠٧). لە یەکێکی دیکەشدا دەڵێ: «لە سێ لاوە کراون خانەشاری..» لە چاپی دووەمدا بووە بە «لە چەند لاوە کراون خانەشاری» (ل١٠٨).

٣- بۆشایییەکانی چاپی یەکەم لەوانەی چاپی دووەم ڕێکوپێکترن، بەوەی لەوێ بۆ هەموو وشە و ڕستە و دێری سڕاوە، نوختە دانراوە، پیاو دەتوانێ قەوارەی سڕاوەکە بزانێ، کەچی لە چاپی دووەمدا ڕەچاوی ئەوە نەکراوە، بۆ ئەوەی شوێنە سڕراوەکان لە بەرچاوی خوێنەردا کەم دیار بن.

## زیادەکانی چاپی دووەم

چاپی دووەمی دیوانی سەلام سێ شیعری تازەی گرتۆتە خۆ کە لە چاپی یەکەمدا ناکەونە بەرچاو، ئەو شیعرانەش ئەمانەن:

١- شینی کەریم بەگی جاف: موستەزادێکی سی دێرە شیعرییە ئەویش لە کاتی خۆی لە «گەلاوێژ»دا بڵاوکراوەتەوە(ل١٧٥-١٧٧).

٢- لە جۆشی کوورەی: پێنجینێکی حەوت کۆپلەییە لە دەسنووسێکی نەجمەدین مەلا وەرگیراوە(ل٢٣١-٢٣٣).

٣- ئەم مەحکەمە: غەزەلێکی شەش دێرییە(ل٢٣٤).

## کەموکووڕییەکانی چاپی دووەم

١- شیعری بە یادی دێوانەی عێل بەگییەوە لە چاپی یەکەمدا پەنجا کۆپلەیە، لە چاپی دووەمدا دە کۆپلەی لێ فڕێ دراوە و بووە بە چل کۆپلە. ئێمە نازانین ئەمە مەقەسی سانسۆر بڕیویەتی، یا بڵاوکەرەوە بۆ ئەوەی

chalakmuhamad@gmail.com

قسەی نەیەتە سەر لای بردووە. ئەم دە کۆپلەیە لە چاپی یەکەمدا کەوتوونەتە لاپەڕەکانی (٤٠-٤١). دە کۆپلە سڕاوەکە بە دێڕی «نابێ بڵێی پیاوم زۆرە..» دەست پێدەکا و بە دێڕە شیعری «لەناو سجنا پێوەند کران...» کۆتایی دێ.

بە هەموو جۆرێ دەبوو بڵاوکەرەوە جێگەی ئەم دێڕانە بە بەتاڵی بەجێ بهێڵێ ئەگەر مقەسی سانسۆر بڕیبێتی! ئەگەر واش نییە پێویست بوو هۆی لادانی ئەم دە کۆپلەیە لە چاپی دووەمدا ڕوون بکرابایەوە.

٢- بە ڕاستی جێی سەرسوڕمانە لە «ژیان و بەسەرهاتی شێخ سەلام» کە بۆ چاپی یەکەمی نووسیبوو زانیارییەکی زۆر بقرتێنرێ (لاپەڕەکانی نۆزدە و بیست و بیست و یەک). ئەوەی لابراوە ئەو زانیارییانەن لە بابەت چاپکردنی دیوانەکەوە شێخ سەلام تۆماری کردوون بە ناونیشانی «چۆن ئەم کتێبەم چاپ کرد».ئەم زانیارییانە نرخێکی مێژوویی و ئەدەبییان هەیە، نەدەبوو هەروا بەئاسانی لەپێش چاوی خوێنەرانی چاپی دووەم بزر بکرێن.

٣- نازانم بۆچ بڵاوکەرەوەی چاپی دووەمی دیوانی سەلام نامەی خاوەنی نامەخانەی گەلاوێژی لابردووە، ئەوەی بۆ خاوەنی ئەم وتارەی نووسیوە لەبارەی چاپکردنی دیوانەکە و خواستی شێخ کە ئێمە پێشەکی بۆ بنووسینەوە، هەروەها شاعیر شوێنی پێشەکییەکەی ئێمەی دیاری کردبوو لەناو کتێبەکەدا، دەبێ بڵاوکەرەوە مەبەسی چی بووبێ لە هەڵکەندنی پێشەکییەکەی ئێمە لەجێی خۆی و گواستنەوەی بۆ دوایی کتێبەکە؟! بەمە بەرنامەی کاری زانستی شێواندووە و ئازاری بە گیانی پاکی شێخ سەلام گەیاندووە. لە ژیانیدا جێگەی پێشەکییەکەی ئێمەی دیاری کردووە، بە چی هەقێک لە چاپی دووەمدا ئەم بڕیارەی شێخ سەلام دەشکێنرێ، دەبێ لەبەر ئەوە نەبێ کە نەماوە؟ مردووش ناتوانێ داوای مافی خۆی بکا!

٤- بێگومان بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی فۆتۆگرافی تازەی شاعیر لە چاپی دووەمدا کارێکی بەجێیە، بەڵام نەدەبوو وێنەی چاپی یەکەم پشتگوێ بخرێ. ئەم وێنەیە لەلایەن شێخ سەلام خۆیەوە دیاری کرا بوو، وابزانم دوا وێنەیەتی، تائێستاش ئەو وێنەیە لە ئەرشیفی ئێمەدا پارێزراوە.

٥- نیگاری بەرگی چاپی یەکەم لە بەرهەمی هونەروەری هەڵکەوتوو بەدیع باباجان بوو، وێنەکە بە سەربەرزی و سەرکەوتوویی چۆتە ناو ئەلبوومی هونەری داهێنانی بەدیع باباجانەوە. شێخ سەلام سوپاسی تایبەتی پێشکەش کردووە بۆ ئەم دیارییە بەنرخەی. بەلای ئێمەوە باشتر ئەوە بوو بڵاوکەرەوە لەچاپی دووەمدا بە ڕەش و سپی بۆ یادگار وێنەی بەرگی یەکەم بڵاو بکاتەوە لەناو کتێبەکەدا، ئینجا با نیگاری چاپی دووەمیش دەستێکی ڕەنگینی هونەری دروستی کردبێ کە بە هیچ جۆرێ ناگاتە پلەی هونەری وێنەکەی بەدیع باباجان.

## زانیاری تازە

١- ئومێد کاکە ڕەش دەڵێ: «چیرۆکی دووەم چیرۆکی (مەن و هۆقە) کە هەردوو چیرۆکەکە لە واقیعی کۆمەڵەکەمانەوە هەڵقوڵاوە...» (ل٢٣ چاپی دووەم) مەبەستی دەستێوەردانی ئەم بەرهەمەی شێخ سەلامە. لام وایە ئەگەر بۆ دەسنووسی ئەم بەرهەمە بگەڕێین دۆزینەوەی کارێکی قورسە. بەڵام ئەم بەرهەمە بڵاوکراوەتەوە، چیرۆکێکە لەوانەی تۆفیق وەهبی بە چاوێکی بەرز تەماشای دەکردن. لە دیوەخانی نامەخانەی ماڵی وەزیرییەی بەغدا، هەمیشە ناوی ئەم چیرۆکەی لەسەر زار بوو. چیرۆکەکە ناوی «مەن و هۆقە» نییە، ناوی «یا مەنە یا هۆقە، نە مەنە نە هۆقە»یە،

chalakmuhamad@gmail.com

لە گـۆڤـاری دەنگی گـێـتـیی تازە (بەرگ ٢، ژمـارە٣، حەزیرانی ١٩٤٤، ل ٢٧٣-٢٧٧) بڵاو کراوەتەوە.

٢- شـێخ سـەلام لە کـاتی خـۆیدا وتارێکی ڕەخنەی نووسیوە لەژێر ناونیشانی «لێکۆڵینەوە - بەهۆی دەنگی گێتیی تازەوە بۆ مامۆستای پایەبەرزم وەهبی بەگ». لە وتارەکەدا بیروڕای تایبەتی خۆی دەردەبڕێ لە بابەت پێنج لەو وشـە و زاراوانەی کـە تۆفـیق وەهبی دایناون بۆ پتـەوکـردنی زمـانی کـوردیی پەتی. ئیـتـر تۆفـیق وەهبی وتارەکـەی شـێخ سـەلامی بڵاوکـردۆتـەوە و دوابەدوای ئەو بە نـاوی «سـەلام سـەردەقی شـکاند» وەرامـی ڕەخنەکـەی شـێخ سـەلام دەداتەوە (گـۆڤـاری دەنگی گـێـتـیی تازە، بەرگ١، ژمارە ٦، مارتی ١٩٤٤،ل ٢٠ - ٢٤} .

ئەگەر بڵاوکەرەوەی چاپی دووەمی دیوانی سەلام پێش بڵاوکـردنەوەی دیوانەکـە ئێـمـەی ئاگـادار بکردایە کەموکوڕی دیوانەکە کەمتر دەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا چاپی دووەمی دیوانی سـەلام کارێکی بەجێ بوو. نەوەی تازە بە بەرهەمی ئەم شاعیرە بەرزە شاد بوونەوە.

هـیـوام وایە ئەم بیـروڕایانەی ئێـمـە بەکـەڵک و سوودبەخش بن بۆ چاپێکی تری دیوانی سەلام . بێگومان چاپی یەکەم هەر بنج و بناوانە و چاپی دووەمیش دەوری خۆی هەیە. لە چاپی سێیەمدا پێویستە پێشەکییەکەی چاپی یەکەمی ئێمەش بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، چونکە بەبێ ڕەزامەندی شاعیری گەورە لەجێی خۆی ئاوارە کراوە بۆ شوێنێکی تر، دەبێ بێتەوە مەڵبەند و زێدی خۆی.

هەولێر : مەڵبەندی ڕووناکی

٢٠ ئاغستۆسی ١٩٩٣

**پەراوێزەکان**

١- ئەم دۆکیومێنتە لە «ئەرشیفی شێخ سەلام » ی نامەخانەی خەزنەدار لە مەڵبەندی ڕووناکیی هەولێر پارێزراوە.

٢- ساحیب (صاحب): بە مانای (خاوەن) بۆ بەرزکردنەوەی پایە و پلەی ئینگلیز لە هندستان بەکار دەهێنرا، لەپاش جەنگی یەکـەم ئەم زاراوەیە لەلای ئێـمـەش پەیدا بوو بۆ ئینگلیـز. ئینگلیـزخـواهەکـان ئەوەندە گـیـرۆدەی ئەم زاراوەیە بوون ناوی عەبدولساحیب (عبدالصاحب)یان دروست کرد بۆ منداڵەکانیان. ئەوەی ئاشکراشە ئەوەیە وشـەی «صاحب» لە «اسماء الحسنی» تا لەگەڵ «عبد»دا ناوی کەسی لێ دروست بکرێ . دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین لەلای شیعە «عبدالصاحب» دەبینرێ ، لای ئەوانیش دیارە مـەبەسی «صـاحب الزمـان» ی ئیـمـامی دوازدەمـینە کـە لەدواییـدا پەیدا دەبێ ، بەڵام لای سـوننە بەجێ نیـیـە بۆیە (ساحیب)ی ئەمانە ئینگلیز دەگرێتەوە.

٣- ئێمە لە کاتی خۆیدا لەسەر دەسنووسەکەی کە بە خەتی مەحموود تۆفیق خەزنەدار نووسرابووەوە، جێگە بەتاڵەکانی چاپی یەکەمی دیوانی سەلاممان پڕکردەوە. باشتر وابوو ئومێد کاکە ڕەش پرسێکی بە ئێمە بکردایە، گومانمان لەوەدا نییە چاپی دووەم پوختتر دەبوو.

ئەمە و ئەو نوسخە پڕکراوەی کە پشتی پێ بەستبوو بۆ چاپی دووەمی دیوانی سەلام ئەویش لەسەر نوسخە پڕکراوەکری لای ئێمە بوو. بۆیە پرسێک لە ئێمە کارێکی بەجێ بوو.

chalakmuhamad@gmail.com

# بیرانینێن خاتوونەکێ

حەسەنێ مەتێ

ل ناڤچەیەکی کێلەکا دەریایەکێ، ل بەر دەڤێ ئاڤێ، خانییەکی کەڤنارە یێ لسەر دو قاتان هەیە. ژ بۆ هێنکایییا سەرێ ڤێ ئێڤارا پاییزێ، هەردو پەنجەرێن رووبەروویێ ئاڤێ ڤەکرینە. ژ بلی خوەشدەنگەکی پیانۆیێ بێهنا بێدەنگییەک بێلڤ ژ ڤی قاتێ دودویان تێ. ئەڤ دەنگ، د پەنجەرێن ڤەکری رە دەردکەڤە، د ناڤ رەفێن چووکماسییان رە پێل ددە، ل رویێ ئاڤا هەمبەر بەلاڤ دبە و دچە. نە پێویستە کو ئەم تێکەڤن ڤی خانیێ خوەشک و سیخوریا هوندورێ ئۆدێ بکن. لەورا تێرا مە دکە کو تەنێ ئەم بزانبن ئانها ل هەمبەری وێنەخاچا پیرۆزوەر کو ب دیوێرڤە و ل بەر پیانۆیەک خەمگین خاتوونەک روونیشتییە، ب پێلێن خوەشدەنگێ پیانۆیێ رە د سەرسال و دەمسالێن ژیانا خوە رە گاڤ دکە، دچە جی و وارێن جوانییا خوە، ژ ور هێدی هێدی ڤەدگەرە، تێ ل ئێرۆیا پاییزا سالا چوویی دلکومە و ل ور نۆقی رامانێن کویر دبە:

سالا چوویی ل ئێڤارا ڤێ رۆژێ، ئەز و وی روونشتیبوون، وەکە سالێن هەرسالین مە سەرسالا زەواجا خوە پیرۆز دکر. رۆناهییا فندێن لسەر ماسا مە، لسەر روییێن مە یێن قەرمچی خەمگین خەمگین دپریتی. ژ شەرابا سۆر، مە پیالێن خوە یێن داوین نیڤی کربوو. سەری ل مە هەردویان ژی گەرم و لاش ل مە سست بووبوو. وی دەستێ خوە هاڤێت ئالبوما ل بەر سەلکا فێکی یێن سەر ماسێ، بەر ب خوە کشاند، پشتی کو ل دەروودۆرا وێ نهێری، ڤەگەریا سەر من و گۆت:

"ــ بەلێ، بەلێ... خاتوون! ژیانەک دوور و درێژ ب دەمێن خوەیێن چێ و خراب ل مە بوهوری. کا کێ دزانیبوو کو ئەمێ رۆژەکێ بێن کال و پیرەکە وسا. مەرڤ ب مرنا خوە باوەر دکە لێ ب پیربوونا خوە، نا! ژیان وەکە ئاڤێ ل مە هەرکی!..."

ئەز کەتبووم ناڤا رامانێن کویر و خوەدێ دزانە بێ د ژیانا خوە دە من ل کیژان دەمێن خوە یێن خوەش تەماشە دکر. لێ وی دو سێ جاران ل ئالبومێ خست و ب تەپینا دەستێ خوە، ئەز ژ رامانێن من کرم و پەیڤینا خوە دۆماند:

"لێ ئانها ئەو هەمی خۆرتانیا مە یا خوەش، لسەر ڤان کاخزێن ڤەمری و د هوندورێ ڤێ ئالبومێدە نە. ئەو حەشاشیێن مە، ئەو داخوازێن مە یێن کو سەری ل مە هلددان و ئەم لسەر هەڤ دین دکرن... هەمی... هەمی ژی د ناڤا رووپەلێن ڤێ ئالبوما پچووکدە بێدەنگ بێدەنگ دسترن."

بێدەنگییا من هەر لسەر من بوو. رووپەل ب رووپەل وی لێ دنێری، د سەر هەڤدە دقولباند، جارنا ژ کویردە کەسەر ڤەددان، جارنا ژی پشرینێن حەیفێ ب لێڤێن وی یێن قەرمچی دکەتن و دگۆت:

"ــ خوەدێیۆ!... کو ب هشێ من یی ئیرۆ گەنگاز بوویا، منێ ئەڤ هەمی ژیانا خوە یا مایی، ب رۆژەکە وێ دەمێ بگوهەراندا. تو ئەوقاس خوەشک، ئەوقاس سپەهی، ئەوقاس بەدەو بووی کو!... ئەز چ دزانم، خاتوون! چاوا ببێژم... ئەز نکارم بەختیارییا خوە یا وێ دەمێ ب لێڤ بکم. پری جاران ئەز ل بەر خوەدێ ئاسێ دبووم و من دگۆت: "خوەدێ، تە چما ژ بلی من مێر ب رویێ دونیایێ خستنە!" لێ ب ڤیا من گونەهێ تە دخست هوستویێ خوە. نەبە، نەبە..." من دگۆت، "...خاتوونا من ب چاڤەکی

chalakmuhamad@gmail.com

خراب ل مێرەکی بنێرە!" گەرچی من دزانیبوو تشتێن وسا ل دۆر خاتوونا من تونە. لێ ئەز گەلەکی دترسیام... گەلەکی! ژ من وەترێ تە یێ یەکی ژ من لهەڤهاتیتر بدیتا و ئەز بەردامـا. لێ وەک کو من گۆت، پێژنێن حەشاشـیا خۆرتانیێ بوون ئەڤ. شەیتان دکەت ب چەنگێ من، شک ل دلێ من رادبوو و من دگـۆت: "خـاتوونا منێ رۆژەکێ ژ ناڤا لەپێ من دەرکەڤە، وەک کەڤۆتەکە بەژی ژ دەست من بفرە و بچە... بچە و ئەز ژی ب ئاواکی ئەوک... ل پەی وێ بنێرم." لێ ئەز ئانها تێدگێهیژم کو من چقاس گونەهێ تە تەوش تەوش خستییە هوستویێ خوە! ل من ببۆرە، خاتوونا من... ببۆرە کو ژ خێرا ڤێ شەرابا سۆر رە ئەز ژ تە رە پەنجەرا دلێ خوە ڤەدکم... ڤەدکم کو تو بزانبی... تاسا سەرێ خوە ڤاجا دکم کو تو فام بکی کا ئەز وێ چاخێ چ دفکریم و ناها چاوا دفکرم."

ب ڤێ گـۆتنا خـوە یا داوین رە دەسـتێ خـوە یێ ژار دا سـەر دەستێ من. د بێدەنگییەکە سار دە من گوهداریـیا وی دکر و دپا کـو هین چ ببێژە. یا راستی، ژ هێلەکێ ڤە تەڤزینێن ترسێ ب لاشێ من دگرت و ژ هێلا دن ڤە ژی من دخوەست ئەو هەر بپەیڤە. د پەیڤینا خوە دە پری جاران مـینا کو کەلاگری ل گـەوریـیا وی بپچکە، هەڤۆکێن وی نیڤچە دمان و دووره دیسا ددۆماند:

"ــ بنێرە، خـاتوونا من. پێـوەندیـیێن خـوەش، هەرتم خوەشن... ل هـەر دەڤەرێ... ب هەرکەسی رە خوەشن!... ما گونەهکارییە کو مەرڤ ژ هەڤ حەز بکن؟ ئاخ!... ئەڤ مـەرڤ چ ئەفەریدێن سەیرن، خـوەدێ! چما مـەرڤ وەکە کـەڤـۆکـان، نۆلا پسکان، فـەنا کـووچکان... مـینا هـەمی ئافـەریدێن دن سـەربەست نەژین؟ چمـا خـوەدێ تۆقـا گرێدانێ خستییە هوستویێ مە مەرڤێن رەبەن تەنێ؟ ئەز تێناگـیهیژم! مـەرڤ ب هەڤ ڤـە تێنە گرێدان. هشکفری تێنە گرێدان... وسـا تێنە گرێدان کو د خـەونێن شـەڤێن نیـڤێ شـەڤـاندە ژی مـەرڤـان بەرنادە. من ددیت، تو و سـوارێ هەسـپـەکـی کـومـێت ل بەروارێ چیـاکی خـالی... هوون وەندا دبوون. ئەز ب پەی وە دکەتم، نە دگـیهیشـتم وە، ل سـەر چۆگـان رووددنشـتم و من دەڤێ لوولا فلینتا خـوە ددا وە. من دکـر کـو ئەز لنگێ وێ بکێـشم، لێ من دنێری ئەو لووله د دەستێ منده بوویە گۆپالەکی خـوار. د ناڤـا خـویدانێـدە ڤـەدنجـڤـیم و من دنێـری ئەز د ناڤ نڤینانده مە. هـەتا دەسـتێ سـبێ، خـەوا وێ شـەڤێ ل من دهەرمـی و خــــوین ل من زووا دبوو. تـە ب خــــوە ژی دزانیـبوو. چ دبوو؟... ئانگۆ چ دبوو کـو یەکی مـاچەک ل دەڤ و روویـێ تـە بـکـرا! ئـان ژی مـن دۆخـین ل یـەکـێ سـست... ئا ڤا یە تو ب خوە ژی دبینی!... ئەو خۆرتانییا مـە، بەخـتـیـارییا مـە، پێـژنێن مـە، هەرتشـتـێن مـە... هەرتشـتێن مە یێن خوەش ب چەرمەکی چلمسی هاتییە نخوماندن و مرنا مە ژی نێزیکە. ئەو ژیانا مە، ئانها ل مە بوویە وەک خـەونێن شەڤێن نیڤێ شـەڤان. خـاتوونا من... ب کـورتی، ئەز بەخـتـیـارێ رندبوونا تە بووم... لێ ژ بەر هـشێ خـــوە یـی وێ چاخێ هـەرتم ژی ئـەز ب پشـــتکولی ژیام. کــــو ئەز جـــــارەکـــــە دن وەرم دونیـــــایێ... ئەم چ ئەفەریدێن رەبەنن، خوەدێ! مەرڤ..."

ژ نشکا ڤە لسـەر رووپەلەکە ئالبومێ سەکنی، رۆنییا چاڤێن خوە یێن خمامی بەرا سەر وێنەیەکی دا، دووره ب تلییا خوە یا قەرمچی نیشان دا و:

"ــ ئا، ئەڤ مـەرڤێ ها..." گۆت. ل ڤـر مـینا کـو یەک ڤی دلێ من یی پچـووک بدە ناڤ دو کەڤران و بشـدینە. لەورا من خـوەدیێ وی وێنەیـی ناس دکـر. د دلێ خـوەدە: "هەی واخ، پشـتـی ئەوقـاس سـال!" من گـۆت. لێ وەک کـو ئەز دفکریم، نبوو. وی پەیڤێن خوە وەها دۆماند:

"ــ ئا ئەڤ مـەرڤێ ها نە وسا بوو. ئەڤ تشتێن کو ئەز ئانها دبێژم، ڤی جوامێری وێ چاخێ گەلەک جاران ژ من رە دگۆت. دگۆت لێ کێ گوهێ خوە ددا وی! «ژیان» دگۆت، «لســەر چار لێکەرێن رەنگین ئاڤـا بوویە. چێـبـووین، ڤـەخـوارن، ئەوک... کـرن و مـرنـە. هەردو لێکەرێن پێش و پاشین نە د دەست مە دە نە، لێ...» ئەز ئانوها تێدگێهیژم کـو ئەو مـەرڤـا چقاس بێهنفـەرە، زانا و تێگێهیشـتـیێ ژیانێ بوو. بێیی کو سەرێ خـوە د بەردە بێشینە، ئەو ب بەختیاری ژیا و ژ ژیانێ تامژی..."

رچـفـیـێن سـار دیسـا ب لاشێ من کـەتن و من د دلێ

chalakmuhamad@gmail.com

خوەدە دگۆت: "کو ئەڤ نە پێحەسینەکە وێ بوویەرا من بە، وێ چاخێ خەرفین، شێتبوویین و مرن ب هەڤرە هاتن!" لەورا کو وی د جوانییا خوەدە ئەڤ تشتێن ها بگۆتا، منێ ئەوقاس لێ نەگرتا. لێ پشتی ژیانەک ئەوقاس درێژ... ژ ڤێ رەوشێ شکا دو تشتان کەتە دلێ من. لێ من نێهری کو نا، ئەڤ ژی وەک کو ئەز دفکرم، ننە. وی گەلەک پەسنێ دیتن و کرنێن خوەدێ ڤی وێنەیی دا، دلێ من ژ ناڤ وان کەڤران فلتی و بێهنا من هنەکی فەرە بوو. هەتا دەمەکە درێژ ژی وی هەر چێلی خوەدێیێ ڤی وێنەیی کر و ب ئاوایەکی جۆمەردی دیتنێن خوە یێن ل سەر ژن و مێران ب لێڤ کر. ب زارەکی وسا دگۆت کو ئەز ماتمایی مام.

ب راستی ژی ئەڤ ئێدی نە سەرخوەشییا سەرێ ڤێ ئێڤارێ بوو و نە ژی خەرفینەک دەرەنگکەتی بوو. ئەڤ راستەراست گوهەرینەک بنگەهین بوو. هەتا دەرەنگی وەختێ ژی من هەر گوهدارییا ڤێ زارخوەشییا وی کر و ئێدی باش پێ ئەولە بووم کو ئەو ب هەر ئاوایی هاتییە گوهەرتن. گوهەرتن چقاس خوەشە، خوەدێ! مەرڤ ب هەڤ رە دوور و درێژ دپەیڤن، رامانێن خوە یێن ڤەشارتی کات دکن، پەنجەرا دلێ خوە ژ هەڤ رە ڤەدکن... پێژنێن وسا ل من رابوون کو، من دگۆت قەیێ ئەز و وی تەو ب هەڤرە نەژیانە. مینا کو ئەڤ جارا پێشین بوو مە هەڤدو ناس دکر. یا راستی د تەڤاییا ژیانا زەواجا مەدەژی، نۆلا وێ شەڤێ خوینا من ل وی نە کەلیا بوو. کو گۆتن د جیدە بە، پشتی زەواجا مە یا سی و سێ سالان، دلێ من کەتە وی. دلێ من وەک دلێ کەچەکە بەرزەواج پەکییا، ژ جیێ خوە رابووم، من خوە هاڤێتە هەمێزا وی و من خوە پێڤە شداند. خوەدێ دزانە ئەو ژی تێگێهیشت کو هەتا وێ گاڤێ ژی من وەها ژدل خوە نەسپارتبوو سینگێ وی. جا بفکرن کو مێرەکی تێگێهیشتی، زانا، دلپاک، ئەولە و رەوشەنبیر ل پێش وە روونشتبە و ژ وە داخوازا دلۆڤانیێ بکە... هوونێ چ بکن؟

ئەز گەلەکی فکریم و د داوییا داویندە من بریارا خوە دا کو ئەز ژی سەرپێهاتیکە خوە و خوەدێیێ ڤی وێنەیی کات بکم، و پێ بدم زانین کو ژیانا مە ژنان ژی رەنگەکی خوە هەیە و ل هەمبەری کەسێن تێگێهیشتی و بوویەرێن دلپەکین، ئەڤ رەنگا دەولەمەنتر دبە. من دەستێ خوە درێژی ئالبومێ کر، ژ دەست وی گرت، دووردرێژ ل وێنە نێهری و ب خەیالا ل گەلەک سالێن بوهوری ڤەگەریام. ل سەر قەرتا رەنگڤەمری ژی، ئەو وەک خوە یی بەرێ بوو. مینا کو تنازێ خوە ب مەرڤێن رەبەن بکە و ببێژە: "د داوییا داویندە هوونێ ل گۆتنێن من سەروەخت بن" دنێری. ئەز زڤریم سەر ئەو ی ل پێش خوە و من گۆتێ:

ـ بنێرە جانەکەم، ئەزێ ئانها ژ تە رە قالا بوویەرەکێ بکم. بوویەرەکە کەڤنە. لێ ژ بۆ هەر نقشێن جڤاکێ نموونەیەکە باشە. وەک کو تو ژی ب کەرەم دبێژی، پێوەندیێن د ناڤبەرا ژن و مێرەکیدە، نابە مەرڤ ب گونەهکارییێ بناڤینە. لەورا خوەدێ ڤی وێنەیی ژی وەها دگۆت: «پێژن و پێوەندیێن مەرڤ تشتەکی وسایە کو، نە فەنا کێرێ دەرەکی مەرڤ ژێدکە و نە ژی وەک تا و دەرزیێ تشتەکی نۆلا پینە ب مەرڤ ڤە دزەلقینە.» ئەڤ تشتا رێدارەکە ناتوری و رەنگەکی جڤاتا شارستانیێ یە. یا راستی، ژ بەرێدە ئەز خوەدێ ڤێ باوەرییێ مە. ئانگۆ ژ گەلەک سالان و ڤردە... من ژی ئەڤ دیتنا خوە ژ خوەدێیێ ڤی وێنەیی گرتبوو. کو وەرە بیرا تە، ب قاسی سی سال بەرێ، ژ وان پاییزان شەڤەکێ ئێشەکە گران ل من رابووبوو. مە پێرە نەگیهاندبوو کو ئەم من بگیهینن نەخوەشخانێ. من و تە، مە ئەز کشاندیبووم مالا خوەدێ ڤی وێنەیی. پشتی کو وی ژ تە رە گۆت: «هوون بچن، بلا خاتوون ل ڤر د رحەتیا خوەدە بمینە.» وی ژی چوو کرتکەک سابوون و هنەک ئاڤا شیرگەرمی هانی. بەرێ دەستێ خوە ی زانا د ئاڤێدە دکر، د سەردلێ من رە ددا، دوورە ئەو کرتکا سابوونێ دگرت و هێدی هێدی مست ددا. مەرڤەکی بێهنفەرە بوو. ئەو ل تەنشتا من روونشت و هەتا دەمەکە درێژ ژی وی هەر سەردلێ من مست دا. مێرک تەوش نەبووبوو دۆکتۆر! دەما ئەو دلۆپێن ئاڤا شیرگەرمی ژ تلی یێن ویدە د سەردلێ منی پچووکدە

chalakmuhamad@gmail.com

دچلکیـیـان، باوەڕ بکە، ژ بێـچـیـێن من هـەتا تایێ پۆرێ سـەرێ من، خـوەشـکەوەکـە وسـا ل من ڕادبوو کـو... خـوەدێـیـێ! تەو ژ بیـرا من ناچە! ئەو تینا وێ ئاقێ، کەواندنا وان دلۆپان... ئەز هێن ژی د خـوەدە حـیس دکم. د بەر ڕە ژی ژ من ڕە چێلی هـەر تشـتێن وسا دکر کو ئەز پێ سـەرمەسـت دبووم و هـەروەها ئەو ئێـشا گـران ل من وەندا دبوو. «پـێـژنێن ژن و مـێـران یەکن...» دگۆت. «مـێـر دڤێ ب مێرانییا خوە نەفرە و پێ پۆزبلند نەبە. لەورا مێر چقـاس قـورەتیـا مـێـرانیـیـا خـوە بکە و پێ پۆزبلند بە، ئەوقاس ژ ژنێ دووردکەڤە.»

ئەز چ ژ تە ڤەشێرم... دۆکتۆر پێژنێن دلێ ژنان ژ من باشـتـر دزانیـبـوو. ڕاسـتـەڕاست ژنۆلۆگەک بوو. چاوا ببێژم... هێلەکە وی مێر و ئالییەکی وی ژن بوو. گەرچی هنەک مێرێن ئەحمەق، ژ تیپێن وسا ڕە دبێژن سەرژنک، لێ... لێ کـو ئەم ژن ل خـوە مکوور بێن و ڕاسـتـیـیـا دلێ خـوە ببـێـژن، خـەیالێن مـە ژنان ژی هەرتم مـێـرەکی وسـا دڤێت. وێ چاخێ ژی من خوە نە گرت و من وەکـە ژنەکێ ئەڤ داخوازا دلێ خوە ژ دۆکتۆر ڕە گۆت. ل گۆر خـوویێ خـوە یی ناتوری بێ یی کـو دۆکـتـۆر دەنگ بکە، ئەڤ داخوازا من پەژراند و مە... مە ب هەڤ ڕە ئەوک کر...»

ل ڤـر وی ب دەنگەکی نیـڤـخـەنقی چیـرۆکا من بڕی و گۆت:

ـ ئەز باوەڕم، دوورە ژی گـەلەک جـاران تیـر ل تە ڕادبوو.

ـ لەبێ؟

ـ لەبێ شـێـرین، باوەڕم، دوورە گـەلەک جـارێن دن ژی ئێشا شەڤێن نیڤێ شەڤان ل تە ڕادبوو.

ـ بەلێ، من گـۆتە وی. دوورە ژی ئەڤ ئێـشـا ل من بوو وەک خویەکی زارۆکان.

ـ ئەز تێدگێ...


لێ ئەڤ پەیڤکا داوین د دەڤێ ویدە نیڤچە ما، گوین لێ ڤـەمری و مینا کو پیپکێن چاڤێن وی ل دەرەکێ ئالقی بە، هـەر هـوور و پچـووک بوون. دوورە بێ یی کـو ل من بنێـرە، ڕاهشت وێ پیالا خوە یا نیڤچەمایی، ئەو ژی ڤەخوار، هەردو دەستێن خوە لسەر ماسێ دان سەر هەڤ، ئەنییا خوە سپارتێ و وسا ما. ئەو سـەریا ژ سـەر وان دەسـتان ڕانەبوو. من ئالبوما د دەستێ خوە دە دانی هێلەکێ، دو سێ جاران ئەڤ دەستێ خوە د سەر وی پۆرێ شینبۆزی ڕە بر و هانی، من ب چەند دەنگان بانی کر و گۆت:

ـ بەرخێ من، ئەڤینا من، بەختیارییا من...

لێ تەو نەلڤـیـا. وەک پۆسـتـێ شـێـرەکی گـوراندی، ل قـەراخێ وێ مـاسێ ل هـەڤ گـەریابوو. د ڕابووینا مندە چەند دلۆپ هێـسـرێ چاڤـێن من، د سـەر وی سـەرێ پچووک، وی سەرێ پەلخی و ڕەبەندە ڕژیان.

ب دلەکی هەلسی و سەرەکی سەرخوەش، ئەز ڕابووم سەر خوە، بەر ب پیانۆیێ چووم و نۆلا ئانوها ئەڤ تلیێن من ل سەر چوون و هاتن.

* * *



حەسەنێ مەتێ

خەڵکی (ئەرغەنی)یە لە ناوچەی دیاربەکری کوردستانی باکوور و پانزە ساڵێکە لەو هەرێمانەوە دوورە. لەم پانزە ساڵەدا، سێ ساڵی یەکەمی لە چوار پارچەی کوردستان بەسەر بردووە و ئێستاش لە سوێد دەژی.

سەرەتای نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٤ یا ١٩٨٥. هەتا ئێستا هەندێ کتێبی تەرجەمەی کوردی کردووە و دوو کتێبی چیرۆکی خۆیشی چاپ کردووە: (کەچا کاپیتان)ی پۆشکین ١٩٨٨، (مرنا کارمەند)ی چێخەف ١٩٨٩، (مەرڤێن ڕەبەن)ی دۆستۆیێفسکی ١٩٩١، تەرجەمەکانن. (سمیرنۆف) یەکەم کۆمەڵە کورتەچیرۆکی نووسەر و ساڵی ١٩٩١ چاپ بووە و (لابیرەنتا جنان)یش چیرۆکێکی درێژە و ساڵی ١٩٩٤ بڵاوی کردۆتەوە.

چیرۆکی (بیرانینێن خاتوونەکێ) یەکێکە لە چیرۆکەکانی کتێبی (سمیرنۆف).

chalakmuhamad@gmail.com

# داستانی " سەیفولمولووک و بەدیعولجەمال" ی " سیاهپۆش"

## دەستنووسێکی کوردی لە " کتێبخانەی بەریتانیا" – لەندەن

ئەنوەری سوڵتانی

محمد جواد ئێرانی ( سیاهپۆش)، ئەدیب و زانیار و هۆنەری گەورەی کوردە . ڕەنگە بتوانین کەسایەتیی ئەم زاتە لە باری زانستییەوە بە گەورەپیاوێکی بنەماڵەی مەردۆخی و لە لایەنی شاعیرییەوە بە "(خانی)ی نەمر بشوبهێنین بەڵام زانایەکی ئەوتۆ ، بۆ کورد نەناسراو ماوەتەوە و ئەمڕۆ ١٦٤ ساڵ دوای مردنی ، تاکوتەرایەک نەبێ ، تەنانەت ناویشیان نەبیستووە. ئەوەش بۆ گەلێک کە زۆربەی کەسایەتییە مێژوویییەکانی ناسنامەی کوردییان پێ نەدراوە، یاخود شوێنەوارە زانستی و هونەرییەکانیان فەوتاون ، شتێکی سەمەرە نییە.

(الاعلام)ی زەرکەلی لەو سەرچاوە دەگمەنانەیە وا باسی " سیاپۆش" دەکات، بەڵام چۆن ؟ بە بەغدایی و نەجەفیی دادەنێ و ناوێک لە کورد بوون یان بە کوردی شیعر گوتنەکەی نابات:

" محمد جواد سیابوش بن محمد الزینی بن احمد زین الدین الحسنی الحسینی البغدادی النجفی(١٢٤٧ ک = ١٨٣١ ز)، شاعیرێک بووە لە بەغدا بە (هجو)کردنی خەڵکی شارەکە ناوی دەرکردووە. قەسیدەیەکی بۆ مەرگی (شیخ خالد النقشبندی) هۆنیوەتەوە کە (السید محمد الالوسی) لە کتێبەکەی خۆیدا شەرحی کردووە... دیوانێکی گەورەی شیعری لە کتێبخانەی (حەکیم) لە نەجەف... هەیە.[١]

زۆربەی سەرچاوە کوردییەکان ، لەمەڕ (سیاهپۆش) بێدەنگن بەڵام مامۆستای نەمر بابا مەردۆخی ڕۆحانی لە (تاریخ مشاهیر کرد)دا کەڵکی لە (الاعلام) و هەروەها کتێبی (الانوار القدسیه فی مناقب النقشبندیه) وەرگرتووە و دەنووسێ : "سیاهپۆش، ئەدیبێکی زاناو شاعیرێکی بە تواناو زمانپاراو بووە. لە بەغدا ژیاوە و لە ساڵی ١٢٤٦ی کۆچیدا ، جیهانی بەجێهێشتووە." بابا مەردۆخ بەشێک لەو قەسیدە ٧٠ فەردییەی شاعیر کە بۆ مردنی مەولانا خالیدی شارەزووری گوتووە، هێناوەتەوە:

خدينَ الهوي! خفّ الخليطُ المعاضدُ
و أطلالُ احبابٍ هَوَيتَ هـوامدُ[٢]

(تۆما بوا) تەنیا ئەورووپایییەکە – گەرچی بە ناتەواوی و سەرچڵی، بەڵام هەرچۆنێک بێت ، ناوی سیاهپۆشی هێناوە و کاتێ لە کتێبی (ژیانی کوردەواری)دا باسی ئیسماعیلی بایەزیدی ( ١٧٠٩ – ١٦٥٤ز) دەکات، دەڵێ: "سیاهپۆش نازناوی شاعیرێکی دیکەیە کە لە سەردەمی ئەودا ژیاوە."[٣]

ئاشکرایە لێرەدا، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەو ساڵانەدا هەیە وا الاعلام و بابا مەردۆخ بۆ کۆچی دوایی سیاهپۆشیان ڕاگەیاندووە لەگەڵ ساڵێک کە (تۆما بوا) نووسیویەتی.

ئەم دیاردەیەش نە بۆ مێژووی کورد جێی سەرسووڕمانە ، نە بۆ کاری پڕ لە هەڵەشەی (تۆما بوا)! من تا ئەو دەمەی سەرچاوەی دیکە لەمەڕ مەسەلەکە نەدۆزرێتەوە، بۆچوونی یەکەم وەک ڕاستییەک وەردەگرم.

* * *

هۆگرایەتی کورد لە ئەفسانە و حیکایەتی (هەزارو یەک شەو) دیاردەیەکی سەمەرە نییە. ڕاستە کتێبەکە بە عارەبیی نووسراوە و شەقڵی کۆمەڵگای عارەبی سەردەمی ئومەوییەکانی بەخەرمانەوەیە، بەڵام

chalakmuhamad@gmail.com

"داستانەکان لە بنەڕەتدا ئێرانی یاخود هیندین."(٤) بەگوێرەی سەرچاوەیەک، " لە کۆندا ، کتێبەکەیان بە هەزار ئەفسان" ناوبردووە"(٥) و بەگوێرەی سەرچاوەیەکی تر، "پێکهاتنەکەی لە هیندستان بووە و تاریخی ئەم پێکهاتنە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش هەخامەنشییەکان (٥٥٩-٣٢١ پ ز ). پاشان گەیشتۆتە ئێران و وەرگەڕاوەتە سەر زمانی " فورسی کۆن": (٦) ئینجا لە سەدەی سێهەمی کۆچیدا، لە بەغدا – کە ئەو دەم ناوەندی زانستی ناوچەکە بووە، وەرگەڕاوەتە سەر عارەبی و هەندێ حیکایەتی عارەبانی لێ زیاد کراوە. دواتر، گەیشتۆتە میسر و داستانی میسری و یەهوودی خراوەتە سەر، تا لە سەدەی دەهەمی کۆچیدا، وەکۆکراوە و بیچمی (الف لیله ولیله)ی بە خۆیەوە گرتووە." (٧)

هەرچەندە نیشانەیەکی ئاشکرا، لە تەرجەمەی سەرجەمی کتێبەکە بۆ سەر زمانی کوردی بە دەستەوە نییە، بەڵام چیرۆکی جیاجیای هەزارویەک شەو کراونەتە کوردی و لەناو حیکایەت و بەند و باوی کوردیدا ڕەنگیان داوەتەوە. شێوەی نەقڵگێڕانەوە و حیکایەتکردنی (شەهرەزاد) شوێنی لەسەر داستانبێژانی کورد داناوە و بە گشتی گەلێک کەسایەتی و پاڵەوانانی ناو کتێبەکە بۆ کورد ئاشنان و لە شیعری شاعیرانمان و نەقڵی باپیرانماندا ئاماژەیان پێکراوە دەسنووسێکی کوردیی کرمانجی بە ژمارەی MS.or. 8208 لە کتێبخانەی بەریتانیا – بەشی هیندوڕۆژهەڵات تۆمار کراوە.(٨) کاتالۆگی کتێبخانەکە، بە گێژوگومییەکی زۆرەوە، هەندێ زانیاری لەسەر دەسنووسەکە داوە بە دەستەوە.

" شیعری کوردی، زمانی کوردی، ژمارە or.8208 کۆمەڵە کتێبی oc، شوێن 40.A.1 شیعری مەسنەوی بە کوردی، گەلێک شیعری گرتۆتە بەر، عینوان و ناوی نووسەری نازانرێ، بابەت: شیعری کوردی، ساڵی ١٢٧٦ (١٨٥٩ یا ١٨٦٠ ز)، ٦٢ پەرە، ١٨×٢٥ سم هەندێ شوێنی نووسراوەکە ناتەواوە بە هۆی زیانگەیشتن (بە لاپەڕەکانەوە.) پەرەکانی ئێستا لە شوێنی خۆیان قایم کراونەتەوە.(٩) هەر ئەوەندە و بەس!

دەسنووسەکە، بریتییە لە چیرۆکە شیعرێکی دوورودرێژ کە باسی ئەویندارێتی (سیف الملوک)ی کوڕی پادشای میسر و (بدیع الجمال)ی کچی شای پەریان دەکات. ئاشکرایە ئەم داستانە خەیاڵییە لە چیرۆکی کتێبی (هەزارویەک شەو) بە هەمان نێو وەرگیراوە (داستانی شەوی ٧٦٠). بەڵام کێ وەریگرتووە؟ کێ بە شیعر هۆنیوێتیەوە؟ من لە ساڵی ١٩٨٦ بە دواوە کە خەریکی خوێندنەوە و لەبەرنووسینەوەی دەسنووسەکە بووم نەمدەتوانی وەڵامی پرسیارەکان بدۆزمەوە.

چەند ساڵێ دواتر، ئاگادارییەکم لەسەر ناوەڕۆکی دەسنووسەکە نووسی و لە (مانگانەی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن)دا بڵاوم کردەوە. ئینجا وتارێکم لەسەر چۆنێتی دەسنووسەکە نووسی کە لە گۆڤاری (پەیف)دا چاپکرا،(١٠) بەڵام هیچکام لەو کارانە و هەروەها پرس و جۆ لە دۆست و ئاشنای ئەدیب نەیتوانی گرێ پووچکەی پرسیارەکان بکاتەوە.

ماوەیەک درەنگتر، لە کاتی پێداچوونەوەی دەسنووسەکە تێگەیشتم کە شاعیر، لە هەندێ شوێنی چیرۆکەکەدا بە موناسەبەی جیا جیا، غەزەل یا پێنجخشتەکییەکی سەربەخۆی هۆنیوەتەوە و داویتییە دەم داستانی سەرەکی (سیف الملوک و بدیع الجمال)، لە کۆتایی هەموو ئەو شیعرانەشدا، ناوی (سیاپۆش) یا (سیاهپۆش)ی هێناوە. دڵنیابووم کە ئەم ناوە دەبێ ناو یاخود نازناوی شاعیری چیرۆکەکە بێت و بەم پێیە، یەکەم هەنگاو بەرەو ساغکردنەوەی چیرۆک و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان هەڵێنرانەوە. تکام لە دۆست و برادەر کرد، هەر زانیارییەکیان لەسەر (سیاهپۆش) هەبێت، دریغیم لێ نەکەن، خۆشم بە شوێن ناوەکەدا، قامووس و سەرچاوە سەرەکییەکانم پشکنی. لەڕاستیدا، ئەم وتارەی ئێستا، دوای پرۆسێسێکی دوورودرێژ و بە یارمەتی دڵسۆزانێک هاتۆتە بەرهەم کە ناوی هەندێکیان لێرەدا دێنم و سپاسیان دەکەم:

یەکەم جار، کاک فەرهاد شاکەلی پێی ڕاگەیاندم کە کوردی کوردستانی باکوور ناوی سیاهپۆش دەناسن و

chalakmuhamad@gmail.com

بیستوویەتی شیعریان لێ خوێندۆتەوە. ئینجا کاک فەرهاد پیربال، کۆپیی وتارێکی بۆ ناردم کە کاک (ڕەشۆ زیلان) لە ژمارە ٩ ی ساڵی ١٩٩١ ی گۆڤاری (بەربانگ) چاپی سوێددا بلاوی کردبووە. کاک ڕەشۆ لەژێر سەردێڕی (هەڵبەستڤانێ کورد سیاهپۆشێ نەمر و دەستنڤیسارەک)دا، باسی نوسخەیەکی تازەتری چیرۆکەکەی کردبوو کە (محمد صبری الاسیر) کوڕی میرزا عبدالفتاح، لە ساڵی ١٣٤٣ی ڕۆمی ١٩٢٧/ ی زایین، لە گوندی هێرشین نووسیوێتیوە.[11]

بە هۆی کاک (حسێن حەبەش)ەوە زانیم کە مامۆستای بەڕێز دکتۆر جەلیلی جەلیل نوسخەیەکی دیکەی چیرۆکەکەی لە دەستدایە. من سەرەتا، کۆپییەک لە نوسخەکەی کتێبخانەی بەریتانیام بۆ نارد، ئینجا لەچاوپێکەوتنێکدا، لە خوێم بیست کە چوار نوسخەی جیاوازی چیرۆکەکەی کۆکردۆتەوە و ئەگەر هەژاری و دەستکورتی لێ بگەڕێ بە تەمایە دەقێکیان بەرێتە ژێر چاپ.

ئێستا من کۆپیی یەکێک لەو نوسخانەی دکتۆر جەلیلی جەلیلم لە بەردەستدایە. بەختەوەرانە، ئەم نوسخەیە بە پێچەوانەی دەسنووسەکەی کتێبخانەی بەریتانیا، تەواوە و عەیبی ئەوتۆی نییە.[12] بە گوێرەی یادداشتی دوایین لاپەڕە، لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی ڕەمەزانی ساڵی ١٤٠١(ی کۆچی) و ١٤ی تەمووزی ١٣٩٧(ی ڕۆمی)، ٨٠-١٩٨١ی زایین، (في بلدة ططوان من بتليس المحروسة) لە لایەن (نورالله) ناوێکەوە نووسراوە کە بە داخەوە هیچ شتێک سەبارەت بە ژیانی نازانین و تەنانەت، ناتوانین دەربارەی ساڵی نووسینەوەی نوسخەکەش ساغ بینەوە کە زۆر وا هەیە ١٣٩٧ نەبێت و ١٢٩٧ بێت. ئەو یادداشتانەی ئێستا، بە یارمەتی بەراوردکردنی نوسخە سەرەکییەکەی کتێبخانەی بەریتانیا و نوسخەی (نورالله) پێک هاتوون:

نوسخەی کتێبخانەی بەریتانیا، سەرجەم ٦٢ پەڕە (١٦١ لاپەڕە)یە. هەر لاپەڕەی جێی ١٨ دێڕ - واتە هەژدە فەرد شیعر بۆتەوە و ژمارەی فەردەکانیش ٢٢٤٢ن.

دەسنووسەکە، (مەلا بەکر) ناوێک نووسیویێتییەوە کە مخابن هیچ زانیارییەکمان لەسەر ژیانی ئەویش نییە. یادداشتی سەر لاپەڕەی دوایینی دەسنووسەکە، بە تەواوی ناخوێندرێتەوە بەلام ناوی (مەلا بكر) و تاریخی ١٢٨٩(ی کۆچی =١٨٧٢/٣ی زایین) ئاشکرایە. ئەگەر بۆچوونی "الاعلام" و "تاريخ مشاهير كرد" لەمەڕ ساڵی مردنی سیاهپۆش بە ڕاست بزانرێ، ئەوا مەلا بەکر نوسخەکەی خۆی ٤٣ ساڵ دوای مردنی شاعیر نووسیوەتەوە.

خەتی مەلا بەکر زۆر خۆش نییە بەلام بە گشتی هەموو شیعرەکان بە ڕوونی و جوانی دەخوێندرێنەوە. تەنیا موشکیلە لەسەر ڕێگای خوێندنەوەیان، ئەو سەروژێرە زیادانەیە، وا نووسەر بێ هیچ هۆیەک (ڕەنگە بۆ جوانکردنی دەسخەتەکەی خۆی) لە سەر و خواری هەموو پیت و وشەیەکی داناون و خوێنەر تووشی هەڵە دەکەن.

نوسخەکە ـ وەک پێشتر گوترا، ناتەواوە. ناتەواوییەکەش بریتییە لە سێ بەش:

**یەکەم: لاپەڕەکانی سەرەتا**

دەسنووسەکە بەم لەتە شیعرە دەس پێدەکات:

"ژ قاف قل هو الله احد، جان...."

کە بەشێکە لە غەزەلێکی سەربەخۆ (درەنگتر باسی ئەو غەزەلە سەربەخۆیانە دەکەم) شاعیر، ١٠ فەرد دواتر، دەچێتەوە سەر باسی چیرۆکە ئەسڵییەکە و بەم شێوەیە، درێژە بە (ڕاز)ی سيف الملوك و بديع الجمال دەدات:

"د حەینا ئەو دوو، فەیضی بوون ژ دەرسان
خلاصو هەم زەبوور خوەندن بدەرسان" (F.I.A)

کە بە حیسابی بەراوردکاری لەگەڵ نوسخەی (نورالله)، باسی تەواوکردنی دەرسە لەلایەن سیف الملوک و سعد الملوکەوە، ئەو باسەش لە نوسخەی (نورالله)دا دەکەوێتە ناوەڕاستی لاپەڕە ٣١. ئێستا ئەگەر بزانین کە هەر لاپەڕەیەکی نوسخەی ناوبراو

chalakmuhamad@gmail.com

شوێنی ١٦ فەرد شیعرە، ئەوا:

٤٨٧=٧(ی لاپەڕە ٣١)+١٦+٣٠.

واتە دەستنووسی مەلا بەکر ٤٨٧ فەردی سەرەتای فەوتاوە کە ئەویش دەکاتە:

= لاپەڕە ٢٧=١٨:٤٨٧

لە ئەنجامدا دەتوانین دڵنیا بین کە ١٣ پەڕەی سەرەتای دەستنووسەکەی مەلا بەکر، فەوتاوە.

**دووهەم: ناتەواوییەکانی دوای لاپەڕە 21b**

لە کاتی خوێندنەوە و کۆپیهەڵگرتنی دەستنووسەکەدا، بە حیسابی پچڕانی داستانی شەڕی سیف الملوک لەگەڵ زەنگیان سەرنجم بەرەو ناتەواوییەکی دیکە لە نێوان لاپەڕە 21b و 22a کشا. بەراوردکردنی ئەم بەشە لەگەڵ نوسخەی (نورالله) گەیاندمیە ئەو ئەنجامەی کە ٣٠٣ فەردی ئەم شوێنەش فەوتاوە. ئەویش بە هەمان حیسابی سەرەوە، دەکاتە ١٧ لاپەڕە، واتە ٩ پەڕەی دیکەی نوسخەی مەلابەکر لەم شوێنەدا کەوتووە و سەرجەمی ناتەواوییەکانی هەردوو بەش، دەکاتە ٧٩٠ فەرد کە بریتی بێ لە ٤٣ لاپەڕەو ٢١ پەڕە.

ئێستا ئەگەر بزانین دەستنووسەکە لە بیچمی ئێستایدا ٦٢ پەڕە و ٢٢٣٢ فەردە، دەتوانین بگەینە ئەنجامی ئەوەی کە لە ئەسڵدا ٣٠٢٢ فەرد و ٨٣ پەڕە بووە. ئەو فەردانەش لەگەڵ ٣٠٩٠ فەردی نووسخەی (نورالله) جیاوازییەکی زۆریان نییە.

**سێهەم: سووتاوی و هەڵپرواویی پاشماوەی لاپەڕەکان**

نزیکەی هەموو لاپەڕەکان لە بەشی سەرەوەدا تووشی زیان هاتوون و بە مەزەنە، یەک تا پێنج فەردی یەکەمی هەموو لاپەڕەیەک لە یەک وشەوە تا یەک میسراعیان فەوتاون.

* * *

چیرۆکەکەی سیاهپۆش، دارماڵی رووداو و کارەساتە. شێوەی دەربڕینی رووداوەکان لە ڕادەیەکی پسپۆڕانەی ئەوتۆدایە، کە تەنانەت خوێنەری ئەمڕۆیش تامەزرۆی باسەکە دەکات و بە شوێن خۆیدا دەکێشێ:

سیف الملوکی کوڕی (عاصم)ی - شای میسر و شام، ئەوینی بدیع الجمالی کچی (شاهباڵ)- شای پەرییانی دەچێتە دڵەوە و بۆ گەیشتن بە دڵدار، لەگەڵ (سعد الملوک)ی دەستەبرای، یەمەن و واسیط، چین و ماچین، باغی ئیرەم و بەحری قووڵزەم تا دەریای محیط دەپێوێ و لەگەڵ تاقم و خەڵکی جۆربەجۆر دەجەنگێ و تا لە ئەنجامی ئازایەتی و کۆڵنەداندا بە وەسڵی گراوەکەی شاد دەبێت. سیاهپۆش کە داستانەکەی لە (هەزارویەک شەو) وەرگرتووە، وەک دەقی سەرچاوە، تووشی زۆر هەڵەی مێژوویی و جوغرافیایی و زانستی هاتووە: فاسیلەی نێوان میسر و چین نازانێ، لە شامەوە بە ڕێگای بەحری محیطدا دەچێ بۆ قسطنطینیە و لە باغی ئیرەمەوە سەردەردێنێ. ئەوانەش بەروبووی (جوغرافیای بەطلەمیووس)ن کە تا ئەم دواییانەش لە حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستاندا بە دەرس دەخوێندرا و ئاشکرایە دەقێک کە نزیکەی ٢٠٠ ساڵ لەمەوپێش نووسرابێ و لە داستانێک وەرگیرابێت کە بە لای کەمەوە لە سەدەی سێهەمی کۆچیدا نووسراوە، ئاساییە لە نووسینەوەیدا، هەڵەی ئەوتۆی تێ کەوتبێت. هەندێکیش هەڵەی ڕێنووس هەن کە دەبێ بە حیسابی مەلا بەکر بنووسرێن چون لە نوسخەی نوراللەدا، ڕاست کراونەتەوە: مُصَلّح (لاپەڕە21b)، تیری قەظا (45b)، ڕاظیم (37a)، ظمیر(31a)و... لە جیاتی مسلح، تیری قەضا، ڕاضیم، ضمیر و....

لە باری هونەرییەوە، چیرۆکەکە بە شیعری عەرووزی «المزدوج» (مثنوی) هۆنراوەتەوە. کێشی شیعرەکە، هزج مسدس محذوف ( مقصور)ە: مفاعیلن مفاعیلن فعولن (مفاعیل): بەڵام بە هۆی ناتەواوی و نارێکی بەشێ لە شیعرەکانەوە، من وای بۆ دەچم کە سیاهپۆش شارەزاییەکی زۆری لە شیعری برگەییدا بووبێت و لەژێر زەغتی کێش و قافییەی ڕەقی عەرووزیدا، جاروبار پەنای بردبێتە بەر کێشە برگەییەکە - تەنیا لە ڕێگەی بۆچوونێکی ئەوتۆشەوە دەتوانرێ چەوتی و نارێکی

chalakmuhamad@gmail.com

کێشی شیعرەکان لە هەندێ شوێندا ، ڕاست کاتەوە.

سیاهپۆشی چیرۆکەکە، شاعیرێکی دڵتەڕی ئاشنا بە ئەوین و دڵدارییە و سەرتاپا لە سیاهپۆشی (الاعلام) و (تاریخ مشاهیر) جیاوازە کە سۆفییەکی مێشکوشکی (مرثیەنووس) یا جنێوفرۆشێکی بێ چاو و ڕوو بێت.

شـــەرابی ســـــــاقیان نادەم ب کەوسەر
سجوودی دڵبەران سەد تەخت قەیسەر(60a)

سیاهپۆشی چیرۆکەکە، هەستیارێکی خۆشقسەی لەبەردڵانە کـە شـارەزای ئەدەبی عـارەب و عـەجـەمـە و مـرخی بە شـیـعـری «حـافظ» چەش بووە. بەڵام هەر ئەو لایەنە بەهێزەی کارەکەی وا هەیە جاروبار بوویێتە هۆی لاوازبوونی شـیـعـرەکانی: شـاعیـر، بـێ هـیـچ هـۆیـەکی ئاشکرا، وشـە و تەنانەت عـیـبـارەتی فـارسی کـردۆتە جێگری وشە و زاراوەی کـوردی و بە شـێـوە و ڕەسـمی سەردەم ، گەلێ جار ڕستە یاخود فەردەشیعرێکی بە فارسی هۆنیوەتەوە و کردوویەتیە ناواخنی شیعرەکانی خـۆی. زمـانی عـارەبـیـش تینێکی زۆری کـردۆتە سـەر شـیـعـری سـیـاهـپـۆش بەڵام من کـەمـتـر نیشـانەیەکم لە تەئسیری زمـانی تورکی لە شیعری سیاهپۆشدا بەرچاو کەوتووە.

لاوازییـەکی دیکەی کـاری سـیـاهـپـۆش، هەژاری و فەقیریی گەنجینەی وشەکانە واتە (ڤۆکابیولەری)یەتی. شـاعـیـر وەک خـانی و خـانای قـوبادی نیـیـە کـە گـەنجـینەیەکی دەوڵەمـەندی وشـەی کـوردیـان لە بەردەسـتـدا بووە و بۆ دەربڕینی گـەلێک مـەفـهـوومی بەرزیش دانەمێنن. دەیان و سەدان جار دووپاتبوونەوەی وشـە و زاراوەی وەک (دلاوەر، مـەست، خـومار، شـیـر و شـەکـر، مـەهـوەش، مـەهجـوور، دڵبـەر و بەنگی) خـوێنەر تووشی مـاندوێتی و وەڕزی دەکـەن . شـاعـیـر هـەروەها دەبێ لە دیوەخـانەی ئەمـیـران و شـاهـان گـەلێک دوور بووبێ و بە هەڵسوکـەوتی دیواننشـینانی نەزانیـبـێ چون تەنیا شتێک بە شاهان (جا شاهی میسر بێت یا چین و یەمـەن و واسـیـط یا تەنانەت شـای پەریـیـان)، بزانـێ و باسی لێوە بکات، زۆریی ئاڵتوون و زیو و خواردنی شەکر و نەبات و خواردنەوەی شەراب و بەنگکێشانە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێک بکرێ : چیرۆکی سیف الملوک وەرگەڕاوەتە سەر فارسی و تورکی و پێنج نوسخەی تورکی لە کتێبخانەی بەریتانیا پارێزراوە (ژمـارە ٧٨٨ تا ٧٩٢ ی کـاتالۆگ[١٣] )، جـیـا لە نوسخـەگـەلی دیکەی کـتـێـبـخـانەی بودلیـان لە ئۆکسفۆرد(٤٦١) و بەرلین (١٧٣٦-١١٤٨) هەروەها ئەو نوسـخـە چاپییـە بەردینەی وا لە (**فهرس المطبوعات التركية العثمانية**)دا[١٤] ئاماژەی پێ کراوە.

من دوای هەڵسەنگاندنی چیرۆکەکەی سیاهپۆش، دڵنیـام کـە شـاعـیـر کـاریگەریی دەقی تورکـیـی لەسـەر نەبووە، بەڵام بە دووری نازانم تەرجەمەکە لە ڕووی دەقی فارسییەوە هاتبێتە ئەنجام و ئەوەش بەو وشە و ڕستە فارسییانەدا دەڵێم کە لە دەقی سیاهپۆشدا دەبینرێن، لە کاتێکدا هیچ نیشانەیەک لە تەئسیری دەقی تورکی و بە گشتی زمانی تورکی لەسەر ڕیوایەتەکەی سیاهپۆش نابیندرێ.

بە بڕوای من ، سیاهپۆش بە شاکارە مەزنەکەیەوە (سـیـف الملوك و بديع الجـمـال) لە ڕیزی چیـرۆکـە شـیـعـرنووسـانی وەک (خـانی) و (خـانا) و (مـیـرزا وەلەدخان) دەوەستێ و بەبێ هیچ گومانێک، دوای خانیی نەمر، گەورەترین شاعیری چیرۆکنووسی کرمانجییە.

* * *

بۆ ئاشنایی خـوێنەر لەگـەڵ هونەری سـیـاهـپـۆش لێرەدا دوو نموونە لە شیعرەکانی دێنمەوە:

یەکـەم: بەشـێـک لە چیـرۆکی (سـیـف الملوك و بديع الجمال.)

دووهەم: نموونەی غەزەلێکی سەربەخۆ.

chalakmuhamad@gmail.com



**یەکەم: داستانی چاوپێکەوتنی سیف الملوک و بدیع الجمال، لە دەقی چیرۆکەکە:**

ب دەرکەت ئەڤ ژ چادر، مەست و مەخموور
ژ مەحبووبان دنێری نیزک و دوور
ژناگە هـ ، دی وەکی شەمع و شەمالەک
دئیسا نوور وەجهی ڕوو ب خالەک
دئیسا شوبهی مەشعەل، دایم ئەز دوور
ئەگەر تاری بوو ئەڤ شەڤ میسلی دەیجوور
کو قنج نێری ژ وەجهو قەدد و ئەشکال
ژ سوورەت ئەڤ یەقین کر" بنت شەهبال"(F.36b)
وەکی شەهزادە نیزک بوو ژ مەهوەش
نەزەر کر، کەڤت ب سەر پشت ئەو ب بیهوەش
وەکی شەمس و قەمەر، ئەنوار تەلعەت
ژ حوسنا وی ، مونیرە ڕەنگ و زولْمەت

............

نەرم ڕۆنشت ل بالێ وو هلانی
سەرێ دلبەر ل سەر زەندێ خوە دانی
شرین شەهزادە، دانین لێڤ ل لێڤێ
ب دەستێ ڕاست گرت لیمۆن و سێڤێ (F.37a)

.......

دبووسین لەعل شەککەربار مەحبووب
دگریا خوەش ژ زەوقێ وەسلْ مەتلْووب
ژ گریە، ئاب دوو چەشمی دلاوەر
نەرم وەشیانە سەر وەردینی ئەحمەر
ژ بیهنێ ئادەمی یو تابی عەینەین
ب هۆش هات و هلانێن ئەسوەدولعەین

...

هلانی پەردە، گۆ: ئەی ئادەمیزاد !
چ کار و قیسسە داری گەل پەریزاد؟
شرین شەهزادە گۆ: ئەی یار دلْدار
تو ب خودێ کی قەسەم ئەڵلاهی جەببار
ب حەققی حورمەتێ شیرێ تە خواری
ژ قەولێ من بکی تە گوهداری
عەجەب گۆ:" دادەای بامن تو سوگند"
تو چ دبێژی ببێژە ، ئەی خیرە و مەندا
ژ ئەووەل تا ب ئاخر سوورەتی حال
شرین تەقریر کر بۆ " بنت شەهبال" (F.37b)

....

.شرین گۆ با تەجەڕروب : ئەی دلاوەر!
ژ من چێتر هەنە پڕ خووب و دلبەر
شەهێ مەستان گۆ ئەی ئەبروو هیلالەم!
سەری موویەک تە، ئەز نادم ب عالەم!
تە چ دبێژی مە، ئەی دلبەندێ ڕاحەت
سەعاتەک وەسلْ تە، نادەم ب جەننەت!(F.38a)
دو دلدارێ حەبیب و مەست و عاشق
ب عەهد و قەول و پەیمان، ساف و سادق
کرن هەمبێز هەڤدوو، شوبهی شەهمار
ب مەقسەد بوون ژ هەڤ دوو مەست و دلدار (F.38b)

........

ئیلاهی تو مە مەست کی شوبهی لالە
ژ لەعلێ جام و خەمرێ چاردە سالە
وەرە ساقی! وەرین خەمرێ حەیاتی
کوپێ اعیا دبت قەلبێ مەواتی
ب من خوەش تێن لەبێ فنجان و بادە
ژ نۆشینا مەیێ ئەم سینە سادە
وەرا یە موتریب ! ب چەنگ و نایەهـ و دەف
بڕەقصین قەلبێ مەی " از وی مشرف"
تەرک نادەم لەبێ فنجان و ساقی
حەتا عومرێ عەزیزم ببت باقی (F.39b)

**دووهەم: ئەو شیعرانەی وا بەشێک لە داستانەکە نین و سەربەخۆن**

شـاعیـر لەبەر هەندێ هۆ و مـوناسـەبەی جـیا جـیا ، غـەزەل یا پێنج خـشـتـەکـیـیەکی سـەربەخـۆی داوەتە دەم چیرۆکەکـە و لە کـۆتایی هەمـووشـیـانـدا نازناوی خـۆی " سیاهـپۆش" ی هێناوە. زۆربەی ئەم شیـعرانە ، دەتوانرێ

chalakmuhamad@gmail.com

لە چیرۆکەکە جیاواز دابنرێن و وەک بەشێک لە دیوانی شیعرەکانی – ئەگەر هەبێ! بگیرێنە بەرچاو. سەرجەمی ئەم شیعرە سەربەخۆیانە، بریتین لە ١٥ غەزەل و (پێنج خشتەکی) کە دوازدەیان لە نوسخەی مەلا بەکر (کتێبخانەی بەریتانیا) دا هەن و سیانیان کەوتوونەتە بەر لاپەڕە فەوتاوەکانی کە ئەو سیانەش لە نوسخەی نوراللەدا بە دی دەکرێن. یەکەم لاپەڕەی نوسخەی مەلا بەکر، لە ناوەڕاستی یەکێ لەو سێ غەزەلەوە دەست پێدەکات. ئەم خشتەیەی خوارەوە شوێن و هەروەها ژمارەی فەردەکانی ئەو شیعرانە دەدا بەدەستەوە:

١– خوداوەندا! تو خەللایق قەدیمی!

٢– یا ڕەب! چ عەجەب ما، مە ل وی حوسن و جەمالی

٣– الف" الله لا اله الا هو" د مەعنائی

٤– ئەز نزانم ئەو چ سوورەت بوو، مە دی دەر جامەئی؟

٥– ئیرۆ، مە ژ دەست غونچە لەبان نالە ژ دل تێن

٦– عاشق ب پەریزادێ مە، بێ نام و نیشانە

٧– ئەی حەبیبێ قەلب و ڕوح و وەی قەراری جانێ ما

٨– بێ شەکیبم دل ژ دەستی ئیشتیاق

٩– ئاه ژ دەست نارێ فیراقێ، دل وەکی بریانم ئەز

١٠– سوهتم ب ناری عیشقی حوببی بەدیع الجمال

١١– ئەلا ئەی ساقی یی شیرین، وەرین جامی ژ مەیا ئالە

١٢– ئەی نووری دو دیدەیی مەیێ مەستانەیی مەخموور

١٣– ئەی غونچە لەب ! تالیبی دیداری تۆئەم ئەز!

١٤– ئیرۆژ مەیێ عیشقا بوتان الحمدلله

١٥– عاشق و [بێ] دڵ کرم، مەخموور و ئەبتەر کرم،

لێرەدا ، من دەقی غەزەلی ژمارە ٤ (ئەز نزانم ئەو...) دێنمەوە کە لە پەڕەی (7a و 7b)ی دەسنووسەکەی کتێبخانەی بەریتانیا دەبینرێ. هەوڵم داوە نارێکی و ناتەواوییەکانی بە یارمەتی نوسخەی نورالله ( ل ٤٥) ساغ کەمەوە. هەڵبژاردنی ئەم غەزەلەش لەبەر هۆیەکی تایبەت بووە:

ئێمە لە باسی (سیاهپۆش)دا تەنیا بە (محمد جواد) ناومان بردووە و سیاهپۆشیش دیارە نازناوێتی بەڵام ناوی تەواوی ئەو شاعیرە مەزنەمان چی بووە؟ هیچکام لەو سەرچاوانەی وا لێرەدا ناومان بردوون، باسیان لێوە نەکردووە. ڕەنگە تەنیا بە یارمەتی ئەم غەزەلە بێت کە بتوانین دەراوێک لە مەسەلەی ناوی شاعیر ڕوون کەینەوە.

ئەم غەزەلە، ١١ بەیت و نازناوی "سیەهپۆش" لە بەیتی نۆهەمیدا هاتووە. بەڵام شاعیر دوو بەیتی دیکەشی بە دوای فەردی نۆهەمدا هۆنیوەتەوە، کە ناوی (ایرانی) لە دوا بەیتیاندا ئەبینددرێ. (نورالله) کە بە درێژایی چیرۆکەکە، هەندێ وشەی زەقی کوردی و فارسی واتا کردوەتەوە و بە دەستەتێکی وردتر، مانای عەرەبی هەر کامێکیانی لەسەر خۆیان نووسیوە، لێرەشدا سەبارەت بە (ایرانی) دەنووسێ : ایرانی اسمه محمد ، لقبه سیهپوش.

بەگوێرەی دەربڕینی شاعیر لەم غەزەلە و هەروەها پەراوێزنووسینی نورالله، دەبێ ناوی شاعیری چیرۆکەکە بریتی بووبێت لە (محمد جواد ایرانی) بە نازناوی شاعیری (سیاهپۆش)ەوە. ئەوەش غەزەلەکە، بە هیوای ئەوەی لە دەرفەتێکی دیکەدا پاشماوەی ١٤ غەزەل و پێنج خشتەکییەکی تریش بتوانم بڵاوکەمەوە. لەوەش گرنگتر ، هیوادارم مامۆستای بەڕێز دکتۆر جەلیلی جەلیل دەرەتانی چاپ و بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکەی بۆ بڕەخسێ و خوێنەری کورد، چاوی بەو شاکارە گەورەیەی شاعیرێکی لەبیرکراوی وەکوو سیاهپۆش ڕوون بێتەوە. من خۆم تا ڕوونبوونەوەی تەکلیفی مامۆستا جەلیلی جەلیل هیچ هەنگاوێک بۆ چاپی دەقەکە هەڵناهێنمەوە و لام وایە پاڵەوانی ئەم مەیدانە، ئەوە نەک من.

ئەز نزانم ئەو چ سوورەت بوو، مە دی دەر جامەیێ ؟
شوبهی شەمعێ سۆهت جەرگێ من وەکی پەروانەیێ
وای وەیلا! سۆهتو قەلبو، ئەز کرم مەست و جنوون
لەو، مەقسەدە سەجدە بەم بەر ساقی یی مەیخانەیێ

chalakmuhamad@gmail.com

من قەبوولەن خەمر و ساقی، دەیر و زوننار و سەنەم
مە، نقێن سەججاد و ئەورادی دگەڵ سەد دانەیێ
ئەی حەبیبا! گەر جەهەننەم داڤ بت، تو دانەیی
ب قەسەم دی بچمە ناڤدا، ئەز ب قەسدا دانەیێ

لی نزانم تو ژ کی، ئەی لەیلی یی ئەنبای طەی!
شوبهێ مەجنوونێ زەمانێ ڕوو بکەم ویرانەیێ
ئەز چ چارکم، کی ژ دەردێ من خەبەردا، ئەی هەوار
دێ ژکێ پرسم نزانم مەنزلێ جانانەیێ
شەمع جانان دوور دەستە، مەنزلا من زولمەتە
ئەز ژکی گازندە کم بێنێ شەمالا خانەیێ؟
خۆزیا ڕۆژا ویسالیدا ب خوە زولفێ حەبیب
کوب موژگان تا ب تاکم ئەز میسالا شانەیێ
مەحبەتێ کوشتم سیەهپۆش! شوبهەتێ سیف الملوک،
لەو ل سەر من فەرزی عەینە سەجدە یا بوتخانەیێ
عاشقێ سادق ئەڤە، تێ کود ڕێیا دلبەرێ
گەر ئەوی بێن بگۆڕکن، نەشکنی پەیمانەیێ
کارێ شەمعێ هەر شەواتە موحبەتا سوهتێندییە
لەو دسووژێتن ئیرانی شوبهەتێ پەروانەیێ (FF. 7a-b)

**پەراوێزەکان :**

١ – خیر الدین الزرکلی، الاعلام، المجلد السادس، بیروت، ١٩٨٠ (مکتبە الحکیم ١٠٨-١١١).

٢- بابا مردوخ روحانی ، تاریخ مشاهیر کرد، ج ١، چ ١ ، انتشارات سروش، تهران. ١٣٦٤[ ١٩٨٥ز] ل ٣١٨

٣ –تۆما بوا، ژیانی کوردەواری، ئاواز زەنگەنە لە فەرەنسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر عەرەبی و حەمە سەعید حەمە کەریم کردوویەتیە کوردی، زانکۆی سلێمانی، ١٩٨٠، ل ٢٥٧

٤- دائرە المعارف فارسی، بە سەرپرستی غلامعین مصاحب، ج ١ و ٢، شرکت سهامی افست، انتشارات فرانکلین، ١٣٤٥، تهران؟، هـ.

٥ – دکتر محمد معین، فرهنگ معین، انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٦٤، اعلام، ٦

٦ – زمانی ئێرانییەکانی سەردەمی هەخامەنشی.

٧ – قصەهای برگزیدە از هزار و یکشب، تلخیص دکتر شمس الملوک مصاحب ، بنگاە ترجمە و نشرکتاب، تهران، ١٣٣٧، مقدمە

8- MS. or. 8208, The British Library, India and oriental office collection, London.

9- Kurdish poetry, Language (s): Kurdish, or. 8208, collection: oc, Location: 40.A.1, (Masnawi poems in kurdish), contents: sereral poems: titles and uthors not identified, subject (s) kurdish poetry, 1276 (1859 or 1860), 62FF, 25.18cm, some text lacking owing to damage: Folios now any word.

١٠- بڕوانە: (محمد) بانگەوازێک، مانگانەی مەڵبەند، لەندەن، ژمارە ٢٢، دیسەمبەری ١٩٩١ ، – ئەنوەری سوڵتانی ، چوار دەستنووسی کوردی لە کتێبخانەی بەریتانیا، گۆڤاری پەیڤ ، ژمارە ١٥، لەندەن، ١٩٩٢.

11- Reso Zilan, Helbesvane kurd siyahpuse nemir u destnivisarek, Berbang, 9, Stockholm, 1991, pp. 75-95.

کاک ڕەشۆ ، لە باسی گوندی (هێرشین)دا دەنووسێ کە بۆی ڕوون نەبۆتەوە لە کام بەشی کوردستانی بندەستی تورکیایە و وا هەیە ناوەکەی ئێستا لەلایەن تورکانەوە گۆڕابێت بەڵام من بە دووری نازانم هی بەشەکانی دیکەی کوردستان بێت، بۆ نموونە بەشی ژێردەستی ئێران.

١٢ – جگە لە پاش و پێش بوونی لاپەڕەکانی ٤٤ و ٥٣ و هەروەها چوار فەردە شیعری لاپەڕە ١٩٤ کە میسراعی یەکەمیان ناتەواوە و من بە یارمەتی نوسخەکەی بەردەستی خۆم ساغم کردۆتەوە.

13- Catalogue of the Persian, Turkish Hindustani and Pashtu in the British Museum, by Herman Ethe.

لەژێر ناوی (سیف الملوک)دا.

١٤ – فهرس المطبوعات الترکیة العثمانیة.... ١٨٧٠، ١٩٦٩ القسم الثاني: الهیئة المصریة العامة للکتاب، ١٩٨٢: ٣١٣٦ حکایة سیف الملوک و پادشاة مصر و عاصم بن صفوان، لم یعلم مؤلفه، طبع حجر، ١٢٨٣ھ، ٨٠ص ، مصور (الفیا: طبع حجر، ١٣٠٥ھ، ٧٨ ص)

لەندەن
بەهاری ١٩٩٥

chalakmuhamad@gmail.com

## برازا ئەزیزەکەم


ڕووم کردە بەزمی خاصی برازا ئەزیزەکەم
ئەمشەو، بە صەد تەوازوع و ئیخلاص و سەرکزی
ڕوانیم لە درزی قاپییەوە، خۆی و تابیعان
دانیشتبوون، دووڕیزە، لە دەوری خلەی کەزی.
دەتوت تەمێ کرابوو بە مەخصووصی قاپیەوان
خۆی کرد بە نێرە تورک و وتی (کیم بیلیر سزی؟)
پێم وت، منم، فلانە کەسم، مامە شێخ ڕەزام
تانمزمیسن، خومەییس ئەفەندی، مەگەر بزی؟
ئەم سەددی بابە بۆ منە، ئیزهاری کە تا بڕۆم
یان، مەرحەمەت کە، حیزە، لە سەرما گونم تەزی.
ئەمجا بە کوردی هاتە تەکەللوم، وتی بەڵێ
لەو شێخە حیلەبازەکان و قومارباز و کەردزی
وەختێ کە لەم موعامەلە زانیم غەرەز چییە
دەرحاڵ گەڕامە پاشەوە، ئەمما بە عاجزی.

### دیوانی

# شێخ ڕەزای تاڵەبانی

chalakmuhamad@gmail.com

## شیعرێک لە زیندانەوە



# دەستنووسی شیعرێکی ئینجە ئاغای گلاڵی

chalakmuhamad@gmail.com

ئەم دەستنووسەی لێرەدا وێنەکەی بڵاودەکەینەوە پارچە شیعرێکی ئینجە ئاغای گلاڵییە کە نزیکەی سەدودە ساڵ لەمەوبەر دانراوە و بێگومان بەشێکە لە کەلەپووری شیعری کلاسیکیمان. شیعرەکە لە ڕووی زمانەوە بە زاراوای کوردیی هەورامی نووسراوە کە ئەو دەمە شێوەی زمانی ئەدەبی بووە لای بەشێکی زۆری نووسەر و شاعیرانی کورد. فۆرمی شیعرەکەش دیسان هەر فۆرمێکی باوی ئەو سەردەمەیە کە ئێستا بە دە بڕگەیی ناو دەبرێت.

**ئینجە ئاغای گلاڵی کێ بووە؟**

ئینجە گلاڵی ناوی حەمەعەلی ئەحمەد بارام شێرەی گلاڵییە و سەرۆکی تیرەی گلاڵی بووە، کە تیرەیەکی گەورە و ناوداری جافن. لە سەردەمی ئەودا ئەم عەشیرەتە کۆچەر بوون، ئاژەڵدارییان کردووە و بە دوای لەوەڕخۆڕیدا گەرمیان و کوێستانیان کردووە. لە کۆتاییی بەهاردا گەرمیانیان بە جێ هێشتووە و ڕوویان کردۆتە شارەزور و لەوەرگای ئێلاخەکانی پێنجوێن و مەریوان و سەقز و لە سەرەتای زستانیشدا گەڕاونەتەوە بۆ گەرمیان و تا نزیکی جەلەولا و قەرەتەپە ڕۆیشتوون، بەڵام زۆربەی کاتیان لە پووش و پەرێزی دەشت و هەردەی (شاکەل)دا بردۆتە سەر، ئەوەش لەبەر دوو هۆی گرنگ بووە؛ یەکەمیان لەبەر ئەوەی سەرۆک و ئاغا و سەرخێڵەکانی ئەم عەشیرەتە دڵسۆز و دۆستی ڕۆحیی شێخ سەعیدی شاکەلی بوون، تا ئەو ڕادەیەی کە سوێندیان بە سەری شێخ و تەنانەت بەو دەوەنانەش خواردووە کە لە نزیکی بارەگای شێخەوە سەوز دەبوون. هۆی دووەمیش ئەوە بووە کە دەشتی شاکەل لەوەڕێکی باشی هەبووە. گەورەکانی گلاڵی ئەوەندە گیرۆدەی شاکەل و شێخ سەعیدی شاکەلی بوون کە کەسێکیان لێ بمردایە لە گۆڕستانەکەی شاکەل دەیانناشت. زۆر جار بەدەم لاواندنەوەی خۆشەویستانی کۆچکردوویانەوە ئەم دێڕەیان دەخوێندەوە:

هەر خۆم بە قوربان چەفتە و کڵاوت
هەر شاکەل خۆشە پەی ئاسکەڕاوت

ئەو سەردەمە شاکەل بە ئاسک ناودار بووە و جێگەڕاوی سوارچاک و سەرخێلان بووە. شاعیری گەورەی کورد سەیید عەبدوڕڕەحیمی تاوگۆزیی مەولەوی (١٨٠٦-١٨٨٢) لە شیعرێکدا کە بۆ لاواندنەوەی سەرکردەیەکی جافی نووسیوە ئاوا باسی دەشتی شاکەل دەکات:

وادەی خاو نییەن، وادەی شکارەن
دەشتەکەی پای هەرد شاکەل دیارەن

(دیوانی مەولەوی، ل- ٣٧٣)

مێژووی لە دایکبوونی ئینجە ئاغای گلاڵی نازانرێ، بەڵام ئەوە دەزانرێت کە ساڵی ١٣٠٨ی کۆچی (١٨٩٠/١٨٩١ی زایین) کۆچی دواییی کردووە.

یەک دوو ساڵێک پێش کۆچکردنی ئینجە ئاغا، سەرۆکەکانی عەشیرەتی گلاڵی بە نیازی زیارەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەچنە بەغدا. عەباس ئاغای گلاڵی ئەسپێکی زۆر جوان و چاکی دەبێت. والیی ئەو سەردەمەی بەغدا ئەسپەکە دەبینێت و زۆری حەز لێ دەکات. بۆ ئەو مەبەستە دەنێرێتە لای عەباس ئاغا، بە هەر نرخێک بێت ئەسپەکەی لێ بستێنێ، بەڵام عەباس ئاغا ئەسپ نافرۆشێت. والی بەمە تووڕە دەبێت و داروودەستەی خۆی دەنێرێ و بە زۆر ئەسپەکە داگیر دەکەن و دەیبەن بۆ والی. سەرۆک و ئاغاکانی گلاڵی بەغدا بە جێ دەهێڵن و دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، بەڵام هەندێ لە پیاوە ئازاکانی خۆیان لە بەغدا بە جێ دەهێڵن بۆ ئەوەی کارێک بکەن ئەسپەکە ببەنەوە. پاش چەند ڕۆژێک ئەمانە ئەسپەکە دەدزنەوە و دەیهێننەوە بۆ کوردستان. والیی بەغدا بەم کارە بە تەواوی تووڕە و کەللەیی دەبێت، فەرمان دەداتە قایمقامی کفری کە بە زووترین کات ئینجە ئاغای گلاڵی بگرێت. قایمقامیش

chalakmuhamad@gmail.com

فەرمان جێبەجێ دەکات و ئینجە ئاغا دەخرێتە بەندیخانەوە و ماوەیەک تێدا دەمێنێتەوە. دواتر بڕیار دەدرێت کە بگوێزرێتەوە بۆ بەغدا. هەڵبەتە ئاغا دەیزانی ئەگەر بگاتە بەغدا سەری تێدا دەچێ و ڕزگاری نابێت. زۆر لەبەر ئەمە دڵتەنگ دەبێت. ئەو شەوەی کە بۆ بەیانییەکەی دەبێ بگوێزرێتەوە بۆ بەندیخانەی بەغدا ئەم پارچە شیعرە بۆ ستایش و پاڕانەوە لە ئیمام عەلیی کوڕی ئەبوو تالیب (سەلاوی خوای لێ بێت) دەهۆنێتەوە و داوای ڕزگاربوون دەکات لەو بارە ناخۆشەی تێی کەوتووە. دوای تەواوکردنی شیعرەکە دەرگای بەندیخانەکەی بۆ دەکرێتەوە و بەبەرچاوی پاسەوان و نۆبەتچییەکانەوە هەڵدێت. دوای یەک دوو ڕۆژ، بە هەرد و بەردا خۆی دەگەیەنێتە ماڵی شێخ سەعیدی شاکەل. شێخ زۆر ڕێزی دەگرێت و خزمەتی دەکات و پۆشتەی دەکاتەوە. خێڵی گلاڵی لەو کاتەدا لە شاکەلەوە دوور دەبن. شێخ سەعید بۆ ڕەوانەکردنەوەی ئینجە ئاغا، شێخ مەحموودی کوڕی و چەند سوارێکی لەگەڵدا دەنێرێ تا دەیگەیێننەوە ناو عەشیرەتەکەی خۆی. دواتر ئینجە ئاغا ئەو شیعرەی کە بۆ ئیمامی عەلیی نووسیوە، بە دەستخەتی خۆی دەنووسێتەوە و بە دیاری دەینێرێ بۆ شێخ سەعیدی شاکەل. لە گۆشەیەکی دەستنووسەکەدا مێژووی نووسینەکەی دیارە کە ٢٢ی شەعبانی ١٣٠٧ی کۆچییە (دەکاتە ڕۆژی یەکشەممە، ١٣-٤-١٨٩٠). ئەسڵی دەستنوسەکە ئێستا لای بەڕێز جەنابی شێخ محەمەدی شێخ سلێمانی شاکەلی پارێزراوە.

وێنەی دەستنووسەکە و ئەو زانیارییانەی لەبارەی ژیانی ئینجە ئاغاوە بە هۆی کاک صەلاح شاکەلییەوە گەیشتە ئەم گۆڤارە، سوپاسی دەکەین. لە نووسینەوەی شیعرەکەدا تا ڕادەیەک ڕێنووسی تازەی کوردیمان بە کار هێناوە، بەڵام لەو وشە و دەربڕینانەدا کە لە ئەدەبیاتی دینی و کلاسیکیدا، ئەگەرچی عەرەبین، ناسراون، وشەکانمان هەر بە ڕێنووسی عەرەبی نووسییەوە.

## لراقمه

شای دوڵدوڵ سوار
هانا سەد هانا شای دوڵدوڵ سوار
خانەزای حەرەم، کوشندەی کوففار
غەزاکونەندەی دێوانی مردار
فیدات بام یا شای صاحیب ذولفەقار
کەنەندەی خەیبەر بە حوکمی جەببار
دەرگای شار عیلم، بن عم الرسول
زەوج نەبیرە، فاطیمەی بەتوول
شاسوار دین، ئەسەد الله حەق
دوو شەق کەردەی عەمر نە یوم الخندق
یونادی نیدای نادا عەلییا
ئەفکیک سیجنیە، یا مەن وەلییا
یا ابوالحسین، یا ابو تراب
ادرک ذلتی، اطلعنی من باب
کەراماتی تۆ ظاهیرە و جەلی
هلک عمر لولاک علی
نەجات بەندە جەلات ئاسانەن
وەسەر گەردت بام خەیلێ ئیحسانەن
مەحبووس و غەریب، زار و زگارم
چەمەڕای هیممەت دوڵدوڵ سوارم
بنمان کەرامات شای مەردان دەخیل
چینە زیاتر مازم وە زەلیل
نەجاتم بدەر، فەکک سجنم کەر
دەسم دامانت یا ساقی کەوسەر
مەرتەبەت ئەعلا، پایەت بڵندەن
وەصفت خوداوەند نە قورئان وەندەن

chalakmuhamad@gmail.com

تا سێصەد ئایەت وەصف زات تۆن
عالەم ئینتیزار شەفاعەت تۆن
جە پول صیراط نە یوم المحشر
بە نەصص حەدیث، سەیید سەروەر
کەس بێ تەزکیرەی حوبت و ئیخلاس
جە پول صیراط نمەبۆ خەلاس
سوورەی (هل اتی) ناطیقون بیهی
یطعم الطعام علی حبە
چێش واچۆن سەنای شای مەردان عەلی
قد ردد الشمس حتی یصلی
لافەتای ڕۆی ڕەزم (بەدر) و (حونەین)ی
والید حەسەن، باب حوسەینی
بە قەول ڕەسوول، بە حوکم باری
تەقسیم کونەندەی جەننەت و ناری
ولی الله شان، شێر خودانی
موشکیل گوشادکەر شا تا گەدانی
زبان لاڵ مەبۆ جە مەدح و سەنات
یا اخ الرسول، علیک الصلاة
با حوببی ڕەسوول بدەر نەجاتم
عاصی و شەرمسار، عەبد دەرگاتم
فیدات بام یا شا سا نەجاتم دەر
قاپیی ئیچقەلا نەویەن وە خەیبەر
ئینجە سەناخوان وەصف نامتەن
چەمەڕای نەجات لوطف عامتەن.

[تم] فی ید صاحبه

٢٢ شعبان ٣٠٧

## دڵسۆز حەمە

# ناو

من حەز دەکەم باست بکەم، ناوت بێنم
بۆ ڕەشەبا
بۆ تووڵەڕێی پڕ سکوونی قەد پاڵی شاخ،
بۆ یەکەم تیشکی کازێوە
کە لاپەڕەی سەر ڕۆژمێری دوێنێ شەو ئاگر دەدا
لە ئەمڕۆدا،
بۆ هاوڕێکەم
بۆ دایکم و بۆ خوڕەی چەم
کە مەلوولیی شەو ئەبەستێ لە چاوەڕوانی و ترسدا
بۆ سکوونی پاش نیوەی شەو
بۆ ئەستێرانی بە ورشە کە لە بێدەنگیدا دەدوێن ...
حەز دەکەم ناوت بهێنم.
ئای لە ئەفسوونی ئەو ناوە!!
من دڵنیام بەختەوەرترین ئافرەتم
کە پیاوێکی وەکوو تۆ خۆشی دەوێم و
بەوەش زیاتر بەختەوەرم
کە ڕێت داوم خۆشم بوێی.

chalakmuhamad@gmail.com

# هونەرمەندی نیگارکێش تریفە ئەنوەر



◇ ساڵی ١٩٧٠ لە سلێمانی، باشووری کوردستان، لە دایک بووە.

◇ ١٩٩٣ زانکۆی هونەرە جوانەکانی تەواوکردووە و بۆتە مامۆستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە سلێمانی.

◇ ١٩٩١ پێشانگای یەکەم و ١٩٩٢ پێشانگای دووەمی خۆی لە هۆڵی زانکۆ کردۆتەوە.

◇ لەم پێشانگایانەدا بەشداریی کردووە: ١٩٨٩-١٩٩٠: پێشانگای زانکۆ لە بابیل؛ ١٩٩١: پێشانگای کوردەکانی ئیتالیا؛ ١٩٩٣: پێشانگای هونەرمەندان لە تونس، پێشانگای (مرکز الفنون) لە بەغدا و پێشانگای پێشبڕکێی نێوان حیللە و بەغدا؛ ١٩٩٤: پێشانگای هاوبەش لەگەڵ هونەرمەندان چۆمان هەردی و زوهرە موفتیزادە لە لەندەن؛ ١٩٩٥: پێشانگای هونەرمەندانی کورد لە لەندەن.



chalakmuhamad@gmail.com



chalakmuhamad@gmail.com

Association of Kurdistan
Academicians A. K. A.
Arbil - Kurdistan

کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان
دەستەی ئامادەکار
هەولێر ـ کوردستان

پەیامی کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان بە بۆنەی دامەزراندنیەوە

بەوپەڕی خۆشییەوە ئاگاداری گەلی کوردستان ئەکەین کە پاش هەوڵ و کۆشش و وتوویژێکی زۆر و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا بە شێوەیەکی فراوان لە نێوان پسپۆرە دڵسۆزەکانمان توانیمان کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان دابمەزرێنین، کە کۆمەڵەیەکی زانستی و رووناکبیریی سەربەخۆیەوە و دوورە لە حیزبایەتی و هەوڵ ئەدات بۆ بەهێزکردنی پێوەندی لە نێوان پسپۆران و خاوەن بڕوانامەی باڵا لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان. و بەرگری لە مافەکانیان ئەکات و ئامانجی خزمەتکردنی کوردستانە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا بەتایبەتی بەرزکردنەوەی ڕادەی زانست و ڕووناکبیریی و پێشخستنی کوردستان لە ڕووی شارستانییەوە. بۆیە کۆمەڵەکەمان شادمانە بە بوونە ئەندامی ئەوانەی کە لێهاتوو و نیشتمانپەروەرن و خاوەن بڕوانامەی باڵان. و هەروەها باوەشی کۆمەڵەکەمان کراوەیە بۆ ئەو کەسانەی بەهۆی لێهاتوویی و زیرەکیی خۆیانەوە توانیویانە لە یەکێ لە بوارەکاندا ببن بە پسپۆڕ، و لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە ئامانجەکانی کۆمەڵەکەمان بۆ هەمووان ڕوون بکەینەوە کە بریتین لە:

* بەرگریکردن لە بەرژەوەندی هەموو مافەکانی ئەندامانی کۆمەڵە.

* پتەوکردنی پێوەندی پیشەیی و زانستی لە نێوان ئەندامان و ڕێکخراو و دەزگا ئەکادیمیاکانی ناو کوردستان و دەرەوەی بە بەشداربوون لە چالاکییەکانیاندا.

* بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە لە بواری زانست و ڕووناکبیریدا.

* هەوڵدان بۆ دەرکردنی گۆڤاری زانستی و ڕووناکبیری و بڵاوکردنەوەی تۆژینەوە ئەکادیمییەکان.

* پێشکەشکردنی بیروڕای زانستیانەی جۆراوجۆر کە ئەبنە هۆی پێشخستنی زانست و شارستانی لە کوردستان و هەوڵدان بۆ چاودێریکردنی ڕادەی زانست لە دەزگا زانستییەکانماندا.

* کردنەوەی کۆرسی تایبەتی لە بوارە زانستییە پێویستەکاندا.

* هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کتێبخانە و پەرەپێدانی.

* سازکردنی لابۆر و کێڵگەی تایبەتی بۆ ئەنجامدانی پڕۆژە زانستییەکان.

* دامەزراندنی دەزگایەکی ڕاگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی بەرنامە زانستی و ڕووناکبیرییەکانی کۆمەڵە.

* هەوڵدان بۆ پێوەندی پەیداکردن لەگەڵ زانکۆ و دەزگا زانستییە جیهانییەکان بۆ دابینکردنی کورسی خوێندن بۆ ئەندامانی کۆمەڵە وەک (زمالە، بعثە، تفرغ علمی).

* هەوڵدان بۆ چاککردنی باری ژیان و گوزەرانی ئەو کەسانەی کە خاوەن بڕوانامەی باڵان و هاوتاکردنیان لەگەڵ خاوەنبڕوانامەکانی زانکۆکانی جیهان و دوای خانەنشینکردنیان مووچەی تەواویان بدرێتێ.

* هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی گوزەرنامەی دیپلۆماسی بۆ ئەو ئەندامانەی پلەی فەرمانبەرایەتییان ئەگاتە پلەی یەکەم.

لە کۆتاییدا هیواداریین کە هەموو لایەکی دڵسۆز بەپێی توانا پشتگیریمان بکەن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانمان و خزمەتکردن و پێشخستنی کوردستانی خۆشەویستمان لەڕووی زانست و ڕووناکبیری و شارستانییەوە.

ئیتر هەر بژین و هەمیشە سەرکەوتووبن.

کۆمەڵەی ئەکادیمیای کوردستان

دەستەی ئامادەکار

١٩٩٥/٩/١

ISSN 1102-2000
chalakmuhamad@gmail.com

# Mamostay Kurd



27
Autumn 1995